٧٨- سوورەتی (نەبەء)ـە.

مەککەییەو (٤٠) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە زیاتر بەدەوری دووپاتکردنەوەو چەسپاندنی زیندوبوونەوەدا دەسوورێ، چونکە هاوەڵ دانەران و هاوبەش پەیداکەران ئینکاریی و ململانێی زۆریان لەسەر دەکرد، بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەواڵی ڕووداوی ڕۆژی قیامەت و زیندووبوونەوەو پاداشت و تۆڵە ڕا دەگەیەنێت: ﴿عم يتساءلون، عن النبأ العظيم..﴾، ئینجا بەڵگەیەکی زۆری هەمە جۆر دێنێتەوە لەسەر دەسەڵات و توانایی پەروەردگاری جیهانەکان و پێت دەڵێت: ئەو خاوەن دەسەڵات و توانایە کە ئەو هەموو شتە سەر سوڕ هێنەرانەی بەدیهێناوە، هەر ئەوەیش دەتوانێ - زۆر بە ئاسانتر- بۆ جارێکی تر ئادەمیی زیندوو بکاتەوە: ﴿ألم نجعل الأرض مهادا.. وجعلنا نومكم سباتا﴾، پاشان کاتی هاتنی ڕۆژی دوایی بە چەند نیشانەو بەڵگەیەک دەست نیشان دەکات، کەیی و چۆن دەست پێ دەکات؟: ﴿إن يوم الفصل كان ميقاتا.. يوم ينفخ في الصور فتأتون أفواجا..﴾.

کورتە باسێکی دۆزەخ دێنێت بەو هەموو ئازارو سزایەوە کە بۆ دۆزەخییەکان ئامادەکراوە: ﴿إن جهنم كانت مرصادا، للطاغين مآبا﴾، بۆ دواتر دەچێتە سەر باسی کرێ و پاداشی خواناسان و پارێزگاران و ئەو هەموو نازو نیعمەت و بەهرەیانە، کە بۆیان ئامادە کراوە: ﴿إن للمتقين مفازا، حدائق وأعنابا، وكأسا دهاقا..﴾ کۆتاییشی بە باسکردنی حاڵەت و باری سەختیی و گرانیی و قورسیی ڕۆژی دوایی و چارەنووسی بێ بڕوایان دێ: ﴿إنا أنذرناكم عذابا قريبا.. ويقول الكافر يا ليتني كنت ترابا﴾ هەر ئەوکاتەی کە پەیامبەر ﷺ بانگی قەوم و گەلەکەی خۆی دەکرد بۆ بڕواهێنان بە زیندووبوونەوە، ئەو خوا نەناسانە لە ناو خۆیاندا لە موسڵمانانیان دەپرسی: تۆ بڵێیت هاتنی ڕۆژی قیامەت ڕاست بێت؟ جا ئەگەر هەبێ ئەی کەی دەبێ؟ ئەوسا ئەم سوورەتەی (نەبەء)ـە هاتە خوارەوە.

بەڵگە گەلێ بۆ زیندووبوونەوەی پاش مردن:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ ١﴾ ئەو خەڵکە دەربارەی چی لە یەکتر دەپرسن؟ ﴿عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ ٢﴾ دەربارەی هەواڵە زۆر گەورەو گرنگەکە دەپرسن؟ کە ئەوان هەمیشە نکوڵیی و، ململانێی دەکەن، هەرگیز پێیان وانیە کە ئەو

ڕووداوە ڕوو دەداو دەبێ! بۆیە ئەوەندە بە گاڵتەوە لە ناو یەکتردا باسی دەکەن! ﴿[٣] ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ﴾ ئەوەی ئەوان لەسەری مشت و مڕیانە هەندێ ئینکاری دەکا، هەندێکیشی گومانی تیا هەیە! ﴿[٤] كَلَّا سَيَعْلَمُونَ﴾ نەخێر، با کۆتایی بێنن بەو مشت و مڕەیان، چونکە لە ئاییندەیەکی نزیکدا چاک دەزانن کە چۆن دەبێ، بە تایبەت کاتێ بە چاوی سەر بینیان ﴿[٥] ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ﴾ هەمیسان بۆ جارێکی تر پرسی پێناوێ، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەزانن، چ سزاو بەڵایەکیان دووچار دەبێ. ئینجا بۆ چەسپاندنی هاتنی ئەو ڕۆژەیە «نۆ» بەڵگە دێنێتەوە بۆیان، تا باش بزانن کە خوایەک ئەوەندە دەسەڵاتدار بێ و ئەو هەموو شتانە بکات، هەر ئەو خواش زۆر بە ئاسانتر، هەمیسان زیندوویان دەکاتەوە، بەڵگەکان: (**یەکەم**): ﴿[٦] أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَـٰدًا﴾ ئەرێ ئێمە ئەم زەویەمان نەکردۆتە لانک و بێشکەو جێی ئارامگرتن بۆتان، تا بە ئاسوودەیی بێن و بڕۆن و ژیانی تێدا بەرنە سەر؟. (**دووەم**): ﴿[٧] وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا﴾ ئەی چیاو کێوەکانیشمان وەک مێخ بۆ دانەکوتیون و زەویمان پێ نەبەستۆتەوە، تا هەڵتان نەدێرێ و نەتانفەوتێنێ؟ (**سێیەم**): ﴿[٨] وَخَلَقْنَـٰكُمْ أَزْوَٰجًا﴾ ئایا بە جووت (نێرو مێ) دروستمان نەکردوون؟ بۆ ئەوەی درێژە بە ژیان بدرێ بە سەرپشتی ئەم ئەستێرەی زەوییەوە، وەک دەفەرموێ: ﴿ومن آياته ان خلق لكم من أنفسكم أزواجاً لتسكنوا إليها وجعل بينكم مودة ورحمة﴾ ٢١/٣٠. (**چوارەم**): ﴿[٩] وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا﴾ وە خەوو نووستنمان بۆ نەکردوون بە هۆی سرەوتن و حەسانەوەتان، لە ماندوویی و ئێش و ئازاری ژیانتان؟. (**پێنجەم**): ﴿[١٠] وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا﴾ ئایا شەوگارمان نەکردووە بە کاڵاو پۆشاک بۆتان؟ هەر وەکو کاڵا مەردوم دادەپۆشێ و، لە سەرماو گەرما دەیپارێزێت، هەر ئاوایش شەوگار مرۆڤ دەشارێتەوەو دەیپارێزێ لە پەلاماری دوژمن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿والليل إذا يغشاها..﴾ ٤/٩١. (**شەشەم**): ﴿[١١] وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا﴾ ئایا ڕۆژیشمان بۆ نەکردونەتە هۆی بەدەسهێنانی بژێوی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی؟ (**حەوتەم**): ﴿[١٢] وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا﴾ ئایا حەوت چین (ئاسمانی) بەهێزو بتەوو قاییممان بەڕاسەرتانەوە دروست نەکردووە؟ کە مەگەر تەنها ئەو خوا گەورەیە خۆی بزانێ ئەو حەوت ئاسمانە چی بن؟ حەوت کەشکەشانە - کە کۆمەڵە ئەستێرەیەکن- هەر کۆمەڵەیان سەد ملیۆن ئەستێرەیە، یان ئەوانە نیەو، چەندیین ئەستێرەی ترن..؟ وەڵامی ئەمانە -ئەمڕۆ- هەمووی دەدەینە دەستی خوای کار ڕەوان و کارزان. (**هەشتەم**): ﴿[١٣] وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا﴾ ئایا چرایەکی درەخشانمان - وەک خۆر- بۆ فەراهەم نەهێناون، کە زەویتان ڕووناک بکاتەوەو ڕێگەی خۆتانی پێ دەربکەن و، تیشکەکەیشی میوەو گەنم و دانەوێڵەکانتان پێ بگەیەنێت؟. (**نۆیەم**): ﴿[١٤] وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلْمُعْصِرَٰتِ مَآءً ثَجَّاجًا﴾ ئەی ئایا لە هەورە گوشراوەکاندا بارانی بە لێزمەمان نەباراندووە؟ وەک دەفەرمووێ: ﴿والله الذي أرسل الرياح فتثير سحاباً فسقناه إلى بلد ميت..﴾ ٩/٣٥. ﴿[١٥] لِّنُخْرِجَ بِهِۦ حَبًّا وَنَبَاتًا﴾ تا دەربێنین بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها دانەوێڵەو گژوگیاو ڕووەک ﴿[١٦] وَجَنَّـٰتٍ أَلْفَافًا﴾ و چەندین باخ و باخاتی چڕو پڕو تێک ئاڵاو کە بەهۆی ئاوەوە دێنە بەرو گەڵاو لق و پۆپ دەر دەکەن، بەدی بێنین، ئایا خوایەک ئەوەندە میهرەبان بێت لەگەڵ ئادەمیدا شاییستەی ئەوە نییە کە بڕوای پێ بێنن؟ ئەی ئایا لە ئاییندەدا توانای

نییە مرۆڤ زیندوو بکاتەوە بۆ پاداشت و تۆڵە؟ وەک ئەفەرمووێ: ﴿وفي الأرض قطع متجاورات وجنات من أعناب وزرع ونخيل صنوان وغير صنوان يسقى بماء واحد..﴾٤/١٣.

ڕۆژی هەڵاواردن بەڕێوەیە:

ئیتر باسی ئەو هەواڵە سامناکە دەکات کە دەفەرمووێ: ﴿[١٧] إِنَّ يَوۡمَ ٱلۡفَصۡلِ كَانَ مِيقَـٰتًا﴾ بەڕاستی ڕۆژی جیاکردنەوەو موحاکەمەی نێوان مەردوم کاتێکی دیاریی کراوە لای خوا، هەرگیز پاش و پێش ناکات، وەک دەفەرمووێ: ﴿وما نؤخره إلا لأجل معدود﴾ ١٠٤/١١. ﴿[١٨] يَوۡمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ﴾ ئەو ڕۆژەی کە فوو دەکرێ بە شەیپووردا ﴿فَتَأۡتُونَ أَفۡوَاجًا﴾ ئەوجا ئێوە پۆل پۆل و دەستە دەستە بەرەو مەیدانی لێپرسینەوە دێن، واتە: لە گۆڕەکان هەڵدەستن بۆ حیساب و لێکۆڵینەوە. جا ئەو شەیپوورە چۆنەو چۆن دەبێ، ئێمە هیچی لێ نازانین، خوای گەورەیش هەر ئەوەندەی فەرمووە، خۆ ئەگەر پێویست بوایە، ئەوا شیدەکردەوە، وەک لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿يوم ندعوا كل أناس بإمامهم..﴾ ٧١/١٧. (ئەبو هورەیرە) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەندازەی ماوەی نێوان هەردوو نەفخەکە چلە، وتیان چل ڕۆژە؟ فەرمووی: نایڵێم. وتیان: چل مانگ؟ فەرمووی: نایڵێم. وتیان: چل ساڵ؟ فەرمووی: نایڵێم. جا فەرمووی: لە پاشان خوا ئاوێ لە ئاسمانەوە دەنێرێ، هەر وەکو گژوگیاو ڕووەک سەوز ئەبێتەوە، هەر ئاوایش مرۆڤەکان هەموو زیندوو دەبنەوە، وە تەواوی ئەندامەکانی ئادەمیی دەڕزێن و یەک ئێسکی نەبێ کە پێی دەڵێن: (عَجْبُ الذَّنَبْ) وە هەر لەویشەوە مرۆڤەکان دروست دەکرێنەوە. (صحيح البخاري، كتاب تفسير القرآن، سورة البقرة، باب يوم ينفخ في الصور فتأتون أفواجا: زمرا، حديث: ٤٦٥٣، صحيح مسلم، كتاب الفتن وأشراط الساعة، باب ما بين النفختين، حديث: ٥٣٦٤). ﴿[١٩] وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتۡ أَبۡوَٰبًا﴾ لە سەختی ئەو ڕۆژەدا ئاسمان دەکرێتەوەو لەت لەت دەبێ و دەبێتە دەرگای هاتووچۆی فریشتەکان، پاش ئەوەی کە زۆر توندو قاییم بەسترابوو بە یەکەوە ﴿[٢٠] وَسُيِّرَتِ ٱلۡجِبَالُ فَكَانَتۡ سَرَابًا﴾ کێوەکانیش هەڵدەکەنرێن و دەخرێنە ڕۆیشتن بە ئاسماندا و دەبنە «سەراب- تراویلکە» لە دوورەوە ورشە ورشی دێ و بە ئاو دەزانرێت، کەچی لە نزیکەوە ئاو نیە، واتە: چیاکان دەبنە تۆزو گەردو دەچن بە هەوادا، وەک لە سوورەتی تردا دەفەرمووێ: ﴿وتكون الجبال كالعهن المنفوش﴾ ٥/١٠١. ﴿[٢١] إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتۡ مِرۡصَادًا﴾ بەڕاستی دۆزەخیش دەمێکە چاوەڕوانی بێ بڕوایان دەکات ﴿[٢٢] لِّلطَّـٰغِينَ مَـَٔابًا﴾ بۆ یاخیبووان جێگاو مەنزڵگەیە ﴿[٢٣] لَّـٰبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابًا﴾ هەزارەها ساڵی بێسنوورو نەبڕاوە تیا دەبن، واتە: هەرگیز ڕزگاریان نابێ لێی ﴿[٢٤] لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرۡدًا وَلَا شَرَابًا﴾ هیچ فێنکییەک و شەرابێکی خۆشی تیا ناچێژن، بۆ سووک بوونی گەرماکەی، بەڵکو هەر ئاوا لەو حاڵەتە زۆر تەنگ و ناخۆشەدا دەمێننەوە ﴿[٢٥] إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا﴾ جگە لە ئاوێکی زۆر گەرم و کولێوو کیم و چڵکی «دۆزەخیان» ﴿[٢٦] جَزَآءً وِفَاقًا﴾ ئەویش پاداشتێکی پڕاو پڕە بەرامبەر بە کردەوەکانیان، واتە: لەو پاداشەدا ستەمیان لێ نەکراوە، چونکە هەر ئەو تۆڵەیە هەڵدەگرن ﴿[٢٧] إِنَّهُمۡ كَانُواْ لَا يَرۡجُونَ حِسَابًا﴾ چونکە بەڕاستی ئەوانە لە دونیادا بە تەمای لێپرسینەوەی ئەمڕۆژە نەبوون ﴿[٢٨] وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا كِذَّابًا﴾ بەڵکو زۆر بەتوندیش ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوەو، بە درۆیان دەزانین ﴿[٢٩] وَكُلَّ شَىۡءٍ أَحۡصَيۡنَـٰهُ كِتَـٰبًا﴾ ئێمەیش هەموو شتێکمان

لەسەریان ئەژماردووە بە نووسین ﴿٣٠ فَذُوقُواْ فَلَن نَّزِيدَكُمۡ إِلَّا عَذَابًا﴾ ئینجا پێیان دەوترێ: دە بچێژن کە لە سزای سەخت و ئازار بەولاوە هیچتان بۆ زیاد ناکەین، واتە: تا ئێوە بپاڕێنەوە بۆ ڕزگاربوون، ئێمە سزاتان بۆ زیاتر دەکەین.

ڕۆژی بە ئاوات گەیشتن:

﴿٣١ إِنَّ لِلۡمُتَّقِينَ مَفَازًا﴾ بەڕاستیی بۆ خواناسان و خۆپارێزان هەیە» لە پاشە ڕۆژدا» سەرفرازیی و پیرۆزیی و رزگاربوون لە سزای دۆزەخ و ﴿٣٢ حَدَآئِقَ وَأَعۡنَٰبًا﴾ چەندین باخ و باخات و بێستان و ترێ و میوەی جۆراو جۆری ڕازاوە، هەرچی نەفس حەزی لێ بکات ﴿٣٣ وَكَوَاعِبَ أَتۡرَابًا﴾ کیژو کچانی هاوتەمەن و مەمک خڕو دیمەن جوان و تازە پێگەیشتوو ئامادەیە. (کواعب): بەو کچانە دەڵێن کە تازە مەمکیان خڕ دەکەن. ﴿٣٤ وَكَأۡسًا دِهَاقًا﴾ لەگەڵ جامی پڕ لە شەرابی پاک و خاوێندا ﴿٣٥ لَّا يَسۡمَعُونَ فِيهَا لَغۡوًا وَلَا كِذَّٰبًا﴾ کە لەو بەهەشتەدا هیچ قسەیەکی پرو پووچ و نابەجێ، یاخود بە درۆ خستنەوەیەک نابیسن، واتە: جێگەی گاڵتەو لاقرتیی و مەسخەرە نیە ﴿لا لغوٌ فيها ولا تأثيم﴾ ٢٣/٥٢. ﴿٣٦ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً حِسَابًا﴾ ئەمەش هەموو پاداشێکە لە لایەن پەروەردگارتەوەیە، بەخشش و بەهرەیەکە بە پێی کارە چاکەکانیان، پێیان دەبەخشرێت، واتە: مافی خۆیانە ئابەو شێوەیە پاداشت بدرێنەوە. بەڵێ.. ئادەمیزاد هەر یەکەی بە شتێ دەگیرێ و، حەزی لە شتێکە.. هەر بۆیەش قورئان خەڵاتی جۆراو جۆریان دەکات.

کەسێ ناوێرێ خوا بدوێنێ ڕۆژی سەڵا:

﴿٣٧ رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا ٱلرَّحۡمَٰنِۖ﴾ ئەو خوایە پەروەردگاری میهرەبانی ئاسمانەکان و زەویی و ئەوەی لە نێوانیاندا هەیە، هەموو خێرو چاکەیەک هەر لەژێر سێبەری میهرەبانی ئەودا دەبێت ﴿لَا يَمۡلِكُونَ مِنۡهُ خِطَابًا﴾ هەر چەندە ئەوەندەیش میهرەبانە.. بەڵام بێ مۆڵەتی خۆی مافی هیچ قسەیەکیان نییە، وەک دەفەرموێ: ﴿من ذا الذي يشفع عنده إلا بإذنه..﴾ ٢٥٥/٢. یان دەفەرموێ: ﴿يوم يأت لا تكلم نفس إلا بإذنه..﴾ ١٠٥/١١. لە فەرموودەی باوەڕپێکراودا هاتووە: ((..وَلاَ يَتَكَلَّمُ يَوْمَئِذٍ إلاّ الرُّسُل..)) صحيح البخاري، كتاب التوحيد، باب قول الله: وجوه يومئذ ناضرة إلى ربها ناظرة، حديث: ٧٠٢١، صحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب معرفة طريق الرؤية، حديث: ٢٩٣. واتە: پێغەمبەران نەبێ کەسێکی دی قسە ناکا لەو ڕۆژەدا. ﴿٣٨ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّاۖ﴾ لەو ڕۆژەدا کە ڕۆح (جبريل)و فریشتەکان بەڕیز ڕا دەوەستن و مل کەچن ﴿لَّا يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنۡ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا﴾ و هیچیان قسە ناکەن، مەگەر کەسێ خوای بەخشندە ڕێگەی بدا، وە لە هەمانکاتیشدا قسەی شیاوو بەجێ بکات، واتە: فریشتەکان لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر نزیکن بەخواوە بۆیان نیە هیچ شتێک بڵێن.. بەبێ ئیزنی خوا ئیتر خەڵکێکی تر لە خۆیەوە چۆن دەتوانێ تکا بکات ﴿٣٩ ذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمُ ٱلۡحَقُّۖ﴾ ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ڕاست و بەر حەقەو هیچ گومانی تیانیەو بەڕێوەیە ﴿فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا﴾ جا ئەوەی ئەیەوێ با بۆلای پەروەردگاری ڕێگا بگرێتە بەر، واتە: هەمیشە ملکەچی بڕیارو فەرمانەکانی خوای خۆی بێت، تا لەو ڕۆژەدا ڕزگاری ببێ.

هاتنی قیامەت زۆر نزیکە:

﴿٤٠ إِنَّآ أَنذَرۡنَٰكُمۡ عَذَابٗا قَرِيبٗا﴾ بەڕاستیی ئێمە هەر زوو ئێوەمان ئاگادار کردووە - ئەی بێ بڕوایانی مەککە- کە سزایەکی نزیک بەڕێوەیە بۆتان ﴿يَوۡمَ يَنظُرُ ٱلۡمَرۡءُ مَا قَدَّمَتۡ يَدَاهُ﴾ ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە ئادەمیزاد سەیری دەسپێشکەری خۆی دەکات «لە چاک و لە خراپی» وەک دەفەرمووێ: ﴿ووجدوا ماعملوا حاضرا..﴾ ١٨/٤٩. یان ﴿وفصيلته التي تؤويه..﴾ ٧٠/١٣. ﴿وَيَقُولُ ٱلۡكَافِرُ يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا﴾ ئەو دەمە کافرو بێ بڕوایش دەڵێت: ئای خۆزگە هەر خاک و خۆڵ بوومایە «نەک ئادەمیی، تا ئاوا زیندوو نەکرامایەتەوەو حیساب نەکرامایە».

سوپاس و پێزانین بۆ خوای گەورە لەسەر تەواوکردنی تەفسیری سوورەتی (نەبەء).

٧٩- سوورەی (نازیعات)ـە.

مەککەییەو (٤٦) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە وەک سوورەتە مەککەییەکانی تر باسی بناغەکانی بیروباوەڕی ئیسلام دەکات: یەکتاپەرستیی، پەیام، زیندووبوونەوە، پاداش و تۆڵە.. جا لە سەرەتاوە سوێند بەو فریشتانە دەخوا کە زۆر بە ئاسانیی و نەرمییەکەوە گیانی موسڵمانان دەکێشن، وە زۆر بە سەختیی و توندییش گیانی پیسی خوانەناس و بێ بڕوایان لە جەستەیان دەردەکەن، وە هەروا بەو فریشتانەش کە پیادەکردنی کاروباری زەوییان دراوەتە دەست: ﴿والنازعات غرقا.. فالمدبرات أمرا﴾، ئینجا باسی ئەو هاوبەش پەیداکەرانە دەکات کە لە زیندووبوونەوە ململانێ و نکوڵی دەکەن، دەرەنجامیش لە ترسی ئەو ڕۆژەدا دڵیان دەکەوێتە گورپە گورپ: ﴿قلوب يومئذ واجفة﴾. پاشان باسی سەرکەش و یاخیی و لە خۆبایی بووەکەی (میسر) (فیرعەون) دەکات، کە بەو پلەو ئەندازەیە داوای خوایەتی دەکرد! جا خوای گەورەش ڕقی لێ هەڵساو، بە توندی لێی تورە بوو و پشتی شکاند.. ﴿هل أتاك حديث موسى إذ ناداه ربه بالواد المقدس طوى..﴾. هەر وەک باس لە سنوور دەرچووەکانی (مەککە)و سەر کۆنەکردنیان دەکات و پێیان دەفەرموێ: ﴿أأنتم أشد خلقا أم السماء..؟!﴾ لە دواییشدا باسی هاتنی ڕۆژی دوایی دەکات کە بەلای ئەوانەوە زۆر دوورە..! ﴿يسألونك عن الساعة أيان مرساها..؟﴾.

خوا سوێند دەخوات بە پێنج شت قیامەت دێ:

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا﴾ سوێند بەو فریشتانە کە بەتوندی گیانی بێ بڕوایان دەکێشن ﴿٢ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا﴾ وە سوێند بەو فریشتانەی کە زۆر بە ئەسپایی و ئاسانی گیانی موسڵمانان دەکێشن و بە چالاکیی و بێ وچان دەسووڕێنەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان ﴿٣ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا﴾ وە سوێند بەو فریشتانەی وەک مەلەوان مەلە بکا، ئاوا بە خێرایی لە ئاسمان دادەبەزن بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکانی خوا ﴿٤ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا﴾ ئینجا سوێند بەو فریشتانەی کە زۆر بە توندی پێش بڕکێ دەکەن بە ئەرواح و گیانی موسڵمانەکان بۆ بەهەشت ﴿٥ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا﴾ جا بەو فریشتانەی کە بەویستی خوا زۆر بە وردی کارو فەرمانی بوونەوەر جێبەجێ دەکەن «سوێند بەم پێنج شتە قیامەت ڕاست و دروستەو لە پێشدایەو ئێوەش زیندوو دەکرێنەوەو موحاسەبە دەکرێن. هەندێ دەڵێن: مەبەست بەو پێنج شتە کە خوای گەورە سوێندی پێ خواردن ئەستێرەیە کە هەر یەکەیان لە (مَدارْ)و خولگەی دیاریکراوی خۆیدا دەسوڕێتەوەو کاری خۆی ئەنجام دەدات.. هەندێکی تر تەفسیری تریان بۆ دەکەنەوە.. جا خوای گەورە بۆیە بەو دووشتە سوێند دەخوات و بەهەندێ تر لە دروستکراوەکانی خۆی: یەکەم: ئەو شتانە وەک خۆرو مانگ و ئەستێرە، ئەوەندە گەورەو پیرۆز بوون لای خەڵکی دەیان پەرستن! ﴿والشمس وضحاها..﴾، ئینجا هەندێ شتیان بۆ باس دەکات، وەک ئاوابوون و هەڵوەرینیان، کە ئەوە لە پەسن و سیفەتی خوایەتی نییەو دەبێ لێیان دوور کەونەوە. دووەم: کاتێ کە مەردووم بچووک و بێ بایەخ تەماشای ئەوانە دەکات، جا خوا سوێندیان پێ دەخوات بۆ ئەوەی لێیان ورد ببنەوەو پەندیان لێ وەرگرن». ﴿٦ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ﴾ سوێند بەوانە هەموو، ڕۆژێک دێت زەویی بەتوندی تەکان دەداو دەکەوێتە لەرزە ﴿٧ تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ﴾ ئاسمانیش دوای ئەو، لەت لەت دەبێ و هەرچی ئەستێرەی لە خۆ گرتووە هەڵ دەوەرێ. (ئیبن عەباس) دەڵێ: مەبەست بەو ڕۆژانە، ڕۆژی نەفخەی یەکەم و دووەمە، وەک لە سوورەتی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿يوم ترجف الأرض والجبال..﴾ ١٤/٧٣. ١٤/٦٩). (موجاهید) دەڵێ: یەکەم بۆ یەکەمە، دووەمیش بۆ دووەم. ئیمامی (ترمیزی)یش ئەم فەرموودەیەی هێناوە: ((كَانَ رَسُولُ اللهِ S إذا ذَهَبَ ثُلُثَا اللَّيْلِ قَامَ فَقَالَ يا أَيُّهَا النّاسُ اذْكُرواُ اللهَ اذْكُرُوا اللهَ جاءتِ الراجفةُ تَتْبَعُها الرادِفَةُ جاءَ المْوْتُ بما فِيهِ جاءَ المْوْتُ بما فِيهِ..)) (سنن الترمذي الجامع الصحيح، الذبائح، أبواب صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول الله، باب، حديث: ٢٤٣٩، وقال هذا حديث حسن، وحسنه الألباني في سنن الترمذي، برقم: ٢٤٥٧). واتە: پێغەمبەر S هەمیشە خووی وابوو هەر کە دوو سێیەمی شەو ڕۆشتبا هەڵدەساو دەیفەرموو: ئەی خەڵکینە! هەردەم یادی خوا بکەن و بێ ئاگا مەبن، لەرزەی یەکەم هات و، دووەمیش بە دوایدا دێ، وە هەروا مردن و قۆناغ و حاڵەتەکانیش دەگات. ﴿٨ قُلُوبٞ يَوۡمَئِذٖ وَاجِفَةٌ﴾ لەو ڕۆژەدا گەلێ دڵ دەکەونە گورپە گورپ و لە ترسانا بەخێرایی لێدەدەن و ﴿٩ أَبۡصَٰرُهَا خَٰشِعَةٞ﴾ چاوی خاوەنی ئەو دڵانە شۆڕەو ڕوویان نیە سەر بەرز بکەنەوە ﴿١٠ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ فِي ٱلۡحَافِرَةِ﴾ لە دنیادا دەیانگوت: ئایا دوای مردن جارێکی تر بۆ ژیانی پێشوو دەمانگێرنەوە.؟! هەرگیز شتی وا نابێت و بڕوامان پێی نییە ﴿١١ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا نَّخِرَةٗ﴾ ئایا کاتێ بووینە ئێسکە ڕزیوو پرتووکاین..؟! سەر لە نوێ زیندوو دەبینەوە.؟ ﴿١٢ قَالُواْ تِلۡكَ إِذٗا كَرَّةٌ خَاسِرَةٞ﴾ بە گاڵتەوە دەیانگوت: ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە دەڵێن زیندووبوونەوە هەیە، ئەو حەلە بۆ ئێمە گەڕانەوەیەکی بە زیان دەبێت، چونکە جێگەمان دۆزەخ دەبێت ﴿١٣ فَإِنَّمَا هِيَ زَجۡرَةٞ وَٰحِدَةٞ﴾ ئێوە ئەوە

بە شتێکی گران مەزانن. بەڕاستی بۆ ئێمە کارێکی زۆر ئاسانە، چونکە تەنها یەک شریخەیە، واتە: دەنگێکی سامناکەو، یەک جار فوو دەکرێ بە شەیپوردا، ئیتر هەموو زیندوو دەبنەوەو لە گۆڕ دێنە دەرێ ﴿[١٤] فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ﴾ ئەوسا لە ناکاو ئەو خەڵکە هەر هەموویان لە دەشتێکی کاکی بەکاکیدا بێدارن و زیندوو ئامادەن، وەک دەفەرمووێ: ﴿یوم یدعوکم فتستجیبون بحمده وتظنون إن لبثتم إلا قلیلا﴾ ٥٢/١٧. یان ﴿وما أمرنا إلا واحدة کلمح بالبصر﴾ ٥٠/٥٤. ﴿وما أمر الساعة إلا کلمح البصر أو هو أقرب..﴾ ٧٧/١٦. ئینجا بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرو هۆشیار کردنەوەی قورەیش داستانەکەی فیرعەون لەگەڵ (مووسا)دا u باس دەکا تا بەڵکو لەو یاخی بوون و سەرپێچییەیان دەست هەڵگرن.

سەر گروشتەی مووسا u:

﴿[١٥] هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ﴾ ئایا باس و هەواڵی مووسات پێگەیشتووە..؟ ﴿[١٦] إِذۡ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوًى﴾ کاتێ کە پەروەردگاری لە دۆڵی پیرۆزی (طوی)دا کە لە خواروی شاخی (سینا)دایە بانگی لێکرد ﴿[١٧] ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ﴾ فەرمووی: بچۆ بۆلای فیرعەون (ئامۆژگاری بکە) چونکە بەڕاستی زۆر لە سنوور دەرچووەو یاخی بووەو گەلی بەنی ئیسرائیلیشی کردووە بە کۆیلە ﴿[١٨] فَقُلۡ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ﴾ پێیشی بڵێ: ئایا ناتەوێ خۆت لە گوناح و تاوان پاک و پوختە بکەیتەوە..؟ ﴿[١٩] وَأَهۡدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخۡشَىٰ﴾ و ڕێنماییت بکەم بۆ ناسینی پەروەردگارت و، ترسی ئەوت ببێ و ستەم نەکەیت؟. واتە: بەڵکو دەرەنجام دابچڵەکێیت و بیر لە پاشە ڕۆژی خۆت بکەیتەوە ﴿[٢٠] فَأَرَىٰهُ ٱلۡأٓيَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾ بەڵێ مووسا ڕۆیشت، بەڵام هەر چەندە هەوڵی لەگەڵدا نەهاتە سەر ڕێی ڕاست، جا موعجیزەو نیشانە گەورەکەی نیشاندا، ئەوە بوو لە پێش چاویەوە داردەستەکەی بووە ئەژدیها ﴿[٢١] فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ﴾ کەچی بە درۆزنی داناو یاخیش بوو ﴿[٢٢] ثُمَّ أَدۡبَرَ يَسۡعَىٰ﴾ لە پاشان پشتی هەڵکردو هەمیشەش دەکۆشا بۆ بەدرۆ خستنەوەی ﴿[٢٣] فَحَشَرَ فَنَادَىٰ﴾ بۆیە ئیتر هەموو «جادووگەرەکانی» کۆ کردەوەو هاواری خەڵکەکەی کرد ﴿[٢٤] فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ﴾ وتی: من پەروەردگاری بەرزو بڵوندی ئێوەم «من ئەو پەرسراوەم کە لەلای ژوورمەوە کەسی تر نییە.! ﴿[٢٥] فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلۡأٓخِرَةِ وَٱلۡأُولَىٰٓ﴾ ئەوسا خوای گەورە دووچاری سزای هەردوو جیهانی کردو قاری لێگرت ﴿[٢٦] إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةً لِّمَن يَخۡشَىٰٓ﴾ بێگومان ئا لەو بەسەرهاتەدا پەندو ئامۆژگارییەکی گرنگ هەیە بۆ هەرکەسێک بیەوێ لە خوا بترسێ و «فرمانەکانی ئەو بەجێ بێنێ، ئەگەر بیرێ بکاتەوە لە بەسەرهات و سەرەنجامی ئەو یاخییە.. کە بەو هەموو تواناو دەسەڵاتەیەوە گیرۆدە بوو» ئەی هاوبەش پەیداکەران ئێوە چۆن ڕزگار دەبن.؟ هەزار ڕەحمەت لە (سەیید) چەند جوان دەڵێت: هەر خەفڵەتی جەماوەر بوو لەو سەردەمەدا فیرعەونیشی سەر لێشێواو کردو فریویدا.. (بەڕاستی هیچ شتێک بە ئەندازەی خۆ خافڵکردن و خۆ بێ ئاگایی کردنی جەماوەر، (طاغیة)ی زەمان یاخی ناکا، چونکە ئەو کە دەبینێ هەرچی دەڵێ و هەرچی دەکا، هەر فرمانی بەجێیە، ساتێ دەبینێ هەموان پشتیان بۆ دانواندووە، ئیتر زۆر بە ئاسانی سواری پشتیان دەبێ، دیتی ملیان بۆ ڕاکێشاوەو سەریان بۆ شۆڕ کردووە، ئیتر ئەوانیش زیاتر زاڵ دەبن و، گەلیش عیزەتی خۆی لە دەست دەداو، ئەمیش یاخی تر دەبێ و، ئەوانیش ڕیسواتر دەبن و لە ئەنجامیشدا هەردوولاشیان تیا دەچن..!

دروستکردنی ئاسمان و زەمین لە بەدیهێنانی مەردم دژواترە:

دوای داستانەکەی موساو فیرعەون، دەگەڕێتەوە سەر ئەوانەی کە نکووڵیی و ئینکاریی زیندووبوونەوەیان دەکرد، تا هەندێ بەڵگەی تریان بۆ بێنێتەوە: ﴿٢٧ ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ بَنَىٰهَا﴾ خەڵکینە! ئایا دروستکردنەوەو زیندووکردنەوەی ئێوە دوای مەرگ سەخترو گرانترە، یا بەدیهێنانی ئەم ئاسمانە کە خوای گەورە بینای کردووە؟ لە کاتێکا ئێوەی لە ئاوێکی بێزراو و لاوازو بێ دەستەڵات بەدیهێناوە، ئاسمانیشی زۆر بە قاییم و مەحکەم بە لای سەرووتانەوە ڕاگرتووە، واتە: دروستکردنی ئاسمانەکان گرنگترە لە زیندووکردنەوەی ئێوە، وەک دەفەرموێ: ﴿لخلق السموات والأرض أكبر من خلق الناس..﴾٥٧/٤٠.

﴿٢٨ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا﴾ بەرزی کردۆتەوەو پەیوەستی کردووە بە یەکەوەو جۆشی داون و بە توندو تۆڵ بەستوونی بە یەکەوەو، بێ عەیب و نەنگ ڕێکی خستوون ﴿٢٩ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا﴾ و شەوەکەی تاریک کردووە، ڕۆژەکەشی ڕووناک دەرهێنا، واتە: شەوو ڕۆژتان بە دوای یەکدا بۆ دێنێ ﴿٣٠ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ﴾ دوای ئاسمانیش زەوی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە(تلدان)ەوە ڕێکخست و ڕاخست. واتە: دوای هەزاران هەزار ساڵ، یا سەدان ملیۆن ساڵ کە بەسەر زەوییدا تێ پەڕیی و بە کەڵکی ژیان نە دەهات، ئەوسا خوای گەورە زەویی ڕاخست و وای لێکرد کە گیانداری لەسەر بژی، ئەم ئایەتە وا دەگەیەنێت کە زەویی بەر لە دروستکردنی ئاسمان بەدی هێنرا بێت، بەڵام ئامادەبوونی بۆ ژیان، دوای دروست کردنی ئاسمان بووە. تێبینی: ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لەقورئان و سوننەتدا دەڵێن: لە ئاماژەی ئیعجازی ئەم ئایەتانە دەردەکەوێت کە دروستبوونی ئاسمان پێش ڕێکخستنی زەوی بووە کە زانستی ئەمڕۆش ئەمە دەڵێت. ﴿٣١ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا﴾ ئاوو لەوەڕی لێ دەرهێناو چەندین کانیی و ئاوو ڕووباری لێ هەڵقوڵاندووەو گژوگیاو لەوەڕی لێ سەوز کردووە ﴿٣٢ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا﴾ کێوەکانیش زۆر بە تۆکمەیی چەسپاندو لەنگەری گرتن و بوون بە مێخ بۆ دامرکاندنی زەویی و چەسپاندنی، تا ئێوە بەسەر پشتییەوە بژین ﴿٣٣ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ﴾ تا خۆتان و، ماڵات و ئاژەڵەکانتان بەهرەی لێ وەرگرن، تا ئەوکاتەی کۆتایی جیهان دێت.

هەر خوا کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەت دەزانێ:

﴿٣٤ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ ٱلْكُبْرَىٰ﴾ ئینجا کاتێ ڕووداوە گەورەکە- ڕۆژی قیامەت - پێشهات کە بەڕاستی ڕووداوێکی زۆر گەورەو بێ وێنەیە، وەک دەفەرموێ: ﴿والساعة أدهى وأمر﴾ ٤٦/٥٤. ﴿٣٥ يَوْمَ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ﴾ ئەوە ڕۆژێکە ئادەمیی کردەوەی خۆی دێتەوە یاد، بەڵام چ کەڵکێکی دەبێ، وەک دەفەرموێ: ﴿يومئذ يتذكر الإنسان وأنى له الذكرى﴾ ٢٣/٨٩. ﴿٣٦ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِمَن يَرَىٰ﴾ و دۆزەخ نیشان دەدرێت بۆ ئەوەی ئەیبینێ، واتە: بەچاوی سەر هەموو کەسێک دۆزەخ دەبینێ، جا ئەو حەلە ئادەمی دەبێتە دوو بەش: ﴿٣٧ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ﴾ جا ئەوەی خوانەناس و یاخیبووبێ و سنووری بەزاندبێ ﴿٣٨ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا﴾ و ژیانی ئەم دونیایەی هەڵبژاردبێ بەسەر ئەو دونیادا ﴿٣٩ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾ ئەوە بێ گومان دۆزەخ جێگەی مانەوەیەتی ﴿٤٠ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ﴾ بەڵام ئەوکەسەی لە گەورەیی و دەسەڵاتی پەروەردگاری خۆی ترسابێت ﴿وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ﴾ و جڵەوی نەفسی لە هەواو ئارەزوو گرتبێتەوە ﴿٤١ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾ جا ئەوە بێگومان بەهەشتە جێی مانەوەو

حەوانەوەی ﴿[٤٢] يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا﴾ لە بابەت ڕۆژی قیامەتەوە: لێت دەپرسن کە چ کاتێ ڕوو دەدا؟ ﴿[٤٣] فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ﴾ جا تۆ چیتە لە باسکردنی ئەو ڕۆژە؟ واتە: تۆ هیچی لێ نازانیت، ئیتر ئەوانە بۆ ئەوەندە تەنگاوت دەکەن.؟ خاتوو (عائیشە) -خوای لێ ڕازی بێ- دەڵێ: پەیامبەر پەیتا پەیتا لێیان دەپرسی: قیامەت کەی دێ.؟ تا ئایەتی: ﴿فیم أنت من ذکراها﴾ هات. (ئبین جریر، حاکم) ئەوەیان گێڕاوەتەوە. ﴿[٤٤] إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ﴾ سەرەنجام و کۆتایی دونیا تەنها لای پەروەردگارتە، واتە: هەر خواوەندت کاتەکەی دەزانێ، وەک دەفەرموێ: ﴿قل إنما علمها عند الله﴾ ١٨٧/٧. ﴿[٤٥] إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخْشَىٰهَا﴾ ئەرکی تۆ تەنها بێدارکردنەوەو ترساندنی ئەوانەیە لەو ڕۆژە دەترسن و خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن، ئیتر دیاریکردنی کاتەکەی بە تۆی نەسپاردووە، بۆیە پێغەمبەریش ﷺ کاتێ کە (جبریل) لە کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەت لێی دەپرسی، دەفەرموێ: ((ماَ الْمَسْؤُلُ عَنْهاَ بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ)) (صحيح البخاري، كتاب الإيمان، باب سؤال جبريل النبي، عن الإيمان، حديث: ٥٠، صحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب معرفة الإيمان، حديث: ٣٤). واتە: منی لێپرسراو لە تۆی پرسیارکار زاناتر نیم. جا کەوابوو تۆ کارەکەی خۆت ئەنجام بدەو خۆت بە شتێکەوە سەرگەرم مەکە کاری تۆ نەبێت. ﴿[٤٦] كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا﴾ ئەو ڕۆژە کە ئەوانە قیامەت دەبینن ﴿لَمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا﴾ وا دەزانن لە دونیادا تەنها ئێوارەیەک یا چێشتنگایەک ماونەتەوە، واتە: لەبەر درێژیی و سەختیی و گرانی ئەو ڕۆژەیە، ماوەی ژیانی دونیایان بەلاوە زۆر کەم دەبێ، چەندین بەڵگەش بۆ ڕاستیی و حەقیقەتی ئەم زیندوبوونەوەیە هەیە، جا بۆ نموونە: بەسەرهاتەکەی (عوزەیر)و خەوە درێژەکەی یارانی ئەشکەوتەکە، کە پاش زیندووبوونەوەو بێدار بوونەوە وتیان: یان ڕۆژێکە لێرەین، یان کەمتر لە ڕۆژێک!!

تەفسیری سوورەتی (نازیعات) تەواو بوو

لەگەڵ سوپاسی زۆردا بۆ خوای کارزان.

٨٠- سوورەتی (عەبەس)ـەیە.

مەککەییەو (٤٢) ئایەتە.

بەناوی خوای دەهندەی دلۆڤان

ئەم سوورەتی (عەبەس)ـە باسی بیروباوەڕە بناغەییەکان دەکات، هەر وەک باسی دەسەڵات و توانایی خوای گەورە وەبیر دێنێتەوە لە دیاردەی دروستکردنی ئادەمیی و ڕووەک و، خۆراک و.. هتد، لەگەڵ قورسیی و سەختیی ڕۆژی دوایی.

پێغەمبەر لە هاتنی بێچاوەکە گرژ بوو،

خواش گلەیی لێکرد:

لە سەرەتاوە بە داستانەکەی (عەبدوڵڵای کوڕی ئوم مەکتووم، خوا لێی رازی بێ) دەست پێدەکات، ئەوکاتە کە هاتە لای پەیامبەر S و داوای لێکرد کە پتر لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام شارەزای بکات، لەو دەمەدا ئەویش لەگەڵ سەرانی قورەیشدا دانیشتنی هەبوو، زۆریش دڵخۆش بوو بە دانیشتنەکە لە گەڵیاندا، بەو مەبەستە بەشکو بتوانێ تینیان تێ بکاو وردە بەرەو ئیسلام بیانهێنێ، جا لەو حەلەدا (عەبدوڵڵا)ش پەیتا پەیتا قسەکانی پێ دەبڕیی و دەیوت: شارەزام بکە لە ئیسلام، پەیامبەر S بە ناچاری ڕووی لێگرژ کردو لێی بێتاقەت بوو! ئیتر خوای گەورەش سوورەتی (عبس)ـەی نارده خوارێ، وەک ئیمامی (ترمیزیی) لە عائشەوە ڕیوایەتی کردووە. (سنن الترمذي الجامع الصحيح، الذبائح، أبواب تفسير القرآن عن رسول الله، باب ومن سورة عبس، حديث: ٣٣٣٧، وقال هذا حديث غريب، و قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم، رجاله ثقات رجال الشيخين، وصحح الألباني في سنن الترمذي برقم: ٣٣٣١). پاشان لە نکووڵیی و، ململانێی مرۆڤ لەگەڵ دەسەڵاتی پەروەردگاردا دەدوێ: ﴿قتل الإنسان ماأكفره.. ثم السبيل يسره﴾. دیسانەوە شتێک لە دەسەڵاتی خوا دەخاتە ڕوو، کە لەم بوونەوەرەدا چۆن ڕێگەی ژیانی بۆ ئادەمی ئاسان کردووە.. ﴿فلينظر الإنسان إلى طعامه.. وزيتونا ونخلا.. متاعا لكم ولأنعامكم﴾، کورتە باسێکی سامناکیی ڕۆژی دوایی و پەسڵان دێنێتە پێش چاو، تا بەڵکو مرۆڤەکان پێش هاتنی ئەو ڕۆژە وشیارو بە ئاگا ببنەوە.. ﴿فإذا جاءت الصاخة.. أولئك هم الكفرة الفجرة﴾. وە بەم شێوەیەش دەست پێدەکا:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * ١ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰ * ٢ أَن جَاءَهُ الْأَعْمَىٰ﴾ پەیامبەر S ڕوویگرژ کردو، ڕوویسوڕاند لەوە کە ئیماندارە نابیناکە هاتە لای. بەڵێ.. ئیتر پەیامبەر S پاش ئەوە هەرکات بە عەبدوڵڵا گەیشتبا دەیفەرموو: ((مَرْحَباً بِمَنْ عَاتَبَنِي فِيْهِ رَبِّي)) (قال الشيخ محمد البرزنجي: لم أجد فيما بين يدي من المصادر إسنادا موصولا لمن روى عن النبي S أنه كان بعد نزول سورة عبس يقوم لسيدنا ابن أم مكتوم، ويقول له مرحبا بمن عاتبني فيه ربي، سوى ما أخرجه أبو يعلى في مسنده عن أنس رضي الله عنه قال جاء ابن أم مكتوم إلى النبي S، وهو يكلِّم أبي بن خلف، فأعرض عنه، فأنزل الله: {عَبَسَ وَتَوَلَّى}. قال: فكان النبي S بعد ذلك يكرمه. مسند أبي يعلى ٤٣١/٥/ح رقم٣١٢٣، ورجاله ثقات).
واتە: مەرحەبا لەو کەسەی پەروەردگارم لەسەر ئەو گلەیی لێکردم، وە یا خوا هەر بەخۆشیی و شادی بژیی. ﴿٣ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّىٰ﴾ جا تۆ چوزانیت بەڵکو ئەو ببیەوێ زیاتر دڵ و دەروونی خۆی پاک بکاتەوە لە گوناح و تاوان، بۆیە ئەوەندە سوورەو حەز دەکات کە زیاتر شارەزا ببێ ﴿٤ أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ الذِّكْرَىٰ﴾ یاخود ئامۆژگاری وەربگرێ بەو وتانە لە تۆی دەبیسێ، ئەوجا ئەو ئامۆژگاریە سوودی پێبگەیەنێت ﴿٥ أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَىٰ ٦ فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّىٰ﴾ کەچی ئەو کەسەی کە گوێی لە ئامۆژگاری نیەو، خۆی بێ نیاز نیشان دەدات، تۆ ڕوو لەو دەکەیت و گوێ بۆ قسەکانی دەگریت.! ﴿٧ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ﴾ وە تۆ هیچت لەسەر نیە ئەو خۆی پاک نەکاتەوەو بڕوا نەهێنێت، چونکە ئەرکی تۆ تەنها ڕاگەیاندنە ﴿٨ وَأَمَّا مَن جَاءَكَ يَسْعَىٰ﴾ بەڵام ئەوەی بە پەلە

هاتۆته لات و دەیەوێت شارەزای دین ببێت ﴿٩ وَهُوَ يَخۡشَىٰ﴾ و لە هەمانکاتیشدا لە خوا دەترسێت ﴿١٠ فَأَنتَ عَنۡهُ تَلَهَّىٰ﴾ تۆ خۆت خافڵ و سەرگەرم دەکەیت لێیی و گوێی نادەیتێ! ﴿١١ كَلَّآ إِنَّهَا تَذۡكِرَةٞ﴾ نەخێر، جارێکی تر وانەکەیت، وە بەراستی ئەو ئایەتانەش لەم سوورەتەدان -هەموویان- یادخستنەوەو ئامۆژگاریین بۆ هەموو مرۆڤەکان بە گشتیی، کەوابوو دەبێ هەموان بێ جیاوازیی سوودی لێوەرگرن. **تێبینی:** ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن: (والوقوف على ﴿كلا﴾ على هذا الوجه جائز، ويجوز أن تقف على ﴿تلهى﴾ ثم ﴿كلا﴾ على معنى: حَقاً). واتە: وەستان بە تەنها لەسەر وشەی (کلا) درووستە، ئەوکات بەواتای: (بەراستی) دێت. ﴿١٢ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾ جا ئەوەی ویستی ئامۆژگاری لێ وەردەگرێت، واتە: هیچ ڕێگرییەک لە بەردەم ئادەمییدا بۆ ئەوە نیە، مەگەر خۆی هەڵە بکات ﴿١٣ فِي صُحُفٖ مُّكَرَّمَةٖ﴾ ئەو ئایەتانە لە چەندین لاپەڕەی پیرۆزدا هەڵگیراون، لە (لەوحولمەحفوز)دا ﴿١٤ مَّرۡفُوعَةٖ مُّطَهَّرَةِۭ﴾ بەرزو بڵوندو پاک و خاوێنن ﴿١٥ بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ﴾ بە دەستی فریشتەی باڵێۆزو نوێنەری شارەزا گەیەنراون ﴿١٦ كِرَامِۭ بَرَرَةٖ﴾ بەڕێزو پلە بەرزو فەرمانبەردارن، واتە: ئەو ئامۆژگارییانە – کە پەیامبەران دەیکەن- لە نامەیەکی بەرزی، بڵوندی، پاک لە هەر ناتەواوییەک، وە لە دەست ئەو فریشتانەوە وەری دەگرن کە وەحیی و سروش دێنن بۆلایان، بۆیە پەیامبەر ﷺ دەربارەی قورئان خوێندنەکان دەفەرموێ: ((الَّذي يَقْرأُ القُرْآنَ وَهوَ مَاهِرٌ بِهِ معَ السَّفرةِ الكِرامِ البَرَرَةِ ، والّذي يقرؤُهُ - قالَ هشامٌ: وَهوَ شديدٌ عليهِ. قالَ شُعبةُ: وَهوَ عليهِ شاقٌّ - فلَهُ أجرانِ)). واتە: ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێ و بە کارامەیی و لێهاتوویی دەیخوێنێتەوە، ئەوە هاودەمی فریشتە بەرێزو گوێڕاڵەکانە، وە ئەوەی قورئان دەخوێنێ و ناتوانێ وەکو پێویست بیخوێنێتەوەو لەسەری قورس و گران بێت، ئەوە دوو ئەجرو پاداشتی بۆ هەیە لای خودا. سنن الترمذي الجامع الصحيح، الذبائح، أبواب فضائل القرآن عن رسول الله، باب ما جاء في فضل قارئ القرآن، حديث: ٢٩٠٦، وقال: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، وقال الأرنأووط: إسناده صحيح على شرط الشيخين، وصححه الألباني في سنن الترمذي، برقم: ٢٩٠٤.

ئەو ئینسانە بە کوشت چێ، وا باوەڕ

بە زیندووبوونەوە ناکا:

خوای کارجوان دەچێ بە گژ ئەوانەدا کە حاشاو نکووڵی دەکەن دەربارەی زیندوبوونەوەو هەڵسانەوە لە گۆڕ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿١٧ قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ﴾ ئادەمزاد بە کوشتچێت چەندە ناسوپاس و سپڵەیە، پاش ئەو هەموو نازو نیعمەت و بەهرانە کە خوای گەورە پێیداویت، کەچی هێشتا چەلەحانێ و ململانێ دەکەیت ﴿١٨ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ﴾ بۆ بیر ناکاتەوە، بزانێ خوا لەچی دروستی کردووە؟! ﴿١٩ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ﴾ لە دڵۆپە ئاوێکی قوڵپەدەر دروستیکردووە، جا ئەندازەی گرتووەو بە چەند قۆناغێکا تێپەڕاندوو و ڕێکیخست، بەڵێ لە منداڵدانا دڵۆپە ئاوێک بوو، جا بوو بە خوێنێکی وەستاوی هەڵواسراوی شێوە زەروو، ئەوسا کردییە پارچە جوراوێک و ئەندازە گیرییەکی وردی کردوو هێنایە دونیاوە. ﴿٢٠ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ﴾ لەوەودوا ڕێگەی بۆ خۆش و ئاسان کرد «تا لە سکی دایکی بێتە دەرەوە» وەک (ئیبن عەباس) دەڵێ: ئەگەرچی (موجاهید) دەڵێ: ئەم ﴿ثم السبيل يسره﴾ وەک ئایەتی: ﴿إنا هديناه السبيل إما شاكراً وإما كفوراً﴾ وایە، واتە: سەر پشکی

هەردوو ڕێگاکەی کرد. ﴿٢١ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقۡبَرَهُۥ﴾ پاشان دەیمرێنێت و، بە فەرمانی خۆی لە گۆڕی دەنێت «لەبەر ڕێزلێنان و لەبەر ئەوە کە دڕندەو شتی وا نەیخوات..» ﴿٢٢ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ﴾ پاشان کاتێک بیبەوێ - دوای مردنی- زیندووی دەکاتەوە ﴿٢٣ كَلَّا لَمَّا يَقۡضِ مَآ أَمَرَهُۥ﴾ نا.. هێشتا ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووە زۆربەی ئادەمزاد جێبەجێی نەکردووە! ﴿٢٤ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ﴾ دەبا ئادەمزاد سەیرێکی خواردنەکەی خۆی بکاو سەرنجی بداو، بزانێ خوای گەورە چۆنی بۆ دەرهێناوە لە زەویەکی ڕەق و تەق؟ ﴿٢٥ أَنَّا صَبَبۡنَا ٱلۡمَآءَ صَبّٗا﴾ بێگومان ئێمە لە هەورەوە بارانێکمان بۆ ڕژاندۆتە خوارەوە بە چ ڕژاندنێک ﴿٢٦ ثُمَّ شَقَقۡنَا ٱلۡأَرۡضَ شَقّٗا﴾ لەوەودوا زەویمان لەت لەت و قاژ قاژ کردووە، بە چ لە تکردنێک، واتە: درزمان تێکردو، قڵیشانمان تا گیاو ڕووەکە ناسکەکان بە ئاسانی بێنە دەرێ ﴿٢٧ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا حَبّٗا﴾ جا ڕواندمان لە ناویدا جۆرەها دانەوێڵە ﴿٢٨ وَعِنَبٗا وَقَضۡبٗا﴾ و جۆرەها ترێ و، جۆرەها وێنجەو سەوزەوات ﴿٢٩ وَزَيۡتُونٗا وَنَخۡلٗا﴾ و دارە زەیتوون و دارە خورماش، واتە: زەیت و هەموو جۆرە خورمایەکمان لێ بەرهەم هێنا ﴿٣٠ وَحَدَآئِقَ غُلۡبٗا﴾ وە چەندین باخاتی گەورەو چڕو پڕ ﴿٣١ وَفَٰكِهَةٗ وَأَبّٗا﴾ وە میوەی جۆراو جۆروو گژو گیا. (ئیبن کەسیر) دەڵێ: ڕۆژێ (عومەری کوڕی خەتتاب) سوورەتی (عبس..)ـەی دەخوێندەوە تا گەیشتە ﴿وفاكهة وأبا﴾ ئەوجا وتی: دەزانم ﴿فاكهة﴾ چیە، بەڵام ئاخۆ (أب) چی بێ؟ پاشان هەر خۆی وتی: ئەی کوڕی خەتاب! جا ئەو زۆر لە خۆکردنەی بۆ چییە کە تۆ نەزانیت چیە؟! ﴿٣٢ مَّتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ﴾ ئەوانەمان هەموو سەوزکردو ڕواند، بە کەڵک بۆ خۆتان و ماڵاتەکەتان، ئیتر حەقوایە ئینسان کوێرانە بەسەر ئەو هەموو شتانەدا نەڕواو، بیکاتە بەڵگەو نیشانەی زیندووبوونەوە لە گۆڕدا..!

قیامەت هات برا لە برا ڕا دەکات:

﴿٣٣ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ﴾ ئینجا کاتێ شریخەکە هات، واتە: ڕۆژی قیامەت بەرپا بووو ئەو شریخەیەش ئەوەندە قورسە گوێ کەڕو کپدەکاتەوە ﴿٣٤ يَوۡمَ يَفِرُّ ٱلۡمَرۡءُ مِنۡ أَخِيهِ ٣٥ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ٣٦ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ﴾ لەو ڕۆژەدا برا لە برای خۆی، وە لە دایک و باوکیی و لە ژنیی و، لە کوڕەکانی ڕا دەکا ﴿٣٧ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُمۡ يَوۡمَئِذٖ شَأۡنٞ يُغۡنِيهِ﴾ چونکە هەر کەسێک لێیان سەرگەرمی کارو کێشەی خۆیەتیی و نای پەردەژێتە سەر ئەوی تر، تەنانەت پەیامبەرانیش - سڵاوی خوایان لێ بێ- هەریەکەیان دەڵێ ((..نَفْسِي، نَفْسِي..)) واتە: خۆم، خۆم. (صحيح البخاري، كتاب أحاديث الأنبياء، باب قول الله: واتخذ الله إبراهيم خليلا، حديث: ٣١٩٨، صحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب أدنى أهل الجنة منزلة فيها، حديث: ٣١٣). لە بارەی تکاو شەفاعەتیشەوە ئەم ڕیوایەتە هاتووە: کە تەنانەت عیسای کوڕی مەریەمیش دەڵێ: تەنها بۆ خۆم هاناو هاوار دەبەم و دەلاڵێمەوە، دایکیشم کە منی لێبووە، ناتوانم تکای بۆ بکەم! (عائیشە)ی دایکی ئیمانداران دەڵێ: پەیامبەر ﷺ فەرمووی: ((يُحْشَرُ النَّاسُ يَومَ القِيامَةِ حُفاةً عُراةً غُرْلًا..)). واتە: ئێوە - لە ڕۆژی قیامەتا- هەموو کۆ دەکرێنەوەو حەشر دەکرێن، بێ هیچ پێڵاوو کاڵایەک، وە بە پیادەو، بە خەتەنە نەکراویی، هەر وەک ئەو ڕۆژە کە لە دایکبوون. عائیشە وتی: ئەی پەیامبەر! جا وا دەبێت کە سەیری (عەورەت)ی یەکتر بکەین؟! ئەویش فەرمووی: ((..يا عائِشَةُ الأمْرُ أشَدُّ مِن أنْ يَنْظُرَ بَعْضُهُمْ إلى بَعْضٍ)). واتە: ئەی عائیشە کار زۆر لەوە گەورەو ترسێنەر ترە تا هەندێک سەیری هەندێکی دی بکەن. (صحيح البخاري، كتاب الرقاق، باب: كيف الحشر، حديث: ٦١٧١ ، صحيح مسلم، كتاب الجنة وصفة نعيمها وأهلها،

باب فناء الدنيا وبيان الحشر يوم القيامة، حديث: ٥٢١٠) ﴿٣٨ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ﴾ لەو ڕۆژەدا ڕوخسار گەلێک دەدرەوشێتەوە، واتە: ئادەمزاد دەبنە دوو بەشەوە: هەیانە دەم و چاوو ڕوخسارێکی گەش و جوان و ڕۆشن و هەردەم لە خۆشیدان، چونکە بەرهەمی کارە چاکەکانیان هاتۆتەوە ڕێیان ﴿٣٩ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ﴾ پێدەکەنن و، موژدە بەخشن و شادومانن ﴿٤٠ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ﴾ ڕوخسارانێکیش لەو ڕۆژەدا تۆزیان بە سەرەوەیە، خەفەت بارو گرژو تاڵ و تۆزاویین، تەپ و تۆز دایگرتوون، ڕۆشناییان تیا نەماوە ﴿٤١ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ﴾ دێزیی و ڕەشیی و زەلیلی دایاندەپۆشێ و ڕوویان ڕەش بووە، لە فەرموودەیەکدا هاتووە: ((يَشْتَدُّ كَرْبُ ذَلِكَ الْيَوْمَ، حَتَى يُلْجِمَ الْكَافِرَ الْعَرَقُ..)) (تفسير مجاهد، سورة المطففين، حديث: ١٩٤٤، ينظر تفسير مجاهد (ص ٧١١)، فقد رواه عبد الرحمن بن الحسن القاضي، راوي تفسير مجاهد، فيه بنفس السند، وقد وقع في تفسير مجاهد هذا جملة من الأحاديث ليست عن مجاهد، وهذا منها. والأثر ذكره أيضا الحافظ ابن حجر في «فتح الباري»، (١١/ ٣٩٤)، وعزاه للبيهقي في البعث، وحسن إسناده)٠ واتە: - لەبەر گەرمای ئەو ڕۆژە - کافرەکان ئارەق دایاندەپۆشێ تا ئاستی دەمیان لە نێو قوڕدا دەچەقێن ﴿٤٢ أُولَئِكَ هُمُ الْكَفَرَةُ الْفَجَرَةُ﴾ ئا ئەوانە بێ بڕواو خوانەناس و لە سنوور دەرچوو گوناهکارەکانی دونیان، وا ئێستایش ئەوقەی ئەو جۆرە سزایە دەبن.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (عەبەس)ـە هات لەگەڵ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ پەروەردگار.

٨١- سوورەتی (تەکویر)ـە.

مەککەییەو (٢٩) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە دوو شتی زۆر گرنگ باس دەکات: (نیگاو سروش، بەرنامەو پەیام) کە بەراستی هەردووکیان بەشێکی بە بەهاو بایەخدارن لە ئیمان و باوەڕدا، بۆ یەکەمجار باسی قیامەت دەکا، ئەو ئاڵوگۆڕو تەقینەوە گەورەیە کە لە بوونەوەردا ڕوو دەدات: خۆرو، ئەستێرەکان، چیاو کێوەکان، زەریاو دەریاکان، زەویی، ئاسمان، ئاژەڵ و مەڕوماڵات، گیانلەبەرە کەژییەکان، هەر وەک هەموو ئادەمیی و بوونەوەر زۆر بەتوندی دادەچڵەکێنێ و دەیانخاتە لەرزە. پاشانیش بنەماو

حەقیقەتی سروش و، ئەو بارو حاڵەتە سەختەیە کە هەمووجار پەیامبەری خوای لەسەر بوو S کاتێ نیگای بۆ دەهات، دەخاتە ڕوو، کۆتاییشی دێت بە باسکردنی بێهوودەیی و پووچەڵکردنەوەی دوو دڵیی و، بەد گومانی هاوبەش پەیداکەرەکان دەربارەی قورئان: ﴿فأين تذهبون.. وما تشاءون إلا أن يشاء الله رب العالمين﴾.

که قیامەت دێ، هەمووکەس دەزانێ چی لەگەڵ خۆی بردووە:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ * [1] إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾ کاتێ خۆر پێچرایەوەو تاریک بوو، واتە: ڕووناکی نەماو، لە شوێنی خۆی ترازا، وەک ئیمامی (بوخاری) ئەم فەرموودەیە دێنێ: ((الشَّمْسُ والقَمَرُ مُكَوَّرانِ يَومَ القِيامَةِ)). صحيح البخاري، كتاب بدء الخلق، باب صفة الشمس والقمر بحسبان، حديث: ٣٠٤٣. واتە: ئەم خۆرو مانگەی ئێستایە هەردوو لە ڕۆژی بەرێدا تاریک دەبن و دەپێچرێنەوە. ﴿[2] وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ﴾ وە دەمێک ئەستێرەکان هەڵوەرین و، لە جێگەی خۆیاندا ترازان و کەوتنە خوارێ ﴿[3] وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ﴾ و دەمێک کێوەکان خرانە بزووتن و لەرزەو، بوونە گەردو نیشتنە ئاسمان ﴿[4] وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ﴾ ئەو حەلەی وشترە ئاوسەکان بەرەڵلا کران و پشتگوێ خران و لێیان نەپرسرایەوە، یان کاتێ هەورەکان لە باران بارین خران ﴿[5] وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ﴾ و کاتێ گیانلەبەرانی کێویی کۆ کرانەوە، پاش ئەوە کە لە ترسی یەکتر نەیان دەوێرا بە یەکەوە بژین، چونکە ئەو ڕۆژە ئەوەندە سەختە ئەوانیش خۆیان لە بیر دەچێتەوەو دوژمنایەتیان نامێنێ، ئایەتی: ﴿وما من دابة في الأرض ولاطائر يطير بحناحيه إلا أمم أمثالكم، ما فرطنا في الكتاب من شيء ثم إلي ربهم يحشرون﴾ ٣٨/٦. ئەو ڕاستیە دەگەیەنێت. ﴿[6] وَإِذَا الْبِحَارُ سُجِّرَتْ﴾ و کاتێ دەریاکان تەقێنرانەوەو گڕ دران لە ئاگرو هەڵگیرسان و هەموو بوونە یەکپارچە ئاگر، دەشگونجێت زەویی لەت لەت ببێ و هەرچی ئاگر لە ناوبایەتی دەرکەوێ و، هەرچی ئاوی دەریاکان هەیە، ببێتە هەڵم و گڕی تێ بەربێ و بچێ بە حەوادا، وەک دەیان جار کێوەکان بە هۆی زەمین لەرزەو تەقینەوەوە لەت و پەت بوون، لە (سوونەنی ئەبوداود)یشدا هاتووە: ((لا يَرْكَبُ البحرَ إلاّ حاجٌّ، أو معتمرٌ، أو غازٍ في سَبِيلِ اللهِ، فإنَّ تَحْتَ البَحْرِ نَارًا، وتَحْتَ النّارِ بَحْرًا)) (سنن أبي داود، كتاب الجهاد، باب في ركوب البحر في الغزو، حديث: ٢١٤٣، قال الأرنأووط: إسناده ضعيف جداً لجهالة بشر أبي عبد الله وبشير بن مسلم على اختلاف في إسناده، وقد ضعف هذا الحديث البخاري في «تاريخه الكبير»، وضعفه الألباني في مشكاة المصابيح، برقم: ٣٨٣٨). واتە: لەبەر ترسناکیی و سامناکی زەریاکان هەقە جگە لە حاجیی و عومرەکاری (ماڵی خوا)و، موجاهیدی ڕێگەی خوا، هیچ کەسێکی تر بە دەریاکاندا نەچێت، چونکە ژێری دەریاکان ئاگرە، وە ژێر ئاگرەکەیش دەریایە!. ﴿[7] وَإِذَا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ﴾ و کاتێ هەمووگیانەکان جووتکرانەوە لەگەڵ لاشەی خۆیاندا، واتە: کرانەوە بە جەستەی خۆیانداو هەمو گەڕانەوە بۆ حیساب و لێ پرسینەوە، وەک دەفەرموێ: ﴿أحشروا الذين ظلموا و أزواجهم وماكانوا يعبدون﴾ ٢٢/٣٧. ﴿[8] وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ﴾ و کاتێ کیژی زیندە بە چاڵکراو پرسیاری لێکرا ﴿[9] بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ﴾ بەهۆی چ تاوانێکەوە کوژرا.؟!. هێشتا لە سەرەتای هاتنی ئیسلامیشەوە کچان لە لایەن ئەوانەوە کە بڕوایان نەهێنابوو هەر زیندە بە چاڵ دەکران، تەنها بە تاوانی ئەوە کە بۆچی کچن.!! (قەیس) هاتە لای پێغەمبەر S وتی: من لە سەردەمی جاهیلییەتدا کچانی خۆمم زیندە بە چاڵ دەکرد، دەبێ چ بکەم ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمووی: بچۆ لە باتی هەریەکەیان بەندەیەک ئازاد بکە، وتی: ئاخر من وشتر دارم!

فەرمووی: دەبڕۆ لە باقی هەریەکەیان وشترێک سەر ببڕە. عبدالرزاق:٣٥١/٣. ﴿١٠ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ﴾ دەمێک نامەو پەڕاوەکانی کردەوەکان والاّ کران بۆ لێکۆڵینەوەو پاداش و تۆڵە ﴿١١ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ﴾ و کاتێ ئاسمان لە جێگەی خۆیدا ترازاو داماڵرا، وەک پێستەی مەڕ لە مەڕ دەکرێتەوە، واتە: سەرو خواری نەما ﴿١٢ وَإِذَا ٱلۡجَحِيمُ سُعِّرَتۡ﴾ کاتێ کە دۆزەخ داگیرسێنراو کەوتە کڵپە کڵپ ﴿١٣ وَإِذَا ٱلۡجَنَّةُ أُزۡلِفَتۡ﴾ کاتێ کە بەهەشت نزیک خرایەوە لە بەهەشتییەکانەوەو ئامادەکرا بۆیان ﴿١٤ عَلِمَتۡ نَفۡسٌ مَّآ أَحۡضَرَتۡ﴾ کاتێ ئەوانە هەموو ڕوویاندا، ئیتر ئەو دەمە هەموو کەسێک ئەزانێ چی ئامادە کردووە بۆ پاشە ڕۆژی خۆی، چاک یان خراپ، وەک ئەفەرمووێ: ﴿يوم تجد كل نفس ماعملت من خير محضرا وماعملت من سوء تود لو أن بينها وبينه أمدا بعيدا﴾ ٣٠/٣. ﴿١٥ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ﴾ جا سوێند بەو ئەستێرانەی پەنا دەگرن بە ڕۆژداو بەشەودا دەردەکەون، وەک (تەبەریی) دەڵێ. ﴿١٦ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ﴾ ئەوانەی گەڕۆکن و لەگەڵ خۆردا دەڕۆن، وە بە ڕۆژدا خۆیان دەشارنەوە لە ڕووناکی خۆردا، وەک ئاسک لە جێگای پەناگای خۆیدا، خۆی دەشارێتەوە، ئەمیش جۆرە دەسەڵاتێکی تری خوا نیشان دەدات. ﴿١٧ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ﴾ وە سوێند بە شەو کاتێ کە پشت هەڵدەکاو تاریک دەبێ تا تەواوی بوونەوەر دادەپۆشێ ﴿١٨ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ﴾ سوێند بە سپێدەی بەرەبەیان کاتێ ڕووناکی خۆی دەردەخات و جیهان بە دەم هەموو شتێکەوە پێدەکەنێ ﴿١٩ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ﴾ سوێند بەوانە هەموو، بێگومان ئەم قورئانە قسەو وتەی نێرراوێکی بەڕێزە کە فریشتەی نیگاو سروشە. واتە: فەرموودەی خوایە بەهۆی جبریلەوە نێردراوە ﴿٢٠ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ﴾ خاوەنی هێزو مەکانەتە، لای عەرشی (خوا)ش زۆر بەڕێزو پایە بەرزە، وەک دەفەرمووێ: ﴿علمه شديد القوى، ذو مرة فاستوى﴾ ٥/٥٣+٦. ﴿٢١ مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ﴾ لەوێش (لە ئاسماندا) فەرمانڕەواو قسە بیسراوە، ئەمین و دەست پاکە لەو سروشەدا دەیهێنێ، هیچ خیانەتی تێدا ناکا ﴿٢٢ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجۡنُونٖ﴾ یارو هاوڕێکەتان موحەممەد ﷺ شێت و لێوە نیە، وەک ئێوە دژی پڕوپاڵانتە دەکەن. واتە: (جبریل)و (موحەممەد) هەردوو خاوەن ڕێزن لە دونیاو لە قیامەتدا ﴿٢٣ وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ﴾ و بێگومان موحەممەد ﷺ فریشتەی سروش (واتە: جبریل)ـی بینیوە لەسەر شێوەی خۆی لە ئاسۆی ڕوون و نمایاندا، واتە: لەو جێگایە خۆر هەڵدێت، وەک دەفەرمووێ: ﴿..وهو بالأفق الاعلى﴾ ٧/٥٣. بەڵێ پەیامبەر ﷺ لە ماوەی تەمەنیدا دووجار جبریلی دیتووە، ئەمە جارێکیانەو، ئەوی دیکەیش لە سوورەتی (نەجم)دا هاتووە: وەک دەفەرموێ: ﴿ولقد رآه نزلة أخرى عند سدرة المنتهى عندها جنة المأوى إذ يغشى السدرة ما يغشى﴾ ١٣/٥٣+١٤+١٥+١٦. ﴿٢٤ وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ﴾ و ئەو (پەیامبەرە) لەسەر گەیاندنی وەحی چکووس نیە، واتە: کۆتایی و بەخیلی ناکا لە گەیاندنەکەیدا، وە زۆر بەڕێک و پێکی دەیگەیەنێت ﴿٢٥ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَيۡطَٰنٖ رَّجِيمٖ﴾ ئەو قورئانەش قسەو گوفتاری شەیتانی نەفرەتکراو نیە، وەک ئێوە پێتان وایە! ﴿٢٦ فَأَيۡنَ تَذۡهَبُونَ﴾ جا ئیتر ئێوە بۆ کوێ دەچن..؟! ئەوە کەی ڕێگەیە گرتوتانە بەر، دەربارەی قورئان؟ جارێک پێی دەڵێن: جادووە، جارێک

دەڵێن:هۆنراوەو شیعرە! ﴿٢٧ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ بەڕاستی ئەو تەنها ئامۆژگارییەکە بۆ جیهانەکانی ئادەمیی و پەری، وە لەوانە نیە ئێوە دەیڵێن ﴿٢٨ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ﴾ یاداوەرییە بۆ ئەو کەسەتان بیەوێ لەسەر ڕێی ڕاست ئیستیقامەی ببێ، واتە: قورئان تەنها کەڵکی بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەبێت ﴿٢٩ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ وە ئێوە ئارەزووی ئیستیقامە ناکەن، مەگەر خوای خاوەنی جیهانەکان ئارەزووی بکات، جا کەوابوو داوای یارمەتی هەر لەو بکەن و، خۆشتانی بە تەواوی بۆ ڕێک بخەن، تا خوایش پشتیوانتان بێ و ڕێنماییتان بکا، ئەگینە خوا بە زۆر هیچ کەسێک ناهێنێتە ژێر بار.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (تەکویر)،
زۆر سوپاس بۆ خوای باڵا دەست.

٨٢- سوورەی (ئینفیطار)ـە.

مەککەییەو (١٩) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوورەتی (ئینفیتار) وەک سوورەتی (تەکویر)، باسی تەقینەوەو تێکچوونی سیستمی بوونەوەرو، هاتنی ڕۆژی قیامەت دەکا، جا لە سەرەتاوە چەند دیمەنێکی بوونەوەر باسدەکات: وەک لەتبوون و بچڕانی ئاسمانەکان لە یەکترو، هەڵوەرین و کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەکان و، تەقینەوەی زەریاو دەریاکان و، وەرگێڕانەوەی مردووی گۆڕەکان و پاداش و تۆڵەی مرۆڤەکان: ﴿إذا السماء انفطرت.. علمت نفس ماقدمت وأخرت﴾. پاشان نکوڵیی و ململانێی ئادەمیی بەرامبەر بەو هەموو نازو نیعمەت و بەهرەیە، خوای بەخشەر پێی بەخشیوە!: ﴿يا أيها الإنسان ما غرك بربك الكريم.. في أي صورة ماشاء ركبك﴾، دواتر هۆی ئینکاریی و ململانێی مرۆڤەکان و، ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە ئادەمیی هەر چەندە نکوڵی بکات، دەستەیەک لە فریشتەکان کاروکردەوەکانی دەنووسن: ﴿كلا بل تكذبون بالدين.. يعلمون ما تفعلون﴾. ئەو ڕۆژەش ئادەمیی دەبێتە دوو دەستەوە: دەستەی چاککاران و، دەستەی بەدکاران، دەرەنجامی هەردوولایشیان: ﴿إن الأبرار لفي نعيم، وإن الفجار لفي جحيم.. يصلونها يوم الدين﴾ دیمەنێکی زۆر سەخت و گرانی قیامەتیش نیشان دەدا: ﴿وما أدراك مايوم الدين.. والأمر يومئذ لله﴾ پێشەوا (ئەحمەد) لە بارەی فەزیلەتی ئەم سوورەتەوە ئەم فەرموودەیەی هێناوە: ((مَن سرَّه أنْ يَنظُرَ إلى يَومِ القيامَةِ كأنَّه رأيُ عَينٍ، فليَقرَأْ:إذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ، و إِذَا السَّمَاءُ انْفَطَرَتْ، و إِذَا السَّمَاءُ انْشَقَّتْ، وأحسِبُ أنَّه قال: سورةَ هُودٍ)). واتە: ئەوەی پێیخۆشە کە بە چاوی خۆی بڕوانێتە دیمەنێکی ڕۆژی بەرێ، با سوورەتی (تەکویر)و

(إنفطار)و (ئینشیقاق) بخوێنێ. (مسند أحمد بن حنبل، ومن مسند بني هاشم، مسند عبد الله بن عمر رضي الله عنهما، حديث: ٤٦٤٦، قال الشيخ الأرناؤوط: إسناده حسن).

مرۆڤ نابێ خوا لە بیر کاو، قیامەتیش هەر دێ:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * ١ إِذَا السَّمَاءُ انفَطَرَتْ﴾ کاتێ ئاسمان (بە فەرمانی خوا) لەت لەت دەبێ و هێزی کێشندەی دەبچڕێ ﴿٢ وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انتَثَرَتْ﴾ و دەمێک ئەستێرەکان بەربوونەوەو پەرش و بڵاوبوون و ڕژانە خوارو لە جێگای خۆیاندا ترازان ﴿٣ وَإِذَا الْبِحَارُ فُجِّرَتْ﴾ و ساتێکیش دەریاکان تەقێنرانەوەو بەردرانە ناو یەکترو بوونە یەکپارچە، بەهۆی جموجوڵی زەوییەوە شیرین و سوێریان تێکەڵبوون ﴿٤ وَإِذَا الْقُبُورُ بُعْثِرَتْ﴾ کاتێکیش گۆڕەکان هەڵگێڕدرانەوەو، مردووەکان دەرهێنران لێیان و هەرچی لەناو سکی زەوییدا بوو فرێیدایە دەرێ ﴿٥ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ﴾ کە ئەوانە ڕوویاندا، ئەوسا هەموو کەسێک دەزانێ چی پێش خۆی خستووە لە چاک و خراپ، دەشزانێ چیشی دوای خۆی خستووە لە سوننەتی (حسنة)و (سيئة). ﴿٦ يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ﴾ ئەی ئادەمیی! چی تۆی تەفرەو فریو داو بەرامبەر بە پەروەردگاری بەخشندەت کافر بوویت لەگەڵ ئەو هەموو نیعمەت و بەخش
شانەدا؟ ﴿٧ الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ﴾ ئەوەی دروستیکردیت لە نەبوون، ئینجا بە شێوەیەکی زۆر جوان ئەندامەکانی ڕێکخستیت، قەدو بەژن و باڵاو ئەندامی شیاوو گونجاوی پێ بەخشیت، جا ڕێک و پێکی کردیت، واتە: قەدو قامەت و باڵا لە جوانترین شێوەی پێبەخشیت ﴿٨ فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ﴾ لە هەر شێوەو دیمەنێکدا خۆی ویستی یەکی خستیت ﴿٩ كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ﴾ نەخێر، ئێوە تەفرە مەخۆن بەو ڕێزو حورمەتەی من بەرامبەرتان و لاڕێ مەبن، جا دەبوو سوپاسگوزار بن، کەچی هێشتا بڕواشتان بە ڕۆژی پاداشت و تۆڵە نیەو ئینکاری دەکەن.

فریشتە گشت کارێکی مرۆڤ تۆمار دەکەن:

﴿١٠ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ﴾ لە کاتێکدا -کە ئێوە ئەوەندەش لاسارو یاخیین- دەستەیەک لە فریشتەی چاودێرو پارێزەرتان لەسەر دانراوە، هەرچی بکەن دەینووسن ﴿١١ كِرَامًا كَاتِبِينَ﴾ ڕێزدارانێکی نووسەرن ﴿١٢ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ﴾ دەزانن چی دەکەن، واتە: بە هەموو کارو کردەوەیەکتان بە ئاگان.

پاداشی چاکان و، تۆڵەی خراپان:

﴿١٣ إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ﴾ بەڕاستیی چاکان لە ناو خۆشی بەهەشتدان ﴿١٤ وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ﴾ و بێگومان تاوانباران و بەدکارانیش لە ئاگری دۆزەخدان ﴿١٥ يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ الدِّينِ﴾ لە ڕۆژی پاداشتدا دەچنە ناویی و، گەرمای ئەچێژن و دەسوتێن ﴿١٦ وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَائِبِينَ﴾ و قەتیس دەمێنن و، هەرگیز لێنابڕێن و دوور نابن، بەڵکو بە هەتا هەتایی لەوێن ﴿١٧ وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ﴾ وە تۆ

بەچی ئەزانیت (ئەی ئینسان!) ڕۆژی پاداشت چیەو چۆنە؟ ئەوەندە گران و سەختە، مەگەر خوا خۆی وێنەییت بۆ باس بکات ﴿١٨ ثُمَّ مَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ﴾ دیسان - بۆ جارێکی تر- تۆ چووزانیت ڕۆژی قیامەت و پاداشت و تۆڵە چیەو چۆنە؟ ﴿١٩ يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗاۖ﴾ ڕۆژێکی سەختی وەهایە کە هیچ کەسێک بۆ کەسێکی تر هیچی بە دەست نیە ﴿وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ﴾ وە ئەو ڕۆژە هەموو کارو فرمانێک هەر بۆ خوایە، وەکو لە جێگایەکی تردا دەفەرموێ: ﴿لمن الملك اليوم، لله الواحد القهار﴾١٦/٤٠. هیچ کەسێکیش ناتوانێت چەلەحانێ و ململانێ لەگەڵ خوا بکا.

كـۆتـايـی تەفسیری سـوورەتی (ئینفیـطـار)،

لەگەڵ سوپاسی زۆرم بۆ خوای گەورە.

٨٣- سوورەتی (موطەففین)ــە.

مەککەییەو (٣٦) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی تەرازوبازیی خەڵکانی مەککە دەکات، هەرچەندە دەبوو ئەم حوکم و مەسەلە شەرعییە لە مەدینەدا باس بکرایە، جا لەبەر ئەوە بۆتە جێی سەرنج و ورد بوونەوەی ڕاڤەکارانی قورئان، (ئیبن ماجە) لە (ئیبن عەباس)ـەوە دەگێرێتەوە: ((لَمَّا قَدِمَ النَّبِيُّ ﷺ الْمَدِينَةَ كَانُوا مِنْ أَخْبَثِ النَّاسِ كَيْلاً، فَأَنْزَلَ اللَّهُ سُبْحَانَهُ: وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ، فَأَحْسَنُوا الْكَيْلَ بَعْدَ ذَٰلِكَ)) (سنن ابن ماجه، كتاب التجارات، باب التوقي في الكيل والوزن، حديث: ٢٢٢٠، قال الأرنأووط: إسناده صحيح، وحسنه الألباني في سنن أبي داوود برقم: ٢٢٢٣). واتە: ئەو دەمەی کە پەیامبەر ﷺ هاتە مەدینە خەڵکانی ئەوێ بە شێوەیەکی زۆر خراپ کێشانەو پێوانەیان دەکرد، تا دەرەنجام فەرماییشتی: ﴿ويل للمطففين﴾ هات، پاشان حاڵی خۆیانیان گۆڕیی و چاک بوون. سەرەڕای ئەوەیش وەک سوورەتە مەککەییەکانی تر باسی بیروباوەڕە بنەڕەتیە ئیسلامییەکان دەکات، لە سەرەتاوە هێرشێکی توندو تیژ دەکاتە سەر خەڵکانی تەرازووبازچی، ئەوانەی وا لە قیامەت ناترسن و، هیچ حسابێک بۆ خۆیان ناکەن: ﴿ويل للمطففين الذين إذا اكتالوا على الناس يستوفون﴾ پاشانیش باسێک لە هەموو سنوور دەرچوو و، بەدکاران دەکات لەگەڵ هەڵسەنگاندنی پاداش و تۆڵەیاندا: ﴿كلا إن كتاب الفجار لفي سجين، وما أدراك ما سجين..﴾ ئینجا لاپەڕەیەکی جوانی زێڕین بۆ چاکان و پارێزگاران دێنێت: ﴿إن الأبرار لفى نعيم..﴾، وە بەکورتە باسێک لە هەڵوێستی بەدکاران بەرامبەر بە موسڵمانان کۆتایی دێ: ﴿إن الذين أجرموا كانوا من الذين آمنوا يضحكون﴾.

کەم فرۆشی مایەی زیانمەندی دوا ڕۆژە:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * ١ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ﴾ تیاچوون بۆ یاریکەران بە پێوانەو تەرازوو ﴿٢ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ﴾ ئەوانەی کاتێ پێوانە بۆ خۆیان بکەن و شت لە خەڵکی بکڕن، بە ڕێک و پێکی ئەنجامی دەدەن و بە تەواوی وەری دەگرن ﴿٣ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ﴾ وە کاتێ پێوانە، یا کێشانە بۆ خەڵک بکەن و شتیان پێ بفرۆشن بە ناتەواوی بۆیان ئەنجام دەدەن، جا ئایەتی: ﴿وأوفوا الكيل إذا كلتم﴾ ٣٥/١٧. یان: ﴿وأقيموا الوزن بالقسط ولا تخسروا الميزان﴾ ٩/٥٥. بۆ دوپاتی ڕاستکردنەوەی ئەو حاڵەتە ناهەموارەیە ﴿٤ أَلَا يَظُنُّ أُولَٰئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ﴾ ئایا ئەوانە نازانن و بڕوایان نیە کە بەڕاستی زیندوو دەکرێنەوە بۆ وەرگرتنی تۆڵەی فێڵ و خەیانەتیان ﴿٥ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ بۆ ڕۆژێکی زۆر بە سام و گەورە. واتە: ترازوو بازی کردەی کەسێکە هەرگیز بڕوای بە زیندووبوونەوە نەبێت..! ﴿٦ يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ئەو ڕۆژەی هەموو خەڵکی بە پێوە دەوەستن بۆ حوکم و فەرمانی خواوەندی جیهانەکان. عەبدوڵڵای کوڕی عومەر C دەڵێ: پەیامبەر S دەفەرموێ: ((يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ العَالَمِينَ، حتَّى يَغِيبَ أحَدُهُمْ فِي رَشْحِهِ إلى أنْصَافِ أُذُنَيْهِ.)) واتە: ئەو ڕۆژە ئەوەندە سەختەو خەجاڵەت هێنەرە، هەر یەکەیان لە نێو ئارەقی خۆیدا تا بنە گوێی ون دەبێ. (صحيح البخاري، كتاب تفسير القرآن، سورة البقرة، باب يوم يقوم الناس لرب العالمين، حديث: ٤٦٥٦، صحيح مسلم، كتاب الجنة وصفة نعيمها وأهلها، باب في صفة يوم القيامة أعاننا الله على أهوالها، حديث: ٥٢١٤).

کارنامەی بەدکاران لە (سجین) دایە:

﴿٧ كَلَّا﴾ دەست لە یاریکردن بە پێوانەو تەرازوو هەڵگرن ﴿إِنَّ كِتَابَ الْفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٍ﴾ بەڕاستی کارنامەی بەدکاران لە جێگایەکی زۆر تەنگ و قوڵی دۆزەخدایە، پێیدەڵێن: (سجين). بۆیە دەفەرموێ: ﴿ثم رددناه أسفل سافلين..﴾ ٥/٩٥. یان ﴿وإذا ألقوا منها مكانا ضيقا مقرنين دعوا هنالك ثبورا﴾ ١٣/٢٥. ﴿٨ وَمَا أَدْرَاكَ مَا سِجِّينٌ﴾ چی تۆی شارەزا کرد کە (سجین) چیە؟ ﴿٩ كِتَابٌ مَّرْقُومٌ﴾ نامەیەکی مۆر کراوو لۆکە، وە هیچ خێرێکی تیا نیە، وە دەستکاریش ناکرێ، چۆن کردەوەکانیان تۆمار کرابێ، وا دێتە بەر دەستیان ﴿١٠ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾ تیاچوون لەو ڕۆژەدا بۆ بە درۆ خەرەوان ﴿١١ الَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ﴾ ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی پاداش و تۆڵە نیەو بە درۆی دەزانن ﴿١٢ وَمَا يُكَذِّبُ بِهِ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ﴾ خۆ مەگەر هەر مرۆڤە سنوور بەزێن و گوناهبارەکان بە درۆی بزانن و باوەڕی پێ نەکەن ﴿١٣ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ آيَاتُنَا﴾ کاتێ ئایەتەکانی ئێمەی بەسەرا بخوێندرێ بۆ چەسپاندن و دووپاتکردنەوەی زیندووبوونەوە ﴿قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾ دەڵێ ئەمە ئەفسانەی پێشینانە تۆمار کراوە، وەک لە جێگایەکی تردا ئەفەرموێ: ﴿وإذا قيل لهم ماذا أنزل ربكم قالوا أساطير الأولين﴾ ٢٤/١٦. یان دەفەرموێ: ﴿وقالوا أساطير الأولين اكتتبها فهي تملى عليه بكرة وأصيلا﴾ ٥/٢٥. ﴿١٤ كَلَّا﴾ نا، ئەفسانەی پێشووان نیە ﴿بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ بەڵکو ئەوەی دەیانکرد لە تاوان و گوناه زاڵبووە بەسەر دڵەکانیاندا، بۆیە ڕاست و ناڕاست لە یەک ناکەنەوەو ئایەتەکانمان بە درۆ دەخەنەوە. ئیمامی (ئەحمەد) ئەم فەرموودەیە دێنێت: هەر بەندەیەک کە گوناح دەکات، خێرا خاڵێکی ڕەش بە

دڵیەوە دەنووسێ، جا ئەگەر تەوبەی کردو پەشیمان بوویەوە، ئەوا لێی پاک دەبێتەوە، ئەگەرنا، وردە وردە زیاد دەکا تا بەتەواوی دڵی ژەنگ دەگرێت، هەر ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ: ﴿كلا بل ران على قلوبهم ماكانوا يكسبون﴾. (مسند أحمد بن حنبل، ومن مسند بني هاشم، مسند أبي هريرة رضي الله عنه،حديث: ٧٧٤٦، قال الأرنأووط: إسناده قوي، محمد بن عجلان صدوق قوي الحديث، وباقي رجاله ثقات رجال الصحيح). ﴿[١٥] كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ﴾ ئاگاداربن! بەڕاستی ئەوانە لەو ڕۆژەدا لە دیتنی خواوەندیان مەحجووبن و نایبینن. پێشەوا (شافیعی) دەڵێت: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر دیتن و بینینی خوای پەروەردگار لە رۆژی بەرێدا، پێشەوا (مالیک)یش دەڵێت: کاتێک کە دیتنی زاتی خوا دوژمنانی لێ بێ بەش بکرێت، ئەوا بێگومانە کە زاتی خۆی دەرئەخات بۆ دۆستەکانی، وەک ئەفەرموێ: ﴿وجوه يومئذ ناضرة، إلى ربها ناظرة﴾ ٢٢/٧٥-٢٣. ﴿[١٦] ثُمَّ إِنَّهُمۡ لَصَالُواْ ٱلۡجَحِيمِ﴾ پاشان بێگومان دەخرێنە ناو دۆزەخەوەو دەسوتێن ﴿[١٧] ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ﴾ پاش چوونە ناو دۆزەخ پێیان ئەوترێ: ئەمە ئەو سزایەیە ئێوە بە درۆتان دەزانی.

کارنامەی پیاوچاکانیش لە (علیین) دایە:

﴿[١٨] كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلۡأَبۡرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ﴾ ئاگاداربن! کە کارنامەی چاکان لە جێگایەکی زۆر بەرزو بڵندداپە لە بەهەشتدا ﴿[١٩] وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ﴾ جا تۆ چووزانیت ئەو جێگا بەرزە چیە؟ ﴿[٢٠] كِتَٰبٞ مَّرۡقُومٞ﴾ نامەیەکی سەر بە مۆروو لۆکەو، خێری تێدایە ﴿[٢١] يَشۡهَدُهُ ٱلۡمُقَرَّبُونَ﴾ فریشتە نزیکەکانی خوا دەیکەنەوەو ئەیبینن و ئامادەی دەبن، واتە: نامەی کردەوەکان لای فریشتەکان هەڵگیراوە. (ئیبن عەباس) لە (کەعب)ی پرسی: (سجین) لە کوێیە؟ وتی: زەویی حەوتەمەو رۆحی کافرو خوا نەناسان فڕێ دەدرێتە ئەوێ، (علیین)یش لە ئاسمانی حەوتەمەو، رۆحی ئیماندارانی بۆ دەبرێت، (جامع البيان في تفسير القرآن للطبري، سورة المطففين، القول في تأويل قوله تعالى: كلا إن كتاب الأبرار لفي، وقوله: لفي عليين، حديث: ٣٣٩٥٦ و ٣٣٩١٠). ﴿[٢٢] إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٍ﴾ بەڕاستیی چاکان لە ناو خۆشیی و بەهرەیەکی ئێجگار زۆردان لە بەهەشتدا ﴿[٢٣] عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ﴾ لەسەر کورسیی و قەنەفە رازاوەکانی بەهەشتدا دانیشتوون و تەماشای ئەو هەموو نازو نیعمەت و بەهرەی بەهەشتە دەکەن کە بۆیان ئامادە کراوە ﴿[٢٤] تَعۡرِفُ فِي وُجُوهِهِمۡ نَضۡرَةَ ٱلنَّعِيمِ﴾ لە ڕووخسارياندا ڕوو گەشیی و خۆشی بەهەشت دەبینیی و دەزانیت ﴿[٢٥] يُسۡقَوۡنَ مِن رَّحِيقٖ مَّخۡتُومٍ﴾ لە شەرابێکی پاک و صاف و سەر مۆریان پێدەنۆشێ، واتە: دەستی هیچ کەسێکی لێ نەکەوتووەو چاکان خۆیان سەرەکەی لا دەبەن ﴿[٢٦] خِتَٰمُهُۥ مِسۡكٞ﴾ دوا قومی بۆنی میسکی لێ دێت، واتە: وەک شەرابی دونیا نیە تا بۆگەنیی و سەر ئێشەو دەردو داوێکی زۆری هەبێت ﴿وَفِي ذَٰلِكَ فَلۡيَتَنَافَسِ ٱلۡمُتَنَٰفِسُونَ﴾ جا ئەوانەی کە پێشبڕکێ و پێشدەستی دەکەن، با لەوەدا پێش دەستیی و کێبەرکێ بکەن و هەوڵبدەن بۆ کاروکردەوەی چاک، وەک دەفەرموێ: ﴿لمثل هذا فليعمل العاملون﴾. ﴿[٢٧] وَمِزَاجُهُۥ مِن تَسۡنِيمٍ﴾ هەروەها ئەو شەرابە پاکە لەگەڵ ئاوی کانیاوێکی بەرزو پاک و خۆشدا تێکەڵکراوە، واتە: شەرابی بەهەشت لە ئاوی (تەسنیم)ی تێکەڵ دەکرێ، ئەوجا دەیاندرێتێ بیخۆنەوە ﴿[٢٨] عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا ٱلۡمُقَرَّبُونَ﴾ سەرچاوەیەکە نزیکانی خوا لێی دەخۆنەوە، کەوابوو پلەی (مقربون) بەرزترە لەپلەی (أبرار).

تاوانباران بە موسڵمانان پێدەکەنن:

ناودارانی قورەیش هەردەم پێدەکەنین و سووکایەتیان بە موسڵمانانی ئەو سەردەمە دەکرد، جا خوای بە بەزەیی ئەم ئایەتەی ناردو فەرمووی: ﴿٢٩ إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ كَانُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يَضۡحَكُونَ﴾ بێگومان ئەوانەی بەد کرداربوون لە دونیادا پێدەکەنین بەوانەی بڕوایان هێنابوو ﴿٣٠ وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمۡ يَتَغَامَزُونَ﴾ و کاتێ بەلایاندا تێدەپەڕین سرتە سرتیان دەکردو چاویان لە یەکتر دادەگرت، بە مەبەستی ئازاردانی دڵ و دەروونی بڕوادارەکان ﴿٣١ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ﴾ و کاتێکیش دەگەڕانەوە بۆلای خێزان وماڵەوەیان ﴿ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ﴾ بە خۆشیی و بە گاڵتە کردنەکەیان بە ئیماندارەکان دەگەڕێنەوە ﴿٣٢ وَإِذَا رَأَوۡهُمۡ﴾ و کاتێ بڕوادارەکانیان دەبینی ﴿قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ﴾ ئەیانوت: بەراستیی ئەو کۆمەڵە بڕوادارانە سەر لێشێواوو گومڕان! ﴿٣٣ وَمَآ أُرۡسِلُواْ عَلَيۡهِمۡ حَٰفِظِينَ﴾ لە کاتێکدا ئەوان نەنێردرابوون بە چاودێر بە سەریانەوە، واتە: بۆ خۆیان دەڵێن، ئەی ئەوان مافی ئەوەیان نیە کاروکرداری موسڵمانان هەڵسەنگێنن. وە لە جێگایەکی تردا دەفەرموێ: ﴿إنه كان فريق من عبادي يقولون ربنا فاغفر لنا وارحمنا وأنت خير الراحمين فاتخذتموهم سخريا حتى أنسوكم ذكري وكنتم منهم تضكون﴾ ١٠٩/٢٣. بۆ دووپاتی ئەو ماناو مەبەستەیە. ﴿٣٤ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئیتر ئەمڕۆش - ڕۆژی قیامەت- بڕوادارەکان ﴿مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ﴾ بە کافران و بێ بڕواکان پێدەکەنن، واتە: هەر وەک ئەوان لە دنیادا گاڵتەیان بەمان دەکرد، ئەمانیش لەو ڕۆژەدا گاڵتە بەوان دەکەنەوە ﴿٣٥ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ﴾ لەسەر قەنەفە ڕازاوەکانەوە پاڵیان لێداوەتەوەو تەماشا دەکەن و دۆزەخییەکان بەچاوی خۆیان دەبینن و پێیان دەڵێن: ﴿٣٦ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ﴾ ئاخۆ بێ بڕواکان پاداشتی کاروکردەوەکانیان دراوەتەوە؟.

بەڵێ لە هەموو سەردەمێکدا ئەو جۆرە مرۆڤە تاوانبارو خراپکارانە هەن و سوکایەتیی و گاڵتەو لاقرتێ بە دەستەی بڕواداران دەکەن و، داناو زانا دەبێ بە نادان و نەزان و، نەزانیش دەبێ بە زانا.!! جا لە پاشە ڕۆژدا هەموویان بەری کێڵگەی خۆیان دەخۆنەوە.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (مطففين).

زۆر سوپاس بۆ خوای کارجوان.

٨٤- سوورەتی (ئینشیقاق)ـە.

مەککەییەو (٢٥) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە وەک سورەتی (تەکویر)و (إنفطار) باسی وێرانبوونی جیهان و ئاسمانەکان و زەویی دەکات پێش هاتنی رۆژی دوایی، وە هەر وەکو هەموو سوورەتە مەککەییەکانی تر، باسی بیروباوەڕە سەرەکییەکانی ئیسلام دەکات، جا لە سەرەتاوە هەندێ دیمەنی وەرگەڕان و وێران بووی بوونەوەر باس دەکات: ﴿إذا السماء انشقت، وأذنت لربها وحقت﴾، لە پاشانیش باسی ئادەمیزاد دەکات کە چۆن هەمیشە ماندوو شەکەت ئەبێ لە پێناوی بەدەست هێنانی ڕزق و ڕۆزیداو دەرەنجام یان چاکە پێش ئەخات بۆ پاشە ڕۆژی خۆی، یان خراپە، دیارە پاداش و تۆڵەیش هەر بەپێی ئەو هەوڵانە دەبێت: ﴿یا أیها الإنسان إنك كادح إلى ربك كدحا فملاقیه﴾، کەمێکیش هەڵوێستی بێ بڕوایان سەبارەت بە قورئان باس دەکاو، تێشیان دەگەیەنێت کە سزاو ئەشکەنجەیەکی گەورەیان لە قیامەتا تووش دەبێت، لە کۆتاییشدا باسی بێ بڕوایان دەکاو سەر زەنشتیان دەکات لەسەر ئەوەی کە بڕوا ناهێنن لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا. جا لە گەورەیی و فەزیلەتی ئەم سوورەتەیە کە پێشەوا (بوخاریی) ئەم فەرموودەی هێناوە: (ئەبو رافیع) دەڵێ: لە دوای (ئەبوو هورەیرە)وە نوێژی (عیشا)م کرد، دەبینم سوورەتی: ﴿إذا السماء انشقت﴾ی خوێندەوەو، سوژدەشی برد، منیش وتم: ئەوە چی بوو ئەو سوژدەیە؟ وتی: منیش جارێ لە دوای (ئەبولقاسم)ـەوە موحەممەد ﷺ نوێژم کرد، دیتم سوژدەی برد، بۆیە تا منیش ماوم لەم جێگایەدا هەر سوژدە دەبەم. صحيح البخاري، كتاب الأذان، أبواب صفة الصلاة، باب القراءة في العشاء بالسجدة، حديث: ٧٤٧.

کە قیامەت هات ئاسمان ترەك دەباو،
زەوی ڕادەخرێ:

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾ ١ کاتێک ئاسمان لەت و پەت بوو و ئەم دەستوورو سیستەمە نەماو هەڵوەشایەوە ﴿وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ﴾ ٢ وە گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگاری خۆی بوو و شیاویش بوو بۆی ملکەچ بێت ﴿وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ﴾ ٣ کاتێکیش زەویی پان و فراوان کراو کێوەکان بەرزو نزمیان تیا نەماو، بوونە دەشتێکی کاکی بە کاکیی، وەک (حاکمی نەیسابوری) ئەم فەرموودەیە دێنێ: ((تُمَدُّ الْأَرْضُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَدًّا لِعَظَمَةِ الرَّحْمَنِ، ثُمَّ لَا يَكُونُ لِبَشَرٍ مَنْ بَنِي آدَمَ إِلَّا مَوْضِعَ قَدَمَيْهِ..)) المستدرك على الصحيحين للحاكم، كتاب الأهوال، حديث: ٨٧٩٠، هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ، و وافقه الذهبي. واتە: کە ڕۆژی قیامەت هات، خواوەند - وەک پێستە- زەویی ڕا دەخاو مەردمیش تەنیا جێی پێی خۆی دەبێتەوە، ئەوسا (پێغەمبەر) یەکەم کەسێکم بانگ دەکرێم و شەفاعەتی ئوممەتم دەکەم. ﴿وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتۡ﴾ ٤ وە چی تیابوو تووڕی

داو خاڵی بووەوە لێی ﴿٥ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ﴾ و گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگاری خۆی بوو، وە شیاویش بوو بۆی ملکەچ بێ، جا کە ئەوە ڕوویدا مرۆڤ دەبینێ چی پێشی خۆی خستووە لە چاکەو خراپە.

پاداش و تۆڵە بۆ کاروکردەوەی ڕاستە:

﴿٦ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَـٰنُ﴾ ئەی ئادەمیی! ﴿إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحًا فَمُلَـٰقِيهِ﴾ بەڕاستیی تۆ هەردەم لە کۆششکردندایت بە کۆشش کردنێکی جددی بۆلای پەروەردگارت، جا پێی دەگەیت تێکۆشاندانت و زۆر خۆت ماندوو دەکەیت، سەرەنجامیش دەبێ بەرەو پەروەردگارت بڕۆیت و ڕوو بە ڕووی ئەو ببیتەوەو بچییە دیداریی، جا ئیتر ئەوکاتە بەری کێڵگەی خۆت دەخۆیتەوە لە چاکە، یان لە خراپە، وەک دەفەرموێ: ﴿٧ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَـٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ﴾ ئینجا ئەو کەسەی نامەو دۆسیەی کاروکردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی، کە ئەوەش نیشانەی بەختیارییە ﴿٨ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا﴾ ئیتر پرسینەوەیەکی سووک و ئاسانی لەگەڵدا دەکرێت، پاشان پاداش وەردەگرێ، وە لە خراپەکانیشی ئەبووردرێ ﴿٩ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورًا﴾ و بەخۆشیی و شادییەوە ئەگەڕێتەوە لای ژن و مناڵ و خزم و کەس و کاری خواناسی لە بەهەشتدا ﴿١٠ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَـٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ﴾ وە بەڵام ئەوکەسەی کە لە پشتییەوە نامەی کردەوەکانی درایە دەستی، کە ئەوە نیشانەی بەدبەختییە ﴿١١ فَسَوۡفَ يَدۡعُواْ ثُبُورًا﴾ ئەوا هاوارو دادی لێ هەڵدەستێ و داوای مردنی خۆی دەکات ﴿١٢ وَيَصۡلَىٰ سَعِيرًا﴾ چونکە دەزانێ ڕا دەکێشرێتە ناو ئاگرێکی بڵێسە دارو سوتێنەرەوە، سزاو گەرمایشی دەچێژێ، لەبەر ئەوە کە: یەکەم: ﴿١٣ إِنَّهُۥ كَانَ فِيٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورًا﴾ چونکە ئەو لە دونیادا لە ناو خزم و کەسوکاری خۆیدا کەیف خۆش و شاد بوو. دووەم: ﴿١٤ إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ﴾ پێی وابوو کە هەرگیز زیندوو نابێتەوەو ناگەڕێتەوە بۆلای پەروەردگاریی ﴿١٥ بَلَىٰٓۚ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرًا﴾ بەڵێ دەگەڕێتەوەو موحاسەبەی دەکرێ، وە بەڕاستیی پەروەردگاریی لە دنیادا چاک ئاگاداری کردەوەکانی بوو و بینابوو پێیان.

مرۆڤ قۆناغی جیاجیا دەبڕێ:

﴿١٦ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ﴾ جا سوێند دەخۆم بە سووریی دەمیی ئێواران کە تا وەختی عیشا دەخایێنێ ﴿١٧ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ﴾ وە بە شەوو بەو شتانەش کۆیان دەکاتەوە لە تاریکیەکەیدا لە خەڵکیی و ئاژەڵ و، هتد. ﴿١٨ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ﴾ وە سوێندم بە مانگی چواردە، ئەوکاتە کە پڕ دەبێتەوەو خەرمانە ئەدا ﴿١٩ لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ﴾ سوێند بەوانە ئێوە پلە بە پلە دەگەن بە سەختیەکانی قیامەت.

لەبەر لووت بەرزیی و فیز باوەڕ ناهێنن:

﴿٢٠ فَمَا لَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾ جا چییانە باوەڕ ناهێنن؟، دوای ئەو هەموو بەڵگەو نیشانانە، دەبوو مرۆڤی بیر تیژو ژیر ملی ڕاکێشایە بۆ خوا، نابینێ شەو چۆن چەتری ڕەشی خۆی هەڵدەدات و، مانگ و ڕووناکییەکەی دەخاتە ئاسمان؟!

﴿٢١ وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ ٱلْقُرْءَانُ لَا يَسْجُدُونَ ۩﴾ وە کاتێ قورئانیان بە سەردا بخوێنرێ سەر دانانەوێنن بەوەی باوەڕی پێ بێنن ﴿٢٢ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُكَذِّبُونَ﴾ لەبەر ئەوە نییە قورئان کاریگەریی نەبێت لە سەریان، بەڵکو ئەوانەی کافرن درۆی دەدەنە پاڵ، بۆیە کاتێ قورئان بە سەریاندا دەخوێنرێ ملکەچی نابن ﴿٢٣ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُوعُونَ﴾ وە خواش زاناترە بەوەی دەیشارنەوە لە سنگیاندا دەربارەی قورئان و پێغەمبەرو ئیسلام ﴿٢٤ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ دەسا تۆش مژدەیان پێ بدە بە سزایەکی بە ئێش ﴿٢٥ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کارە چاکەکانیان کردووە ﴿لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ﴾ پاداشێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیەو هەردەم لە ژێر میهرەبانی خوای گەورەدان، وەک لە ئایەتی تردا ئەفەرموێ: ﴿عطاء غير مجذوذ﴾ ١٠٨/١١.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (ئینشیقاق).

ولله الحمد والمنة وبه التوفيق والعصمة.

٨٥- سوورەتی (بڕوج)ـە.

مەککەییەو (٢٢) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە چەند حەقیقەت و ڕاستییەک لە بیروباوەڕی ئیسلام نیشان دەدات، تەوەرەکەیشی باسی خاوەن لەغەمەکان (أصحاب الأخدود)ن، ئەوانەی وا بە ئەوپەڕی دڵڕەقییەوە ئەشکەنجەو ئازاری ئیماندارەکانیاندا، ئەوانیش بە ئەوپەڕی متمانەوە بیروباوەڕی خۆیانیان پاراست و ململانێیان لەگەڵ ئەو تاغووتانەدا کرد، وە بە چەندیین سوێند دەست پێدەکات لەسەر ئەوەی کە تاوانباران لە ناو دەبرێن و سزا دەدرێن، پاشان هەڕەشە دەکا لەوانەی کە ئەزیەت و ئازاری موسڵمانان دەدەن، ئینجا تواناو دەسەڵاتی خوا بۆ تۆڵە سەندن لە تاوانباران باس دەکا، لە دواییدا بە کورتەیەک داستانی فیرعەون و دەسەڵاتی خوای گەورە بەرامبەریان دێتە پێش، جا بەم شێوەیە دەست پێدەکات: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * وَٱلسَّمَآءِ ١ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾ سوێند بە ئاسمانی دوازدە کەلو (بورج)ـە، کە خۆر لە ساڵێکدا بە هەر دوازدەکەدا تێدەپەڕێ، واتە: هەر مانگەی لە یەکێکیانەوە دەڕوات، کە ئەمەیش دەسەڵاتی بێ سنووری خوا نیشان دەدات ﴿٢ وَٱلْيَوْمِ ٱلْمَوْعُودِ﴾ وە بە ڕۆژی بەڵێن دراو، بۆ حیساب و پاداش ﴿٣ وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ﴾ وە بە هەموو ئەو شتانە دەبینن و بەو شتانەیش دەبینرێن، ئەگەرچی زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن: مەبەست بە (شاهد) ڕۆژی هەینییەو مەبەست بە (مشهود) ڕۆژی (عەرەفە)یە. (المستدرك على الصحيحين للحاكم، كتاب التفسير، تفسير سورة البروج، حديث: ٣٨٥١، وقال: حديث صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ، وَ وَافَقَهُ الذَهَبِيُ). جا سوێند بە هەموو ئەمانە، لە پێش ئێوەوە کۆمەڵێ موسڵمان هەبوون لەسەر ئایینی عیسا u تووشی دەسەڵاتدارێکی دڵڕەقی بێ

بەزەیی، هەمیشە دەردی سەریی دەدان، بۆ ئەوەی لە ئایینەکەیان وەریان گێڕێ و پەشیمان ببنەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان بە نەزۆک مایەوە، بۆیە بڕیاریاندا بیانسوتێنن، جا ئەوە بوو هاتن لەغمێکی گەورەیان بۆ هەڵکەندن و ئاگریان تیا کردەوەو، بڕوادارەکانیان خستە ناویەوەو، هیچ کەسێکیان دڵی دانەچڵەکیی و لە باوەڕەکەیان پەشیمان نەبوونەوە!

یارانی کەلوو (ئوخدود) ستەمیان لە ئیماندارانی کرد:

﴿٤ قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ ٥ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلۡوَقُودِ﴾ بە کوشت چن خاوەنانی لەغەمەکانی ئاگری بە سووتک، دەرەنجام خاوەن لەغەمەکان ئەوانەی بڕیاری ئەو لەغەمەیان دا نەفرینکران، ئەوەبوو خوای گەورە تۆڵەی لێسەندن ﴿٦ إِذۡ هُمۡ عَلَيۡهَا قُعُودٞ﴾ کاتێ دانیشتبوون لەسەر لێواری لەغەمەکان، کەیفیان دەکرد بە سووتاندنی موسڵمانەکان ﴿٧ وَهُمۡ عَلَىٰ مَا يَفۡعَلُونَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ شُهُودٞ﴾ وە ئەوان لەسەر ئەوەی دەیانکرد بە بڕوادارەکان ئامادەبوون، مەبەست لەم داستانە وشیارکردنەوەی (قوڕەیش)ـە، کە ئەگەر ئەوانیش دەست لە ئەشکەنجەی موسڵمانەکان هەڵنەگرن خوا لە میهرەبانی خۆی بێ بەشیان دەکات و ئەیان فەوتێنێ، لەملایشەوە دڵدانەوەی موسڵمانەکانە ﴿٨ وَمَا نَقَمُواْ مِنۡهُمۡ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ﴾ عەیبیان لێنەدۆزی بوونەوەو هیچ شتێکیان پێناخۆش نەبوو لێیان، ئەوە نەبێت کە باوەڕیان هێنابوو بە خوای دەسەڵاتداری سوپاسکراو ﴿٩ ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ ئەو خوایەی دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەوە ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ﴾ و وە خوا ئاگایشی بەسەر هەموو شتێکا هەیەو هیچی لێ ون نابێت، بە تایبەت ئەوانەی وا سزای موسڵمانان دەدەن.

تۆڵەی یارانی کەلوو:

﴿١٠ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُواْ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ﴾ بێگومان ئەوانەی کە پیاوانی بڕوادارو ژنانی بڕوادرایان ئازارداو دژایەتیان کردن ﴿ثُمَّ لَمۡ يَتُوبُواْ﴾ لە پاشا تەوبەشیان نەکرد ﴿فَلَهُمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمۡ عَذَابُ ٱلۡحَرِيقِ﴾ سزای دۆزەخ و سزای ئاگری سوتێنەریان بۆ هەیە، چونکە ئەوانیش موسڵمانەکانیان دەسوتاند. ئینجا پاشە ڕۆژی موسڵمانەکان باس دەکات: ﴿١١ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ بێگومان ئەو کەسانەش بڕوایان هێنابوو ﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کارە چاکەکانیان کرد بوو ﴿لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ﴾ لە بەهەشتدا چەندیین باخیان بۆ هەیەو لە بنکی درەختەکانیانەوە جۆگە لە ئاوو ڕووبارەکان دەڕۆن ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡكَبِيرُ﴾ ئا ئەوەشە دەسکەوتی گەورە.

هەڵمەتی پەروەردگار زۆر حەستەمە:

پاشان خوای گەورە باسی دەست وەشاندنی خۆی دەکات لە دوژمنانی دینەکەی وەک دەفەرمووێ: ﴿١٢ إِنَّ بَطۡشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ﴾ بەڕاستیی دەست وەشانی پەروەردگارت زۆر توندو بەتینە، هەرگیز مرۆڤ ڕزگاری نابێ لێی ﴿١٣ إِنَّهُۥ هُوَ يُبۡدِئُ وَيُعِيدُ﴾ بەڕاستیی ئەو خوایەیە لەسەرەتاوە بێ بناغە خەڵکی دروست دەکات و، پاش مردن و نەمانیشی ئەیگێڕێتەوە بۆ ژیان و زیندووی

دەكاتەوە ﴿١٤ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ﴾ وە هەر ئەویشە خوای لێبووردەی خاوەنی خۆشەویستی بۆ بەندە تەوبەكارو گوێڕایەڵەكانی ﴿١٥ ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ﴾ خاوەنی عەرشی گەورە ﴿١٦ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ﴾ زۆر بەكارە هەرچی بیەوێ دەیكات، كەسێک ناتوانێ بەرهەڵستی بوەستێ ﴿١٧ هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡجُنُودِ﴾ ئایا هەواڵی لەشكرە سوپاكانت پێنەگەیشت؟ ﴿١٨ فِرۡعَوۡنَ وَثَمُودَ﴾ هۆزی فیرعەون و سەمودو ئەوەی بەسەری هێنرا، ئەوەبوو كە لە موسا یاخی بوو و خوای گەورەیش لە ناوی بردن، لە شكری سەمود گەلێ لە ئێوە بەهێزتر بوون، ئەوەبوو سەرپێچیان كردو خوایش گرتنی، جا كەواتبوو ئەی قوورەیش و هاوچەشنەكانیان ئێوەش ئاگادار بن، هۆشیار ببنەوە ئەگینا چیمان بەوان كرد، بەئێوەیشی دەكەین ﴿١٩ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي تَكۡذِيبٖ﴾ كافرەكانی قورەیش كەڵكیان لەو داستانانە وەرنەگرت، وەكو دەفەرموێ: بەڵكو ئەوانەی كافرو بێ بڕوابوون لە هۆزەكەت لە بە درۆ ناساندنێكی شێتگیرانەدا بوون سەبارەت بەخۆت و بە قورئان ﴿٢٠ وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطُۢ﴾ و خوایش لە پشتیانەوە بە زانست و عیلمی خۆی دەوری گرتوون و لە دەستی ڕزگار نابن ﴿٢١ بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ﴾ وە نەبێ ئەوەی ئەوان دژایەتی دەكەن سەر گوزەشتەیەكی بێ ناوەڕۆک بێت، نا! بەڵكو قورئانێكی گەورەو زۆر بەرزو بڵندو پیرۆزەو هەرگیزیش ناتوانن خامۆشی بكەن ﴿٢٢ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ﴾ لە تابلۆیەكی پارێزراو دایە، واتە: پارێزراوە لە دەست تێبردنی شەیاتین.

كۆتـایی تـەفسـیری سـوورەتی (بـروج).

سوپاسی بێ پایانیش بۆ خوای گەورە.

٨٦- سوورەی (طاریق)ـە.

مەككەییەو (١٧) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە چارەسەری چەند باسێک دەكات كە پەیوەندییان بە بیروباوەڕو عەقیدەوە هەیە بەتایبەت بڕوا بە زیندووبوونەوەو لێپرسینەوە، بۆیە چەندین بەڵگە لەسەر دەسەڵاتی خوا بۆ زیندووبوونەوە دێنێ و دەڵێت: باشە ئەو زاتەی كە توانیبێتی هەر لە سەرەتاوە ئادەمیی دروست بكات، ئایا هەر ئەو زاتە ناتوانێ هەركاتێک بیەوێ زیندووی بكاتەوە؟ جا لە سەرەتاوە بە سوێند بەو ئەستێرانە دەس پێدەكات كە بە شەوا دەردەكەون و دەدرەوشێنەوە بۆ ئەوەی مەردوم ڕێیان پێ دەربكەن لە تاریكە شەودا، سوێند دەخوات بەوانە كە هەموو مرۆڤێک فریشتە بەسەریەوە دانراوە بۆ پاراستن و چاودێریی كاروكردەوەی، پاشان چەند بەڵگەیەک بۆ توانایی پەروەردگار لەسەر زیندووكردنەوەی ئادەمیزاد

باسدەکات، ئینجا دەرخستنی تەواوی نهێنییەکانی ئادەمیزاد لەدوا ڕۆژدا، لە کۆتاییدا باسی ڕاستیی و دروستیی قورئان دەکات کە: کۆمەڵە دەستوورێکی بەرزەو مایەی سەرکەوتن و پێشکەوتن و خۆشبەختیی هەردوو جیهانە بۆ گەلان، لەگەڵ باسی فڕوفێڵی بێ بڕواکانداو، پووچەڵکردنەوەی فڕو فێڵەکەیان. وە بەم شێوەیەش دەست پێدەکات:
﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * ١ وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ﴾ سوێند بە ئاسمان و، بەو ئەستێرانەی کە بە شەوا دەرئەکەون و، بە ڕۆژدا خۆیان ون دەکەن ﴿٢ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الطَّارِقُ﴾ جا تۆ چۆن دەزانی (طارق) چیە، ئەگەر ئێمە پێت نەڵێین؟ ﴿٣ النَّجْمُ الثَّاقِبُ﴾ ئەستێرەی ڕووناک کەرەوەیە، کە بە ڕووناکی خۆی، تاریکی شەو کون دەکات ﴿٤ إِن كُلُّ نَفْسٍ لَّمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ﴾ سوێند بەوانە هەموو کەسێک چاودێرو ئاگادارێکی بە سەرەوەیە، هەرچی بکاو هەرچی بڵێت دەینوسێت، کەوابوو بێداربن!.

ئەم شێوە دروستبوونەی ئێستای مرۆڤ، بەڵگەی زیندووبوونەوەیەتی:

﴿٥ فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ﴾ جا با مرۆڤ تەماشا بکا لەچی دروستکراوە.؟ ﴿٦ خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ﴾ لە ئاوێکی ملقەدەر دروستکراوە ﴿٧ يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ﴾ کە لە نێوان ئێسکەکانی پشت و پەراسوەکانەوە دەردەچێت. لە قۆناغەکانی گەشەی کۆرپەلەدا ئەندامەکانی زاووزێی نێرو مێ لەنێوان بڕبڕەی پشت و پەراسوەکان دروست دەبن دواتر بەرەو خوارەوە دادەبەزن ﴿٨ إِنَّهُ عَلَىٰ رَجْعِهِ لَقَادِرٌ﴾ بەڕاستی ئەو خوایە دووبارە بۆ دروستکردنەوەی، زۆر بە توانایەو، دەتوانێ زۆر بە ئاسانی پاش مردنی وەک خۆی لێبکاتەوە، واتە: خوایە ئەوەندە دەسەڵاتی هەبێت کە ئابەو شێوەیە لە سەرەتاوە ئادەمزاد دروست بکات، ئەی چۆن لێنایەت دیسانەوە زیندووی بکاتەوە.؟!.

کە قیامەت دێ، ئینسان دەسەڵات و پشتیوانی نییە:

﴿٩ يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ﴾ لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی قیامەت) هەرچی ڕازو نیازو نهێنیەکانی دڵە ئاشکرا دەکرێت ﴿١٠ فَمَا لَهُ مِن قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ﴾ جا هیچ هێزو کۆمەککارێکی نیە بە دەمیەوە بێت و ڕزگاری بکات.

سوێندی خوا لەبەر ڕاستیی قورئان:

﴿١١ وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ﴾ سوێند بە ئاسمانی خاوەن باران کە جار بۆ جار باران دەبارێنی بۆ مرۆڤەکان و گیانلەبەران ﴿١٢ وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ﴾ وە بە زەویی کە درزو قڵیشی تێدەبێت، واتە: بە فرمانی خوای خۆی قڵیش دەبات و بۆ هەر گیایەک بییەوێ سەر دەربێنێ ﴿١٣ إِنَّهُ لَقَوْلٌ فَصْلٌ﴾ بەڕاستی ئەو (قورئان)ـە وتەیەکی جیاکەرەوەیە، ڕەوا لە ناڕەوا ﴿١٤ وَمَا هُوَ بِالْهَزْلِ﴾ وە گەمەو شۆخیی نییە، واتە: بەبێ هودە نەنێراوە، بەڵکو دەبێ بکرێتە بەرنامەی ژیانی هەردوو دونیا ﴿١٥ إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا﴾ بێگومان ئەو بێ باوەڕانە فرت و فێڵ دەکەن بۆ کوژانەوەی نوری قورئان..!! ﴿١٦ وَأَكِيدُ كَيْدًا﴾ وە منیش بە فێڵ تۆڵەیان لێدەسێنم، واتە: لە

بەرامبەر ئەو فێڵ و فەرەجی ئەوانەوە، منیش وردە وردە پلان و نەخشەی خۆم دەخەمە کارو ئەیانگرم و لە دەستم دەرناچن ﴿١٧ فَمَهِّلِ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ جا تۆش ئەی پێغەمبەر! S پەلە لە بێ باوەڕەکان مەکە ﴿أَمۡهِلۡهُمۡ رُوَيۡدَۢا﴾ هەمیسان کەمێک مۆڵەتیان بدەو لێیان بووەستە، جا بۆ ماوەیەکی تر بە چاوی خۆت دەبینی چیان پێدەکەم، وەک لە ئایەتی تردا دەفەرموێ: ﴿نمتعهم قليلا ثم نضطرهم إلى عذاب غليظ﴾ ٢٤/٣١. (نەسایی) لە (جابیر)ـەوە دەڵێت: جارێکیان (موعاز) پێش نوێژیی شێوانی کردو لە نوێژەکەیدا هەردوو سوورەتی: (بەقەرەو نیسا)ی خوێند! ئەوجا پێغەمبەر S فەرمووی: ((..أَفَتَّانٌ أَنْتَ يَا مُعَاذُ..!؟)) مەگەر تۆ ئەی مەعاز! ئازارو ڕەنجە دڵی خەڵکی دەدەیت؟! ئەی بۆچی نە دەکرا سوورەتی: (ئەعلا)، سوورەتی (شمس)، ئەو دووانە لە باتی ئەو دوو سوورەتەدا بخوێنیت؟. مسند أحمد بن حنبل، ومن مسند بني هاشم، مسند جابر بن عبد الله، حديث: ١٣٩٠٦، قال الأرنأووط: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

كـۆتايـی تەفسـيری سـوورەتی (طـارق).

ستايش و سوپاس بۆ خوای كارزان

٨٧- سوورەی (ئەعلا)یە.

مەككەییەو (١٩) ئایەتە.

بەناوی خوای دەهندەو دلۆڤان

ئەمیش بە کورتی بە تەنزیمی خوا دەست پێدەکات و سیفەتە جوانەکانیی و، چەند بەڵگەیەکیش لەسەر تواناو دەسەڵاتی ئەو، هاتنی وەحیی و قورئان بۆ پێغەمبەر S و، ئاسانکردنیشی بۆ لەبەرکردن، پەندو ئامۆژگاری جوان و شیرین کە دڵە زیندووەکان سودی لێ وەردەگرن و، بەم شێوەیە دەست پێدەکات.

تەسبيحات و پەسنی پەروەردگارت بكە:

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ بەردەوام پەروەردگاری بەرزو بڵندی خۆت بە پاکیی ناو ببە، واتە: بە پاکیی لە هەر کەم و کوڕیی و ناتەواوییەک ڕا بگرە. پێشەوا (ئەبوداوود) دەڵێت: پەیامبەر S هەرکات ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە دەیفەرموو: ((..سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى)). (المستدرك على الصحيحين للحاكم، ومن كتاب الإمامة، أما حديث عبد الرحمن بن مهدي، حديث: ٩١١، وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ، و وافقه الذهبي). ﴿٢ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ﴾ ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی دروستکردووە، جا بە جوانیش ڕێک وپێکی کردووە ﴿٣ وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ﴾ ئەو زاتەی کە بۆ هەر شتێک شێوەی ژیانی تایبەتی

خۆی داناو ئەندازەگیری کرد، ئینجا ڕێنماییشی کرد بۆ جۆری بژێوی خۆی، وەک ئەفەرموێ: ﴿قال ربنا الذي أعطى كل شيء خلقه ثم هدى﴾ ٢٠/٥٠. لە صەحیحی (موسلیم)دا هاتووە: ((كَتَبَ اللّهُ مَقَادِيرَ الخَلَائِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ..)). صحيح مسلم، كتاب القدر، باب حجاج آدم وموسى عليهما السلام، حديث : ٤٩٠٣. واتە: بەڕاستی بەر لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی بە پەنجا هەزار ساڵ خوای گەورە ئەندازەگیریی هەموو ئەم دونیایە بە تەواوی نهێنیەکانیی و کانگاو کانزاکانیەوە کردوون بۆ خزمەتی ئادەمیی و، تێیشیگەیاندوون کە چۆن سوودیان لێوەرگرن، نەک هەر ئادەمیی، بەڵکو تەنانەت مێروولەیش تا دەگاتە هەموو گیانلەبەرێکی تر لە شێوەی ژیانی خۆی ئاگادار کردووە، کە بەڕاستیی ئەوە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر بوونی خوا. ﴿[٤] وَٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلۡمَرۡعَىٰ﴾ ئەو خوایەی کە لەوەڕگەو گژوگیاو ڕووەک و هەموو جۆرە سەوزاییەکی تر دەردێنێت بۆ ئاژەڵەکان، ئەوانیش بە پێی جۆریان سوودی لێوەردەگرن ﴿[٥] فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحۡوَىٰ﴾ ئینجا پاش سەوزیی و جوانیی، زەرد وەری دەگێڕێ و دەیکا بە پوشێکی ڕەشباو.

پێغەمبەر a هەرگیز وەحیی لەبیر ناچێ:

﴿[٦] سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ [٧] إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ﴾ ئەی موحەممەد s دڵنیابە ئێمە قورئانت لە ڕێی جبریلەوە پێدەخوێنین، جا تۆش غەمت نەبێت هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە، مەگەر شتێک کە خوا خۆی ویستی لەسەر بێت و لە بیرتی بەرێتەوە، بە نەسخکردنەوەیی و لابردنی ﴿إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ وَمَا يَخۡفَىٰ﴾ بەڕاستیی ئەو ئاگادارە بەو شتانەی کە مرۆڤ بە ئاشکراو نادیار دەیکات ﴿[٨] وَنُيَسِّرُكَ لِلۡيُسۡرَىٰ﴾ و تەوفیقت دەدەین بۆ ئاسانترینی شەریعەتەکان، کە ئەویش ئەم شەریعەتی ئیسلامەیە ﴿[٩] فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ﴾ ئینجا ئەگەر پەندو وە بیرخستنەوە کەڵکی هەبێ، پەند بدە بە قورئان و ئامۆژگاری مەردوم بکە. (عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب c) چەند جوان دەڵێت: ئەگەر بە پێی ئەندازەی ئەقڵ و ژیری خەڵکی ئامۆژگاری نەکەیت، سەریان لێ تێکدەچێت، پێت خۆشە کە قسەیەکیان بۆ بکەیت و خواو پێغەمبەری خوا بە درۆ بخەنەوە؟! کەوابوو دەبێ بزانیت لە کوێ قسە دەکەیت و، چیش دەڵێیت؟ ﴿[١٠] سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ﴾ ئەو کەسەی کە لە خوا بترسێ بێگومان پەندو سوود وەردەگرێ ﴿[١١] وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلۡأَشۡقَى﴾ و بەدبەخت و کافر خۆی لادەدا لە ئامۆژگاری و ناچێ بە گوێیدا ﴿[١٢] ٱلَّذِي يَصۡلَى ٱلنَّارَ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾ واتە: ئەوەی دەچێتە ناو ئاگرە هەرە گەورەکەوە ﴿[١٣] ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ﴾ لە پاشان نە دەمرێ بۆ ئەوەی لەوێ ڕزگاری ببێ، وە نە ئەیشژیی بە ژیانێکی خۆش و ئاسوودە، ئەم فەرموودەیەش کە پێشەوا (موسلیم) دەیهێنێ هەر ئەو ڕاستییە دوویات دەکەنەوە: ((أَمَّا أَهْلُ النَّارِ الَّذِينَ هُمْ أَهْلُهَا، فَإِنَّهُمْ لا يَمُوتُونَ فِيهَا وَلا يَحْيَوْنَ..)) صحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب إثبات الشفاعة وإخراج الموحدين من النار، حديث: ٢٩٧. واتە: بەڵام ئەوانەی واشیاوو خەڵکی ئاگرن، لەوێدا هەرگیز نامرن تا ڕزگار بن، نایشژین بە خۆشیی، وە ئەم ئایەتەش: ﴿ونادوا يا مالك ليقض علينا ربك قال إنكم ماكثون﴾ ٤٣/٧٧. هەمان ماناو مەبەست دوویات دەکاتەوە.

خەڵکی پاککار، ڕزگارە:

﴿١٤ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ١٥ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ﴾ بەڕاستیی ئەو کەسە بردەوە بوو خۆی پاک کردەوە لە شیرک و گوناه و تاوان و ناوی پەروەردگاری خۆی هێناو، جا نوێژی کرد، واتە: ئەوەی لەسەری فەرز کراوە لە پێنج نوێژەکان ﴿١٦ بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا﴾ لە جیاتی ئەوەی ژیانی دوا ڕۆژ هەڵبژێن، کەچی ژیانی ئەم دونیایە هەڵدەبژێرن و پێشی دەخەن بەسەر دوا ڕۆژدا ﴿١٧ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ﴾ لە کاتێکا کە ژیانی ئەولا زۆر چاکترو بە دەوامترە بۆتان لە ژیانی ئەم دونیایە ﴿١٨ إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ﴾ بەڕاستیی ئەمەی باسکراوە لەم سورەتەدا لە نامە ئاسمانییە پێشووەکانیشدا هەیە.

نووسراوەکەی ئیبراهیم و مووسا:

﴿١٩ صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ﴾ لە نامەکانی ئیبراهیم و موسا، «سەلامی خوایان لەسەر بێت». لە فەزڵ و گەورەیی ئەم سوورەتەدایە کە ئیمامی (موسلیم)و خاوەن (سنن)ـەکان لە (نوعمانی کوڕی بەشیر)ـەوە دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی جەژنەکان و ڕۆژی هەینییدا سوورەتی (الأعلى)و سوورەتی (الغاشية)ـی دەخوێند، ئەگەر جەژن و هەینیی بکەوتنایەتە یەک ڕۆژ، ئەو هەر دەیخوێندن. صحيح مسلم، كتاب الجمعة، باب ما يقرأ في صلاة الجمعة، حديث: ١٤٩٩. (حاکم)یش لە خاتوونە (عایشە)وە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی (وەتر)دا سوورەتی: (الأعلى، الكافرون، الصمد)ی دەخوێند. ((مسند أحمد بن حنبل، مسند الأنصار، الملحق المستدرك من مسند الأنصار، حديث السيدة عائشة، حديث: ٢٥٣٣٦، وقال الأرنأووط: صحيح لغيره). خاتوو عایشە ئەمەشی بۆ زیاد کرد: (معوذتین)، واتە: (فەلەق و ناس)یشی دەخوێند. (مسند أحمد بن حنبل، مسند الأنصار، الملحق المستدرك من مسند الأنصار، حديث السيدة عائشة، حديث: ٢٥٣٣٦، قال الأرنأووط: وهذا إسناد ضعيف).

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (ئەعلا)،

زۆرسوپاس بۆ خوای گەورەو دلۆڤان.

٨٨- سوورەتی (غاشیە) یە.

مەککەییەو (٢٦) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باس دەکات لە: یەکەم: قیامەت و پلە دژوارو قورسەکانی، هاوکات لەگەڵ ئەو حاڵەتە زۆر نالەبارو ناهەموارەدا، بەتایبەت کە تووشی مرۆڤە بێ بڕواکان دەبێت، وە ئەو خێرو خۆشیی و شادییەش بە موسڵمانان دەبڕێت. دووەم: بەڵگەی هەمە جۆرە لەسەر تاک و تەنیایی خوای جیهانەکان، هەر لە دروستکردنی جۆری وشترو ئاسمانی پڕ لە

شتی سەیرو سەمەرە، تا دەگاتە زەویی و کێوەکان، دێنێتەوە، پاشانیش سەرنجی مرۆڤەکان ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی کە پێش ئەوە بگەڕێنەوە لای خوا حیسابێ بۆ خۆیان بکەن. وە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

قیامەت و حاڵی بەدحاڵی جەهەننەمی:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ * [1] هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ﴾ ئایا دەنگوباسی ڕۆژە داپۆشەرەکەت، واتە: «قیامەت» پێگەیشتووە؟ کە تەواوی خەڵک دادەپۆشێ و، کەسێک نیە لە ناڕەحەتی ئەو ڕۆژە دەرچێت ﴿[2] وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَاشِعَةٌ﴾ لەو ڕۆژەدا ڕوخسار گەلێک زەبوون و زەلیلە ﴿[3] عَامِلَةٌ نَاصِبَةٌ﴾ ڕەنجدەرێکی ماندوون، چونکە هەرچییان کردووە تەنها بۆ ژیانی دونیا بووەو، خوایان پشتگوێ خستووە، وا ئێستا هەر ماندووبوونیان بۆ دەمێنێتەوە ﴿[4] تَصْلَى نَارًا حَامِيَةً﴾ دەرۆنە ناو ئاگرێکی گەرمەوە ﴿[5] تُسْقَى مِنْ عَيْنٍ آنِيَةٍ﴾ وە لە کانی ئاوێکی زۆر گەرم و داخ و لە کوڵ، ئاویان دەدرێتێ! ﴿[6] لَيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِنْ ضَرِيعٍ﴾ هیچ خواردنێکیشیان نییە جگە دڕکێکی وشک و تاڵ و تفت، (کە مەگەر تەنها وشتر بیخوات)! ﴿[7] لَا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِنْ جُوعٍ﴾ ئەویش نە ئەوەیە گۆشتی پێبگرن و قەڵەویان بکا، نە ئەوەیشە برسییەتیان لا بباو پێی بژین، بە پێچەوانەی خۆراکی دونیاوە.

حاڵی قەشەنگ و ناوازەی بەهەشتییەکان:

﴿[8] وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاعِمَةٌ﴾ وە چەند ڕوخسارو دەم و چاوێکی ڕووخۆش و گەشاوەن ﴿[9] لِسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ﴾ ڕازین بە پاداشی هەوڵ و کۆششەکەیان ﴿[10] فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ﴾ لە ناو بەهەشتێکی بەرزو بڵندان ﴿[11] لَا تَسْمَعُ فِيهَا لَاغِيَةً﴾ هیچ قسەو وتەیەکی هیچ و پووچ و بێ مانای تیا نابیسن، وەک دەفەرموێ: ﴿لا يسمعون فيها لغوا ولا تأثيما إلا قيلاً سلاما سلاما﴾ ٢٥/٥٦+٢٦. ﴿[12] فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ﴾ بە دائیم سەرچاوەی ڕەوانی تێدایە، لە چەند لایەکەوە ئاوی خۆشقوت دێت و دەچێت. پێغەمبەر S دەفەرموێ: ((أنهارُ الجنَّةِ تخرُجُ مِنْ تحتِ تلالِ ـ أو مِنْ تَحْتِ جِبالِ ـ مِسْكٍ)) (صحيح ابن حبان، كتاب إخباره، عن مناقب الصحابة ، ذكر الموضع الذي يخرج منه أنهار الجنة، حديث: ٧٥١٥، وقال الأرنأووط: إسناده حسن، وقال الألباني في صحيح الترغيب: حديث حسن صحيح، برقم: ٣٧٢١). واتە: ڕووبارەکانی بەهەشت لە ژێر چەند کێوو تەپۆڵکەیەکی میسکەوە هەڵدەقوڵێن ﴿[13] فِيهَا سُرُرٌ مَرْفُوعَةٌ﴾ هەروەها چرپاو سیستەم و چەند تەختێکی بەرزی بەنرخی لێیەو کورسی لە هەموو لایەکەوە بە دەوری کانیاوەکەدا ڕیزکراوەو (حور العين)ـی لەسەر دانیشتووە ﴿[14] وَأَكْوَابٌ مَوْضُوعَةٌ﴾ و لە بەردەمیاندا پەرداخی جوان و نەخشین دانراوە ﴿[15] وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ﴾ و پاڵە پشتی جوان و ڕازاوەی تیایە کە بە شێوەیەکی جوان و پەسەند ڕیز کراون ﴿[16] وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ﴾ وە قاڵیی و ڕایەخی ڕەنگاو ڕەنگی تیا ڕاخراوە.

بۆ ڕانامێننە وشترو عەرزو چیاکان؟!:

﴿١٧ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلۡإِبِلِ كَيۡفَ خُلِقَتۡ﴾ ئایا بێ باوەڕەکان بە وردی تەماشای وشتر ناکەن، چۆن درووستکراوە؟ وشتر چەندە گیانلەبەرێکی گەورەو سەر سوڕهێنەرە، خواردنێکی سادەی هەیە، دڕکی «وشتر خوار» دەخوات، دەتوانێ چەند ڕۆژێ ئاو نەخواتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا منداڵێک دەتوانێت «یخ»ی بدات و باری بکات و.. هتد. ﴿١٨ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ رُفِعَتۡ﴾ و بۆ ئاسمان ناڕوانن چۆن بەرز کراوەتەوە؟ لە سوورەتی (٦/٥٠) دەفەرموێ: ﴿أفلم ینظروا إلی السماء فوقهم کیف بنیناها وزیناها وما لها من فروج؟﴾ ﴿١٩ وَإِلَى ٱلۡجِبَالِ كَيۡفَ نُصِبَتۡ﴾ و بۆ شاخەکان ناڕوانن چۆن داکوتراون و لە ناخی زەویی توند کراون؟ ﴿٢٠ وَإِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَيۡفَ سُطِحَتۡ﴾ و تەماشای زەویی ناکەن، چۆن تەختکراوەو ڕاخراوە؟ جا خوایەکی بە دەسەڵاتی ئاوا بتوانێ ئەو هەموو شتانە دروست بکا، ناتوانێ چی بوێت دروستی بکات لە بەهەشتدا؟ واتە: بێ شک دەتوانێ.

پێغەمبەر s هەر ڕاگەیاندنی لەسەرە:

﴿٢١ فَذَكِّرۡ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٞ﴾ ئینجا تۆیش ئەی موحەممەد! s ئامۆژگارییان بکەو ئەم شتانەیان بخەرەوە یاد، ئیتر گوێت لێ نەبێت، دەیبیسن، یان نایبیسن، چونکە تۆ لەم کاتەدا هەر ئامۆژگاریکارێکی بۆیان ﴿٢٢ لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ﴾ هیچ دەسەڵاتێکت نیە بەسەریانا تا بتوانی بە زۆر بڕوایان پێ بێنیت، یان کوشتاریان لەگەڵ بکەیت ﴿٢٣ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ﴾ بەڵام ئەوەی کە پشت هەڵدەکاو کافر دەبێ ﴿٢٤ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَكۡبَرَ﴾ خوا بە سزایەکی هەرە گەورە سزای دەدات ﴿٢٥ إِنَّ إِلَيۡنَآ إِيَابَهُمۡ﴾ بەڕاستیی گەڕانەوەیان بۆلای ئێمەیە ﴿٢٦ ثُمَّ إِنَّ عَلَيۡنَا حِسَابَهُم﴾ لەوەو دوایش بەڕاستی حیساب و لێپرسینەوەشیان هەر لەسەر خۆمانەو کەس فریایان ناکەوێ و، ناتوانێ لە سزای سەخت ڕزگاریان بکات.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (غاشیە)،

زۆر سوپاس بۆ خوای زانا.

٨٩- سوورەتی (فەجر)ـە.

مەککەییەو (٣٠) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی سێ شتی سەرەکی دەکات: **یەکەم**: داستانی هەندێ لەو گەلانەی بڕوایان بە پەیامبەرەکانیان نەهێناو بە درۆیان خستنەوە، وەک گەلی (عاد، سەمود، فیرعەون)و ئەنجامی بێ بڕواییان. **دووەم**: یاسای خوای کارجوانە کە دەبێ گەلێ جار، ئادەمیی بە چەند جۆرێک تاقی بکاتەوە، بە خێرو بێر، شەڕو نەهامەت، دەوڵەمەندیی و، هەژاریی، هاوڕێ لەگەڵ باسکردنی سروشتی مرۆڤدا لە زیادە ڕەوییکردندا بۆ ماڵ و دارایی. **سێیەم**: هاتنی ڕۆژی دوایی و بوونی ئادەمی بە دوو بەشەوە لەو ڕۆژەدا: بەختیارو بێ بەخت، دەرەنجامیان و ئامادەبوونی دۆزەخ و، بیرکردنەوەی ئادەمیی و پەشیمان بوونەوەی. ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ وَٱلۡفَجۡرِ﴾ سوێند بە سپێدەی بەیانی ڕۆژی جەژنی قوربان ﴿٢ وَلَيَالٍ عَشۡرٖ﴾ وە بە دە شەوە پیرۆزەکەی سەرەتای مانگی حەج، پێغەمبەر ﷺ دەربارەی فەزیڵەت و گەورەیی ئەو دە شەوو ڕۆژەی سەرەتای مانگی زیلحیجەیە دەفەرموێ: ((ما مِن أيَّامٍ أَحَبُّ إلى اللهِ العَمَلُ فيهن مِنْ هذهِ الأيَّامِ، قِيْلَ: ولاَ الجِهادُ في سَبِيلِ اللهِ؟ قال: ولاَ الجِهَادُ في سَبِيلِ اللهِ، إلّا مَنْ خَرَجَ بنَفْسِهِ ومَالِهِ، ثُمَّ لم يَرجِعْ حَتّىَ تُهْرَاقَ مُهْجَةُ دَمِهِ)) (مسند أحمد بن حنبل، ومن مسند بني هاشم، مسند عبد الله بن عمرو بن العاص، حديث: ٦٣١٠، قال شعيب الأرنؤوط: صحيح لغيره). واتە: هیچ ڕۆژانێک لای خودا بە ئەندازەی ئەم چەند ڕۆژە بۆ کاری خێرو بەندایەتی تیایاندا خۆشەویستر نیە، پرسیار کرا، تەنانەت جیهادو تێکۆشانیش لە ڕێگەی خوادا، فەرمووی ﷺ: تەنانەت جیهادو تێکۆشانیش لە ڕێگەی خوادا، مەگەر کەسێ بەسەرو ماڵیەوە لە ماڵ دەرچێ و نەگەڕێتەوە تا خوێنی دڵی لە پێناوی خودادا دەرژێت. ﴿٣ وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ﴾ وە بە تاق و جوتی هەموو شتێ، یان سوێند بە خودی خوای گەورەو بە تەواوی گیانداران، یان سوێند بە ڕۆژی جەژن و ڕۆژی عەرەفە ﴿٤ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ﴾ وە بە شەو کاتێ بەرەو ڕۆژ بوونەوە دەڕواو تێدەپەڕێ، کە بەراستیی ئەوەش ئاڵ و گۆڕکییەکی سەر سوڕهێنەرە، چونکە سوڕانەوەی زەویی وە بیر دێنێت ﴿٥ هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ﴾ ئایا ئا لەوانەدا سوێندێکی کافی نیە بۆ خاوەن ئاوەزێک؟ واتە: هەرکەسێک خۆی بە ژیر بزانێ دەبێ بیرێک لەو شتانە بکاتەوەو، بڕوا بە پەروەردگاریی خۆی بێنێ، جا سوێند بەمانە هەموو بێ بڕوایان بە توندی سزا دەدرێن.

ئەمانە یاخیی بوون و، خوایش بەر قەمچی غەزەبی خۆی دان:

﴿٦ أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ﴾ ئایا نەتدیت ئەی موحەممەد ﷺ کە پەروەردگاری تۆ چۆنی کرد بە گەلی عاد کە (هود)ی بۆ ڕەوانە کردبوون ﴿٧ إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ﴾ ئێرەم، باپیرەی عادی یەکەم، خاوەن پایەی بەرزو خانوو و کۆشکی ستووندار ﴿٨ ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾ ئەو قەومەی وێنەی دروست نەکرابوو لەسەر زەویی و شاراندا لە هێزو دەسەڵات، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کاتێ کە سەر پێچییان کرد لە ناومان بردن و، هیچیشیان پێ نەکرا.. جا کەوابوو ئەی قورەیش ئێوەیش هۆشیاربن! ﴿٩ وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخۡرَ بِٱلۡوَادِ﴾ وە گەلی سەمود (ئوممەتی صالح)یشت نەبینی کە لە نێو شیوو دۆڵەکاندا تاشە بەردیان دەبڕیی و خانوویان پێدروست دەکرد. نازانیت کاتێ سەرپێچییان کرد چیمان پێکردن؟ ﴿١٠ وَفِرۡعَوۡنَ ذِي ٱلۡأَوۡتَادِ﴾ وە فیرعەونی خاوەن سوپای زۆرت نەدی؟، چ کۆشک و بینایەکی وەک مێخ دا کوتی بە زەوییدا هەبوو ﴿١١ ٱلَّذِينَ طَغَوۡاْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾ ئەوانەی کە لە وڵاتی خۆیاندا یاخی بوبوون و خەڵکیان چەوساندەوە ﴿١٢ فَأَكۡثَرُواْ فِيهَا ٱلۡفَسَادَ﴾ خراپەو ستەمی زۆریان تیا کرد،

به چەوساندنەوەی گەل و خواردنی بەروبوومی وڵات بەڵێشاو ﴿١٣ فَصَبَّ عَلَيۡهِمۡ رَبُّكَ سَوۡطَ عَذَابٍ﴾ ئینجا دوای ماوەیەک پەروەردگاری تۆ بە قامچی سزای دان و، سزای کرد بە سەریاندا، واتە: بۆ هەموو گەلێکیان وەک شیاوی خۆی سزای نارده سەریان ﴿١٤ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ﴾ چونکە بێگومان پەروەردگاری تۆ هەمیشە لە کەمینداپە بۆیان، هەردەم ئامادەیە تۆڵەیان لێ بسێنێ و چاوی لێیانەوەیە.

دارایی و نەدارایی تاقیکردنەوەی خوان:

﴿١٥ فَأَمَّا ٱلۡإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ﴾ بەڵام مرۆڤی کافرو خوانەناس «(وەک: عوتبە، ئومەییە، ئوبەی)و نمونەی ئەوان» کاتێ کە پەروەردگاری تاقیکردەوە بە پێدانی ماڵ و دارایی ﴿فَأَكۡرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ﴾ جا ڕێزی لێناو سەروەت و سامانی پێبەخشی و نعیمەت و بەهرەی بە سەردا ڕشت تا دەرکەوێ سپڵەیە، یان سوپاسگوزار ﴿فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكۡرَمَنِ﴾ جا بە باییبوونێکەوە دەڵێت: پەروەردگارم ڕێزی لێناوم، لەبەر ئەوەی شایەنی ئەو بەهرەیەم بۆیە پێیداوم ﴿١٦ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ﴾ بەڵام کاتێکیش تاقیکردەوە بە تەنگانەو، رزق و رۆزی لێگرتەوە ﴿فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ﴾ جا بە ئاگاییەکەوە دەڵێت: پەروەردگارم سووکایەتی پێکردوم! چونکە «وا دەزانێ ڕێزی مرۆڤ بە سامانەوەیە» ﴿١٧ كَلَّاۖ﴾ نەخێر هیچی وانیە، چونکە خوا ماڵ و سامان بە هەموو کەسێ دەدات، چاک و خراپ، یان لێیاندەگرێتەوە ﴿بَل لَّا تُكۡرِمُونَ ٱلۡيَتِيمَ﴾ بەڵکو ئێوە لەگەڵ ئەو هەموو بیرە چەوتانەتان و ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەتانە ڕێزی هەتیو ناگرن ﴿١٨ وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ﴾ و یەکتریش لەسەر ناندانی بێ نەواو هەژاران هەڵنانێن ﴿١٩ وَتَأۡكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا﴾ وە جگە لەوەیش میرات - بە شەرعیی و نا شەرعیی- کۆ دەکەنەوەو دەیخۆن! ﴿٢٠ وَتُحِبُّونَ ٱلۡمَالَ حُبّٗا جَمّٗا﴾ وە دارایشتان خۆش دەوێ بە خۆشویستنێکی زۆر، «بە جۆرێ ئابڕووی خۆتانی لەسەر دادەنێن» ﴿٢١ كَلَّآۖ﴾ دەست هەڵگرن لەو کارانە ﴿إِذَا دُكَّتِ ٱلۡأَرۡضُ دَكّٗا دَكّٗا﴾ کاتێ زەویی هەژێنرا بە هەژان دوای هەژان، وە پارە پارە کراو، شاخەکان یەکسان بوون و قیامەت پێش هات ﴿٢٢ وَجَآءَ رَبُّكَ﴾ وە لەو ڕۆژەدا پەروەردگارت هات بە هاتنێک شیاوی خۆی بێت. دوای ئەوە تکاو شەفاعەتی لادەکەن و خواش مۆڵەتی پێغەمبەر S دەدات بۆ شەفاعەت، کە (مقام المحمود)ـە. (شەنقیتی) دەڵێ: مەسەلەی هاتنی خوای گەورە یەکێکە لە ئایەتەکانی صیفات، وە هەروەها هاتن و دابەزین (النزول والإتيان) کە لە ئایەتی (٢١٠/ بەقەرە)دا هاتووە وەک: ﴿هل ينظرون إلا أن يأتيهم الله في ظلل من الغمام والملائكة وقضي الأمر وإلى الله ترجع الأمور﴾ بە زەقی هاتنی پەروەردگار دەسەلمێنێ و دەشڵێت: هەموو ئەمانەو سیفەتی (ئیستیوا/ الإستواء)، چوونیەکن، جا لە سەرووی هەموویانەوە نووسیویەتی: (إن جميع الصفات من باب واحد، أي أنها ثابتة لله تعالى على مبدأ: ﴿ليس كمثله شئ..﴾ على غير مثال للمخلوق، فثبت استواء يليق بجلاله على غير مثال للمخلوق، وكذلك هنا كما ثبت الإستواء، ثبت المجيء، وكما ثبت المجيء، ثبت النزول، والكل من باب ﴿ليس كمثله شيء﴾ أي على ماقاله الشافعي «رحمه الله» حيث يقول: نحن كلفنا بالإيمان، فعلينا أن نؤمن بصفات الله على

مایلیق بالله علی مراد الله، ولیس علینا ان نکیف، إذ الكيف ممنوع علی الله سبحانه). واته: سەرجەم سیفاتەکانی خودا (جل جلاله) لە یەک شێوەو شێوازن، بەو مانایە هەموو بۆ خودا جێگیرن و دەسەلمێنرێن، ﴿لیس کمثله شیء..﴾ بەڵام بەبێ هیچ هاوشێوەییەک بۆ خودا لەگەڵ دروستکراوەکانیدا، بڵندبوونەوە بۆ خودا دەسەلمێنین، بەو شێوەی شایستەی زاتی پیرۆزی خودا بێت، وە هەر چۆن بڵندبوونەوە بۆ خودا جێگیربووەو هاتووە، هەروەهاش (هاتن)ی خوداش (جل جلاله) جێگیرەو سەلمێنراوە، کە هاتن سەلمێنرا، دابەزینی خوداش (پاک و بیگەردی بۆ خودا) دەسەلمێنرێت، هەموو ئەمانە لە بابەتی ﴿لیس کمثله شیء..﴾ ندایە، وەک ئیمامی شافعی لە (ریسالە)دا بەڕەحمەت بێت دەڵێت: ئێمە داوالێکراوین بە ئیمان و باوەڕ، بۆیە لەسەرمانە باوەڕ هێنان بە سەرجەم سیفاتەکانی خودا بەو شێوەی شایستەی زاتی ئەوون، وە چۆنیەتی و شێوازی ئەم سیفاتانە لەسەر ئێمە نیە، چونکە چۆنیەتییەکەی قەدەغە کراوە لەسەر خودا. بۆیە (**بەندە**)ش پێم ڕەوا نیە بێ بەڵگە لە ڕاستە ماناکەی خۆی لایدەم و (تەئویل)ی بکەم. ﴿وَٱلۡمَلَكُ صَفّٗا صَفّٗا﴾ وە فریشتەکانیش لە گەڵی ڕیز ڕیز، وە هاتنی خوا بۆ بڕیاردان و داوەرییە لە نێوان بەندەکاندا، وە ئەمەش دوای ئەوەی کە خەڵکی داوا دەکەن لە پێغەمبەر تکایان بۆ بکات لە لای خوا.

دۆزەخ هاتەپێش و مرۆڤ وە بیر دێ:

﴿[٢٣] وَجِاْيٓءَ يَوۡمَئِذِۭ بِجَهَنَّمَۚ﴾ وە لەو ڕۆژەدا دۆزەخ دەهێنرێتە ڕوو بۆ گومڕایان، پێغەمبەر S دەفەرموێ: ((يُؤْتَى بجَهَنَّمَ يَومَئذٍ لها سَبْعُونَ أَلْفَ زِمامٍ، مع كُلِّ زِمامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَها)) صحیح مسلم، کتاب الجنة وصفة نعیمها وأهلها، باب في شدة حر نار جهنم وبعد قعرها وما تأخذ من، حدیث: ٥١٨٢. واتە: ئەو ڕۆژە دۆزەخ دێنن و حەفتا هەزار ڕەشمەی هەیە، لەگەڵ هەر ڕەشمەیەکا حەفتا هەزار فریشتە ڕایدەکێشن. ﴿يَوۡمَئِذٖ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ﴾ لەو ڕۆژە قورسەدا ئادەمیی هەرچی کردبێت بیری دەکەوێتەوەو پەشیمان دەبێ لەسەر خراپەکانیی و پەند وەردەگرێ ﴿وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكۡرَىٰ﴾ وە لە کوێ پەندو ئامۆژگاری کەڵکی دەبێ بۆی؟ لەو ڕۆژەدا ﴿[٢٤] يَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي﴾ بە ئێش و خەفەتێکەوە دەڵێت: خۆزگە من ﴿قَدَّمۡتُ لِحَيَاتِي﴾ بۆ ئەم ژیانی پاشە ڕۆژەم شتێکم پێش خستبا لە دونیادا ﴿[٢٥] فَيَوۡمَئِذٖ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٞ﴾ ئینجا لەو ڕۆژەدا سزایەک دەدات، هیچ کەسێک ناتوانێ سزای وابدات! ﴿[٢٦] وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٞ﴾ و هیچ کەسێک ناتوانێ پێوەند بکات وەک پێوەندی خوا ﴿[٢٧] يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ﴾ وە لە سەرە مەرگدا بە نەفسی ئیماندار دەوترێت: ئەی گیان و ڕۆح! ئارامبە بە یادو زیکری خوا ﴿[٢٨] ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ﴾ بگەڕێوە بۆلای پەروەردگارت، ئاوا کە ڕازیکربوویت بە پاداشتی خۆیی و لێت ڕازی بووە بە هۆی ئەوەی پێشی خۆتت خستووە لە کردەوەی چاک ﴿[٢٩] فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي﴾ دە بچۆرە ناو گیان و ڕۆحی بەندە صاڵحەکانمەوە ﴿[٣٠] وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي﴾ و بچۆرە بەهەشتە ڕازاوەکەمەوە کە ئامادەم کردووە بۆت، جا کە ئەم ئایەتە هات (ئەبوبەکری صدیق) دانیشتبوو وتی: ماشاءالله چەندە جوانە! پێغەمبەر S فەرمووی: دڵنیابە ئەمە بە تۆش دەگوترێت. الدر المنثور: ٥١٣/٨.

کۆتایی تەفسیری (فەجر).

٩٠- سوورەتی (بەلەد)ــە.

مەككەییەو (٢٠) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

مەبەستی ئەم سوورەتە هەمان مەبەستی سوورەتە مەككەییەكانی ترە، وەكو: چەسپاندنی بیروباوەڕو ئیمان بە یەكخواپەرستیی، بە ڕۆژی پاداش و تۆڵە، ئەوەتە بۆ یەكەمجار سوێند دەخوات بە شاری مەككە كە نیشتگای پەیامبەرە S، پاشان باسی هەندێ لە بێ باوەڕە سەركەشەكان دەكات كە ململانێی حەقیقەت و ڕاستییان دەكرد، باسێكی كورتی قیامەتیش دێت لەگەڵ ئەو بارە سەخت و قورس و ئاڵۆزانەیدا، كۆتاییشی دێت بەوە كە جیاوازییەكی زۆر هەیە لە نێوان پاداشی موسڵمانان و، تۆڵەی بێ باوەڕەكاندا، وە هەرگیز چوونیەک و یەكسان نین. بەم شێوەیەش دەست پێدەكات: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ﴾ سوێند بەم شارە (پیرۆزەی مەككە)یە، كە بەڕاستیی شارێكی بەرزو بە نرخە، كابەی شەریف و ڕووگەی موسڵمانانی تێدایە، (قورتوبی) دەڵێ: هەندێ دەڵێن: بێژەی (لا) لە ﴿لا أقسم﴾دا (صلة)یە، واتە زیادەیەو بۆ تەئكیدو دووپاتكردنەوەی سوێندەكەیە. شیاوی باسیشە لە سەرەتای هەر وشەو سورەتێكەوە ڕەوایە ببێ، چونكە قورئان هەندێكی پەیوەستە بە هەندێكی تریەوە، جا كەوابوو هەمووی یەک حوكمی هەیە، بۆیە وا دەبێ لە سوورەتێكدا شتێ باس دەكرێ، كەچی وەڵامەكەی لە سوورەتێكی تردا دێت، وەک: ﴿وقالوا يا أيها الذي نزل عليه الذكر إنك لمجنون﴾ ٦/١٥. وەڵامی ئەمە لە سورەتی (القلم)دا هاتووە: ﴿ما أنت بنعمة ربك بمجنون﴾، جا كەوابوو مانای ﴿لا أقسم﴾ بەم شێوە دەبێ: بە دڵنیاییەكەوە سوێند دەخۆم. ئەمە ڕای (ئیبن عەبباس و ئیبن جوبەیرو ئەبو عوبەیدەیە)، وە هەروەها نموونەی ئەمە لەشیعرە عەرەبیەكانیشدا زۆر هاتووە وەک دەڵێ:

تَذَكَّرْتُ لَيْلَى فَاعْتَرَتْنِي صَبَابَةٌ

فَكَادَ صَمِيْمُ القَلْبِ لاَ يَتَقَطّعُ

واتە: یادی لەیلام كردەوەو سۆزو خۆشەویستی زۆر دایگرتم، نزیكبوو ناو دڵم بپچڕێ. ﴿٢ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ﴾ ئەو شارەی كە تۆ نیشتەجێی تێیدا، واتە: بەبوونی تۆ لەوێ، مەككە شەرەفمەند ترە ﴿٣ وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ﴾ وە بە هەموو باوک و ڕۆڵەیەک كە دێتە دی، وەک ئیبن جەریر وتوویەتی.

مرۆڤ بە خەم و ناڕەحەتی بە دیهاتووە:

﴿٤ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ﴾ سوێند بەوانە، بە حەقیقەت ئێمە ئادەمیمان لە جۆرەها ڕەنج و ئازاردا دروستکردووە، هەر لەو کاتەوە کە گیان دەکرێ بە بەریا تا دەمرێ، هەر لە نارەحەتیی و ڕەنجدایە، کەوابوو تۆش ئارامت بێ لەسەر گرێ و قۆرتەکانی ژیان لە ڕێگەی دەعوەو بانگەوازەکەتدا ﴿٥ أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ أَحَدٞ﴾ ئایا ئەو ئینسانە پێی وایە کە هیچ کەسێک دەستی ناڕوا بە سەریا..؟! بۆیە وا نکوڵیی و ململانێی زیندووبوونەوە دەکات ﴿٦ يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا﴾ ئەو ئینسانە بە شانازییەوە دەڵێت: من سامانێکی زۆرم لە دوژمنایەتی موحەممەد دا بەختکرد..! گوایا لە ناو قورەیشدا شانازی بەو کارە سەر شێتانەیەی ئەکات ﴿٧ أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ﴾ بۆچی وا دەڵێت؟! ئایا پێی وایە کە هیچ کەسێک چاوی لێنەبووەو نەیبینیوە؟! ئەی بۆ نازانێ خوا ئاگاداریەتیی و تۆڵەی لێدەسێنێ ﴿٨ أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ عَيۡنَيۡنِ﴾ ئایا دوو چاومان پێ نەداوە، تا پێیان ببینێ..؟ ﴿٩ وَلِسَانٗا وَشَفَتَيۡنِ﴾ هەروەها زمانێک و دوو لێومان پێنەبەخشیوە؟!.

مرۆڤ دەتوانێ خێرو شەڕ لێك بكاتەوە:

﴿١٠ وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ﴾ وە ئایا بۆ هەردوو ڕێگاکە (چاك و خراپ) ڕێنموونیمان نەکرد.؟ وەک دەفەرموێ: ﴿إنا هديناه السبيل إما شاكرا وإما كفورا﴾ ٣/٧٦. جا ئیتر لەمەڕ ئەم چاکانەوە بۆچی ئەوەندە سپڵەیە.؟! ﴿١١ فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ﴾ خۆ لە هەورازو سەختی نەداوە، واتە: نەیتوانی بەسەر ئەو کۆسپ و سەختانەدا زاڵ ببـێ و.؟ لە باتی ئەوەی سامان لە دوژمنایەتی پەیامبەردا ﷺ بەخت بکات، بەو ماڵەیە بەندەیەک بکڕێ و، ئازادی بکا؟ ﴿١٢ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ﴾ وە تۆ چووزانیت ڕێگای هەوراز چییە..؟! ﴿١٣ فَكُّ رَقَبَةٍ﴾ ئازادکردنی گەردنی کۆیلەیەکە. لەمەڕ ئازادکردنی بەندەدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێ گەردنی (بەندە)یە ئازاد بکات، ئەوا خوای گەورە لە بەرامبەر هەر ئەندامێکی ئەو بەندەوە، ئەندامێکی ئەمیش ئازاد دەکا لە ئاگر، تا دەگاتە دەست بە دەست، پێ بە پێ، عەورەت بە عەورەت)، جا (عەلی کوڕی حوسەین) ، وتی: ئەی سەعید! جا تۆ بە گوێی خۆت لە (ئەبی هورەیرە)وە ئەمەت بیست؟ وتی: بەڵێ: ئەوجا ئەویش غوڵامێکی هەبوو لەڕێی خوادا ئازادی کرد. صحيح البخاري، كتاب كفارات الأيمان، باب قول الله: أو تحرير رقبة وأي الرقاب أزكى، حديث: ٦٣٤٧. ﴿١٤ أَوۡ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ﴾ یاخود خۆراک بەخشینە لە ڕۆژێکی برسێتییدا ﴿١٥ يَتِيمٗا ذَا مَقۡرَبَةٍ﴾ بە هەتیوێکی خزم، چاکە لەگەڵ خزمی نزیکدا زۆر کارێکی پیرۆزو بەرزە، وەک ئەم فەرمووده: ((الصَّدَقَةُ عَلَى الْمِسْكِينِ صَدَقَةٌ، وَهِيَ عَلَى ذِي الرَّحِمِ اثْنَانِ: صَدَقَةٌ، وصِلَةٌ)). (صحيح ابن حبان، كتاب الزكاة، باب صدقة التطوع، ذكر البيان بأن الصدقة على ذي الرحم تشتمل على الصلة والصدقة، حديث: ٣٤٠٣، قال الأرنأووط: حديث صحيح. وصححه الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٣٨٥٨). واتە: یارمەتیی و دەسگیرۆکردنی کەسێکی هەژارو بێ نەوا بە یەک خێرو صەدەقە دادەنرێ، بەڵام هاوکاریی و یارمەتیدانی خزم، دووجار خێرە، لەلایەکەوە هەم صەدەقەیە، لەلایەکی ترەوە مافی خزمایەتیت جێبەجێکردووە. دەربارەی بەزەییش ئەم فەرموودەیە هاتووە ((الرَّاحِمُونَ يَرْحَمُهُمُ الرَّحمنُ، إرْحَمُوا أَهْلَ الأرضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ)) (سنن أبي داود، كتاب الأدب، باب في الرحمة، حديث: ٤٣١١، وصححه الألباني في سنن أبي داوود، برقم: ٤٩٤١). واتە: هەمیشە بە بەزەیی بن لە ڕووی زەوییدا ئەی خاوەن ڕوحمان! ئەوجا خوای (ڕەحمان)یش ڕەحم و میهرەبانیتان لەگەڵ دەکات. یان ئەم فەرموودەیە: ((مَنْ لَمْ يَرْحَمْ صَغِيرَنَا وَيَعْرِفْ حقَّ كَبِيرِنَا فلَيْسَ مِنَّا)) (سنن أبي داود، كتاب الأدب، باب في الرحمة، حديث: ٤٣١٣، وصححه الألباني في سنن أبي داوود، برقم: ٤٩٤٣). واتە: ئەو کەسەی وا لەگەڵ بچووک و کەم تەمەنانی ئێمەدا ڕەحم ناکاو، قایەل بە

پلەو هەق و مافی (گەورە)کانمان نابن ئەوە لە ئێمە نین!. ﴿١٦ أَوۡ مِسۡكِينٗا ذَا مَتۡرَبَةٖ﴾ یا بە کەسێکی کەوتەکارو خاک نیشین؟ کە لە هەژارییدا پەکی کەوتووەو کونوفت بووە، کەوابوو دەبێ هەوڵی جیددی بدرێت بۆ بنەبڕکردنی بەندەو کۆیلەکان، وە لەگەڵ خەڵکانی کەم ژیانیشدا هەردەم دەس بە کارو بە بەزەیی بن. ﴿١٧ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ لە پاشا ئەوەی ئەو بارە سەختەی هەڵ گرت، واتە: بەندەی ئازاد کردو، نانی بە هەژارداو لەو کەسانەش بوو ئیمانیان هێنابوو ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ﴾ وە وە صیەتیان بۆ یەکتر دەکرد بە صەبرو خۆڕاگرتن لەسەر بڕواو خواپەرستیی ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡمَرۡحَمَةِ﴾ وە وەصیەتیشیان بۆ یەکتر دەکرد بە بەزەیی و میهرەبانی لە نێوان خۆیان و خەڵکیدا ﴿١٨ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ﴾ ئا ئەوانە کە ئەو سیفەتە جوانانەیان تێدایە یارانی لای ڕاستن، واتە: بەختەوەرو بەهەشتین و خوا لێیان ڕازیە ﴿١٩ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ وە ئەو کەسانەش کە کافر بوون بە ئایەتەکانمان ﴿هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ﴾ ئا ئەوانە یارانی لای چەپن، واتە: بەد فەڕو دۆزەخین، نەگبەت و سەرلێشێواون، خەشمی خوایان لەسەرەو نامەی کردەوەکانیان بە دەستی چەپیانەوە دەدرێ ﴿٢٠ عَلَيۡهِمۡ نَارٞ مُّؤۡصَدَةُۢ﴾ سەرەڕای ئەوەش دەرگای ئاگرێکی گەورەیان لەسەر داخراوە، واتە: نە هەوای لێ دەردەچێت، وە نە دێتە ژوورێ. سا خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی لەو ئاگرە ڕزگارمان بکا، بمانباتە نێو ڕیزی یارانی لای ڕاستەوە.

کـۆتایـی تەفسیـری سوورەتی (بـەلـەد)،

لەگەڵ سوپاسمدا بۆ خوای میهرەبان.

٩١- سوورەتی (شەمس)ـە.

مەککەییەو (١٥) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە گرنگیی و بایەخ بە دوو شتی زۆر گرنگ دەدات: <u>یەکەم</u>: نەفس و دەروونی ئادەمیی، چونکە خوای کارزان بە جۆرێ بەدیهێناوە توانای وەرگرتنی خێرو شەڕ، ڕێنومایی و گومڕایی هەیە، دەتوانێ صاڵح بێت، دەشتوانێ لاسارو لاڕێ بێت. <u>دووەم</u>: سەرکێشیی و یاخیبوونی گەلەکەی (سەموود) ئوممەتەکەی صاڵح پێغەمبەر. جا لە سەرەتاوە خوای گەورە سوێند بە حەوت شت دەخوات: بە خۆرو ڕوناکییەکەی، بە هەیڤ و بە ڕۆژ، ئەو دەمە کە خۆر دەردەخا، وە بە شەو ئەو حەلە کە خۆر دادەپۆشێ، وە بە عاسمان کە خوا خۆی دروستیکردووە، وە بەزەویی کە بۆ ژیانی ئادەمیی ڕاخراوە، وە بە ڕۆح و نەفس، کە خوای گەورە صیفاتی تێرو تەواوی پێ بەخشیوە.. سوێند بەو شتانە دەخوا کە: ئەگەر ئادەمیی لە خوا

بترسێت ئەوا سەر فرازو بەختیار دەبێت، هەر کاتێکیش یاخیی بوو، ئەوا بەد بەخت و شەرمەزار دەبێت، ئەوجا داستانی گەلەکەی (سەموود)یش باس دەکات کە چۆن چوون بە گژ پەیامبەرەکەیانداو یاخییبوون و وشترەکەیان پەلکردو کوشت، وە چۆن دەرەنجامیش خوا کردنی بە پەندی زەمانەو لە ناوی بردن و، لە کەسیش نەترسا. جا کەوابوو ئێوەش ئەی مەردم! وامەبن، ئەگینە وەک ئەوان دووچار دەبن.

سەموود پێغەمبەرەکەی بە درۆ دەخاتەوەو تیادەچێ:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ * ١ وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا﴾ سوێند بە خۆروو، بە تیشک و ڕووناکیەکەی لە سەرەتای ڕۆژەوە، کە تاریکی لەت دەکاو بوونەوەر درەخشان دەبێ ﴿٢ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا﴾ و سوێند بە مانگیش کاتێ بە شوێن خۆردا دێ و دنیا ڕووناک دەکاتەوە ﴿٣ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا﴾ و سوێند بە ڕۆژ، کاتێ قورسی خۆری تیا دەردەخاو دنیا دەدرەوشێتەوە ﴿٤ وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا﴾ و سوێند بە شەویش، کاتێ بە تاریکییەکەی خۆر دادەپۆشێ، کە بەڕاستیی ئەو کاتانە کاتی وردبوونەوەیە لە دەسەڵاتی خوا ﴿٥ وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا﴾ و سوێند بە ئاسمان و بەو زاتەش کە زۆر بە وردیی و بە قاییمی عاسمانی دروستکردووە، وەکو دەفەرموێ: ﴿والسماء بنيناها بأيد وإنا لموسعون﴾. ﴿٦ وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا﴾ و سوێند بە زەویی و، بەو زاتەش کە بە دەسەڵاتی خۆی ئەوی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بەدیهێناوەو ڕایخستووە ﴿٧ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا﴾ و سوێند بە نەفس و دەروونی مرۆو، بەو زاتەی دروستیکردووە بە ڕێک و پێکی ﴿٨ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا﴾ ئینجا ئیلهامی بەدکاریی و پارێزگاریی بۆ کرد، واتە: خێرو شەڕی بۆ ڕوونکردەوە، وە نیشانیدا چی چاکە بیکاو چی خراپە نەیکاو خۆی لێبپارێزێ، خوا سوێندی خوارد بەو حەوت شتە بۆ ئەوەی گەورەیی خۆی لەواندا ببینرێتەوە، لەولایشەوە هەر کامێکیان حسێب بکەی پڕە لە خێرو چاکە. (ئیبن عەباس) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ هەمیشە کە دەگەیشتە ئەم ئایەتەی: ﴿ونفس وما سواها فألهمها فجورها وتقواها﴾ هەڵوێستەیەکی دەکردوو دەیفەرموو: ((..اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا، أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلَاهَا..)) واتە: خوایە بە نەفسم تەقواو خواپەرستی ببەخشەو، خاوێنی بکەرەوە، تۆ چاکترین خاوێنکاری، تۆ پشتیوان و خاوەنی ئەویت. صحيح مسلم، كتاب الذكر والدعاء والتوبة والاستغفار، باب التعوذ من شر ما عمل ومن شر ما لم يعمل، حديث: ٥٠٠٥، ئیمامی (ئەحمەد)یش لەمە درێژتر ڕیوایەتی کردووە: ٣٧١/٤. ﴿٩ قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا﴾ سوێند بەوانە هەموو، بێ شک ڕزگاری بوو ئەوکەسەی کە نەفسی خۆی لە هەرچی کاری بەدوو فەسادە پاک و پوختەی کردەوە ﴿١٠ وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا﴾ و بەڕاستیی ئەو کەسەش کە نەفسی خۆی بە گوناح و تاوان ئالوودە کرد، نائومێدو ناموراد بوو.

پاشەڕۆژی گەلی ثمود:

﴿١١ كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا﴾ سەموودی ئوممەتی «صاڵح پەیامبەر» سزای (طـغوا)یان بە درۆ زانی ﴿١٢ إِذِ انْبَعَثَ أَشْقَاهَا﴾ ئەو دەمە کە بە پەلە نەگبەتترینیان (قەداری کوڕی سالیف) هەستایە سەرپێ بۆ کوشتنی وشترەکە ﴿١٣ فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ نَاقَةَ

ﭐﷲِ وَسُقۡيَٰهَا ﴾ ئینجا پەیامبەرەکەی خوا (صالح) u پێیگوتن: خۆتان لە ئەزیەتدانی وشترەکەی خواو، ئاو خواردنەوەکەی بپارێزن، دەست مەهێننە ڕێی، لەسەرە ئاوی خۆیدا. بەڵێ.. سەموود تیرەیەک بوون لە عەرەب، خوا پەیامبەرێکی بەناوی (صالح)ـەوە بۆ ناردن،- جا لەسەر داوای خۆیان خوا وشترێکی کردە موعجیزە بۆیان و پ◌َییان وترا: واز لەو وشترە بێنن با بۆ خۆی بلەوەڕێ و، ئێوەیش شیرەکەی بخۆن، با ئەو نۆرە ئاوێکی ببێ و، ئێوەش ڕۆژە ئاوێکتان ببێ و، هیچتان زیانی پێ مەگەیەنن ﴿[١٤] فَكَذَّبُوهُ ﴾ کەچی بڕوایان بە صاڵح نەکردو بە درۆزنیان دانا ﴿فَعَقَرُوهَا﴾ و وشترەکەشیان کوشت!

﴿فَدَمۡدَمَ عَلَيۡهِمۡ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمۡ فَسَوَّىٰهَا﴾پەروەردگاریان بەهۆی گوناح و سەرپێچییانەوە وڵاتیانی کاولکردو کوتانی بەسەر یەکداو، لەگەڵ خاک یەکسانی کردن و، هەموو وەک یەک دووچار بوون و کەسیان ڕزگاری نەبوو، واتە: ئەگەرچی تەنها کەسێکیان بوو هەستا وشترەکەی کوشت، بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەوانی تریان ڕێیان لەو کارە دزێوە نەگرت و، دەستی ئەو کابرایەیان نەگرت، خوایش بێ جیاوازیی لە نێوان گەورەو بچووک و هەژارو دەوڵەمەندیاندا لە ناوی بردن، لەم سورەتە گەورەو پڕمانایەدا وەردەگیردرێ کە دەبێ موسڵمانان هەموویان یەک دەست و یەک دڵ و یەک بۆچوون بن بەرامبەر بە ڕووداوو خراپکاران، وەنابێ ڕێ بە تاوانباران بدرێ تا دنیا وێران بکەن، ئەوانیش لە دوورەوە تەماشا بکەن، ئەگینا خوا پەی دەرپەی بەڵایان بۆ دەنێرێ. **چپەیەك:** ئەم سورەتە ئەگەر کەسێک ئاژەڵ و حەیوانێکی بە نرخی نەهاتبایەتەوە، ئەوا دەرگایان بە خوێندەواری ئەو گوندە دەگرت و ناچاریان دەکرد کە دەمی گورگی لێ ببەستێ! ئەویش بە ناچاری چەقۆیەکی دەهێناو یەک دووجار سوورەتی (شەمس)ـی بەسەرا دەخوێندو دەمی چەقۆکەی دەنوقانەوە، ئیتر بەو حسابە دەمی گورگی لێدەبەسرا! کە ئەوەش دوورە لە سوونەت و داب و نەریتی ئیسلامیی سەحیح. ﴿[١٥] وَلَا يَخَافُ عُقۡبَٰهَا ﴾ وە ئەو (خوایە) لە دەرەنجامی پاشە ڕۆژی ئەو کارەشی ناترسێت، واتە: وەک پاشایەکی دنیا کە لە پاشە ڕۆژی کارەکانی خۆی دەترسێت، ئەو هەرگیز ناترسێ، چونکە خوا باڵا دەستی نیە.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (شەمس)

زۆر سوپاس بۆ خوای کار درووست و لە کارزان.

٩٢- سوورەتی (لەیل)ـە.

مەككەییەو (٢١) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

خوا سوێند دەخوات بە شەو كاتێ كە هەموو شتێ دادەپۆشێ، بە رۆژ كاتێ كە جیهان ڕووناك دەكاتەوەو دەردەكەوێ، بەو خوا گەورەیەی نێرو مێی لە هەموو شتێكدا دروستكردووە.. سوێند دەخوا بەوانە هەموو كە: هەوڵی ئادەمیی لە یەك ناچێ و جیاوازە، هەر بۆیەش ئەنجامی لە یەك ناچێ، ئینجا ڕێی بەختیاریی و، بەد بەختیی و ئەنجامی هەردووكیان ڕۆشن دەكاتەوە، چاككاران بۆ بەهەشت، بەدكارانیش بۆ دۆزەخ، پاشان ئادەمیی هۆشیار دەكاتەوە كە دەبێ ماڵ و سامانەكەی لە ڕێی هەق و ڕاستیی كوێری نەكات، چونكە لەو ڕۆژەدا هیچ شتێ فریای ناكەوێ، لە كۆتاییدا نموونەی پیاوێكی چاك و صاڵح دێنێتەوە كە: چۆن ماڵ و سامانی خۆی لە ڕێی خێردا بەخت دەكردو تەنها بۆ مەبەستی ڕەزامەندی خواو، بەو مەبەستە كە خۆی لە چروكیی و ڕژدی پاك بكاتەوە، جا وەك نیمچە ئیجماعێكی موفەسیرینی لەسەرە كە ئەو پیاوە صاڵح و كار چاكەیە (ئەبووبەكر)ـە، ئەو بوو هەر لەبەر ڕەزامەندی خوا (بیلال)و چەندان كۆیلەی كڕیی و، پاشان ئازادی كردن.

هەوڵی مرۆڤ و ئەنجامەكەی:

خوای خاوەن بەزەیی هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ هوشیار دەكاتەوەو هانی دەدات بۆ بەدەستهێنانی كاری چاك و پیرۆز،
چونكە پاشە رۆژو ئەنجامیش هەر بە پێی هەوڵ و تێكۆشانەكانی دنیایە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * [١]
وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾ سوێند بە شەو كاتێ بە تاریكی خۆی رۆژ دادەپۆشێ، ئەوجا گەورەیی خواش زیاتر دەردەكەوێ ﴿[٢] وَٱلنَّهَارِ إِذَا
تَجَلَّىٰ﴾ و سوێند بە رۆژ كاتێ بەهۆی قورسی خۆرەوە دەردەكەوێ و جیهان ڕوون دەكاتەوە ﴿[٣] وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ﴾ و بەو
زاتەی كە نێرو مێی دروستكرد، كە ئەوەش ئەو پەڕی دەسەڵاتە كە لەو ئاوە كزو لاوازە هەڵقوڵاوە، نێرو مێ جیا
دەكاتەوەو، گش پەسن و صیفاتی جسن و ڕەگەزی هۆزو خێڵی خۆی هەڵدەگرێت، لە جێگایەكی تردا دەفەرموێ:
﴿وخلقناكم أزواجا﴾ نەبەء/٨. ﴿[٤] إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ﴾ سوێند بەو گشت شتە جیاوازانە، بێگومان كارو تێكۆشانی ئێوەش ئەی مرۆڤ
هەروا جیاوازو جۆراو جۆرە، هەتانە هەوڵەكانی بۆ بەدەستهێنانی بەهەشتە، هەیشتانە هەردەم هەوڵیەتی بۆ ئەنجامدانی
كاری لاڕێی و لاساریی و دنیای حەرام و یاساغ ﴿[٥] فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ﴾ ئینجا ئەوەی ماڵ و سامانی خۆی لە بەر خوا بەخشیی
﴿وَٱتَّقَىٰ﴾ و لە نافەرمانی خوا خۆی پاراست ﴿[٦] وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ﴾ و بڕوای بە پاداشتی چاكتر كرد ﴿[٧] فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ﴾ ئەوا ئێمەش
بێگومان بۆ بەهەشت و بۆ كاری ئاسان و چاك، ئامادەو ڕێنوێنی دەكەین و، دەیخەینە سەر ڕاستە ڕێ ﴿[٨] وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ
وَٱسۡتَغۡنَىٰ﴾ وە ئەوەش چرووكی كردو خۆی بێ نیاز گرت ﴿[٩] وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ﴾ و بڕواشی بە پاداشی چاكتر نەكرد لە لای خوا ﴿[١٠]
فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ﴾ ئەوا ئێمەش كار ئاسانی بۆ دەكەین، بۆ دژوارترین ڕێگە. (ئیبن عەباس) دەڵێ: ئەم ئایەتە سەبارەت بە
(ئومەیە)ـی كوڕی (خەلەف) هات. ﴿[١١] وَمَا يُغۡنِي عَنۡهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ﴾ ئەو كاتەش كە دەمرێ و فڕێدەدرێتە دۆزەخەوە، هەرگیزیش
ماڵ و سامانەكەی هیچ كەڵكی پێناگەیەنێت و فریای ناكەوێت. (عیمرانی كوڕی حوصەین) دەڵێ گوترا بە پێغەمبەر S: ئایا

ئێمه كار بۆ شتێكی ئەزەلیی و بڕاوەو قەرار لەسەر دراو دەكەین؟ یان بۆ شتێكی نوێ و ئاییندە؟ فەرمووی: نەخێر، ئێوە بۆ شتێک کار دەکەن کە لای خوا ئەنجامەکەی بڕاوتەوە! گوتی: جا کەوابوو ئیتر کاری چی بکەین؟ فەرمووی: ((..كُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ)). واته: هەرکەس بۆچی دروستکرابێ کاریش بۆ ئەوە دەکات. صحيح البخاري، كتاب التوحيد، باب قول الله: ولقد يسرنا القرآن للذكر فهل من، حديث: ٧١٣٣، صحيح مسلم، كتاب القدر، باب كيفية خلق الآدمي في بطن أمه وكتابة رزقه وأجله وعمله، حديث: ٤٨٩٥. بإختلاف يسير.

دۆزینەوەی ڕێی ڕاست هەر بە دەست خوایە:

دەبێ ئینسان بزانێت کە خێرو شەڕ، حەڵاڵ و حەرام، گش بە دەس خوایەو بڕیاری ئەوی دەوێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿[١٢] إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ﴾ بەڕاستی ڕێنوێنی و ڕوونکردنەوەی ڕێبازی ڕاست و دروست هەر لەسەر خوایە ﴿[١٣] وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ﴾ و بێگومان ئەو دنیاو ئەم دونیاش، واته: هەردوو جیهانەکە هەر بۆ ئێمەیە، هەر لای خۆمان وە دەست دێن و لە هەر جێگایەکی ترەوە هەوڵیان بۆ بدرێت دەست ناکەون، کەوابوو هەموو کاتێکیش ڕوو هەر لە خۆمان بکەن.

دۆزەخ هەر کەللەڕەقانی تێدەچێت:

﴿[١٤] فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ﴾ جا من ئێوەم ئاگادار کردووە (لەسەر زمانی پێغەمبەر S) بە ئاگرێک دەسووتێ و گڕ دەسێنێ، پێغەمبەری خوا S وتاری دەخوێندەوە دەیفەرموو: ((إِنَّ أَهْوَنَ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا يَومَ القِيامَةِ لَرَجُلٌ، تُوضَعُ فِي أَخْمَصِ قَدَمَيْهِ جَمْرَةٌ، يَغْلِي مِنْها دِماغُهُ)) صحيح البخاري، كتاب الرقاق، باب صفة الجنة والنار، حديث: ٦٢٠٢. واته: بێگومان سووکترین سزا بۆ خەڵکانی جەهەننەمیی لە ڕۆژی قیامەت، سزای پیاوێکە دوو پشکۆ دەخرێنە ژێر هەردوو پاژنەی پێیەوەو، مێشک و دەماخی پێیان دەکوڵێ! ﴿[١٥] لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى﴾ ناچێتە ناویی و ناسووتێ بە هەمیشەیی، بەد بەخت و چارە ڕەش نەبێ ﴿[١٦] الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ﴾ ئەوەی باوەڕی بە ئایەتەکانی خوا نەکردوو بە درۆی زانین و پشتی لە ئیمان و باوەڕ کرد. (ئیبن عەباس) دەڵێ: مەبەست بەو کەللە ڕەق و بەد بەختەی ئەم ئایەتەی: ﴿لا يصلاها إلا الأشقى﴾یە، (ئومەیە)و (ئەبووجەهل)و هەر کافرێکی تر ئەوە سیفەتی بێت.

خواناسانی پارێزکار لە دۆزەخ وە دوور دەبن:

﴿[١٧] وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى﴾ دڵنیاشبن خەڵکانی پارێزکارو خواناس لە «دۆزەخ» دوور دەخرێنەوە ﴿[١٨] الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّىٰ﴾ ئەوەی ماڵ و سامانی خۆی دەبەخشێت، بەوە خۆی لە چرووکیی و ڕژدی پاک و خاوێن دەکاتەوە ﴿[١٩] وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰ﴾ وە هیچ کەسێک چاکەیەکی بەلایەوە نیە، ئەم لە جیاتی ئەوە، پاداشتی بداتەوە ﴿[٢٠] إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الْأَعْلَىٰ﴾ بەڵام کە ئەوەش دەکا، تەنها مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاری باڵایەتیی. زۆرێکی زۆرینەی ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن: ئەم ئایەتەش لەمەڕ ئیمامی (ئەبوبەکر)ـەوە هاتۆتە خوارەوە، چونکە ئەوکەسە کە لەو دەمەدا هەڵسا بە بەخشین و بەختکردنی ماڵ و سامان بۆ ئازادکردنی «بیلال» هەر ئەوبوو ﴿[٢١] وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ﴾ و بەڕاستی ئەوکەسە لە ئاییندەدا ڕازی دەبێت. واته: خوای گەورە لە

پاشه ڕۆژدا ئەوەندە پلەو پایە دەبەخشێت بە ئیمامی (ئەبوبەکر)، هەتا ڕازیی و خۆشنوودی دەکات. جامع البيان في تفسير القرآن للطبري، سورة الليل، القول في تأويل قوله تعالى: وما لأحد عنده من نعمة، حديث: ٣٤٧٦٧.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (لەیل).

٩٣- سوورەتی (زوحا)یە.

مەککەییەو (١١) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی شەخصییەت و کەسێتیی پەیامبەر S دەکات، لە سەرەتاوە سوێند دەخوا بە قەدرو پایەو پلەو ڕێزی ئەو پەیامبەرە S و، دڵنیاشی دەکات کە خوای باڵادەست هیچ سات و کاتێ وازی لێنەهێناوەو، کین و خەشمی لێ نیە، وەک هاوبەشدانەرەکان پێیان وایەو کردوویانە هەرا، ئیمامی (بوخاریی)ش ئەو مانایەی بە جوانی لێکداوەتەوەو هێناویەتی. (صحيح البخاري، كتاب فضائل القرآن، باب: كيف نزل الوحي، حديث: ٤٧٠٢، صحيح البخاري، كتاب الجمعة، أبواب تقصير الصلاة، باب ترك القيام للمريض، حديث: ١٠٨٦) ڕاڤەیکردووە، لە پاشانیش مژدەی دەداتێ بە پاداش و بریتییەکی زۆرو فراوان لە ڕۆژی قیامەتداو، پێیشی دەڵێت کە هەر شتێکی لێ داوا بکات، پێیدەبەخشێ. ئینجا هەندێ لە حاڵەت و قۆناغەکانی منالّی خۆی، وەک قۆناغی هەتیوی و، هەژاریی و، ڕێگا دەرنەکردنی، وە بیر دێنێتەوەو، لە کۆتاییشدا سێ وەصیەتی بۆ دەکا S: <u>یەکەم</u>: هەرگیز بە هەتیودا هەڵ نەشاخێیت، چونکە خۆت هەتیو بوویتەو چاک دەزانی کات و زەمانی بێ باوکیەتیی چۆنە. <u>دووەم</u>: لەگەڵ هەژاراندا بە سۆزو میهرەبانبە، چونکە خۆت هەژار بوویتە. <u>سێیەم</u>: لەگەڵ بێ نەواو کەنەفت و پەککەوتەکاندا هەمیشە باش و چاکبە: ﴿فأما اليتيم فلا تقهر..﴾.

بێ شك بە، کە هەرگیز خوا دەست لەتۆ بەرنادا:

بەڵێ پاش ئەو هەموو هەراو قاڵەی قوڕەیشە کە گوایا خوا دەسی لە پێغەمبەر هەڵگرتبێت، خوا دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * [1] وَالضُّحَىٰ﴾ سوێند بە هەرەتی هەڵهاتنی خۆر (چێشتنگاو)، کە کاتی هەموو جموجووڵ و ئیش و کارو چالاکیەکە، دەمی بزووتن و جوڵانەوەی هەموو شتێکە بۆ ژیان و خۆ ڕزگارکردن لە چنگی دنیا خۆران ﴿[2] وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ﴾ وە بە شەو، کاتێ ئارامی گرت و چڕو پڕبوو و، تاریکییەکەی هەموو شتێکی داپۆشیی و زرنگایەوە، دیارە ئەو ئاڵ و گۆڕە نیشانەی دەسەڵاتی خوایە، بۆیە لە سوورەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿والليل إذا يغشى، والنهار إذا تجلى﴾. ﴿[3] مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ﴾ بەوانە سوێند، لەوکاتەوە پەروەردگارت هەڵی بژاردوویت دەستبەردارت نەبووەو نەیبووغزاندوویت ئەی

پێغەمبەر ﷺ!. ئیمامی (بوخاریی) لە (جوندب)ـەوە دەگێڕێتەوە (جبریل) بۆ ماوەیەک لە هێنانی وەحی دوا کەوت، ئینجا موشریکەکان وتیان: دیارە خوا دەست بەرداری موحەممەد بووە! ئەوجا خوای باڵا دەست سوورەتی: ﴿والضحی، واللیل إذا سجی، ماودعك ربك وما قلی..﴾ی دابەزاند. صحيح البخاري، كتاب الجمعة، أبواب تقصير الصلاة، باب ترك القيام للمريض، حديث: ١٠٨٦.

ڕۆژی سەڵات لەم دنیایە باشتر دەبێ:

بەڵێ ئەم دنیایە، بۆ کەس بەقای نیە، بۆیە پێغەمبەران و پەیڕەوانیان دوای نەکەوتوون و چاویان هەر لە قیامەتەوە بووە، بۆیە خوای دلۆڤان بە پێغەمبەر دەفەرموێ: ﴿ وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ ٤﴾ بێگومانبە ئەو دنیا چاکترە بۆت لەم دنیای یەکەمە، ئێستایش ئایینەکەت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە پایان دەگات، هەر بۆیە دوای ئەو ئامۆژگاریەی خوایە، پێغەمبەر دنیای زۆر بە کەم سەیر دەکردو شێوەی ژیان و حەوانەوەی زۆر سادە بوو، (عبداللەی کوڕی مەسعوود) دەڵێ: لەسەر حەسیر -کە لە پووشی خورما گیرابوویەوە- ڕا دەکشاو، بە قەبەرغەیشیەوە جێگای دیاربوو، منیش بۆم دەتەکان و پێمدەگوت: ئەرێ بۆ شتێک نەخەین بەسەر حەسیرەکەدا هەتا بە قەبرغەتەوە دیار نەبێت؟ فەرمووی: ((ماَ لِي ولِلدُّنْياَ؟ ماَ أَناَ والدُّنْياَ؟ إنَّماَ مَثَلِي ومَثَلُ الدُّنياَ كَراَكِبٍ ظَلَّ تَحْتَ شَجَرةٍ، ثُمَّ راَحَ وَتَرَكَهاَ)) (مسند أحمد بن حنبل، ومن مسند بني هاشم، مسند عبد الله بن مسعود، حديث: ٣٥٨٢، قال الأرنأووط: حديث صحيح) واتە: من چیمە بەسەر دنیاوە؟ چاک بزانن کە نەقڵی من و دنیا وەک ئەو سوارە وایە لە سێبەری درەختێکدا دەحەوێتەوەو، پاشان هەڵدەسێ و بەجێی دێڵێت، کەوابو ئێوەش ئەی ئوممەتی ئیماندار! ئەوەند پشت بە دنیاوە مەبەستن. ﴿ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ ٥﴾ وە لە ئاییندەداو لە ڕۆژی بەرێدا، پەروەردگارت ئەوەندە نیعمەتت پێدەبەخشێت تۆ پێی ڕازی بیی و، دڵی پێخۆش بکەیت، (واتە: مەقامەلمەحموودی) دەداتێ و شەفاعەت و تکا بۆ گشت ئوممەتەکەی دەکاو، خواش لێی وەردەگرێت.

بەخششەکانی خوا بۆ پێغەمبەر ﷺ:

خوای میهرەبان هەندێ لە بەخششەکانی خۆی وە بیر پێغەمبەر دێنێتەوە، بۆ ئەوە پتر شوکرانە بژێر بێ و، چاویشی لە خەڵکی هەژارو بە ئەنواوەوە بێت، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَىٰ ٦﴾ ئایا خوای پەروەردگارت بە هەتیوی نەیدیتیی و، خێرا پەناو داڵدەی نەدایت و نەحەوایتەوە. بەڵێ.. کاتێ باوکی کۆچی کرد، ئەم هێمان لە زکی دایکیابوو، وە هێمان شەش ساڵانەشبوو دایکیشی کۆچی دوایی کردو درایە دەستی باپیرەی، پاشان تەمەنی هەشت ساڵ بوو، باپیریشی دنیای بەجێهێشت و مامی گرتییە لای خۆی. ﴿ وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَىٰ ٧﴾ ئەی نەشارەزا نەبوویت، خوا شارەزاو ڕێنووینی کردییت؟ ﴿ وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَىٰ ٨﴾ ئەی بە هەژارو دەستکورتیی و نەداریی نەیدیتی؟ دەوڵەمەندی کردیت و بژێوی پێبەخشیت و، لەولاشەوە شوکرانە بژێر بوویت لە هەردوو حاڵەتەکەدا؟ خۆی ﷺ دەفەرموێ: ((لَيْسَ الغِنَىَ عَنْ كَثْرَةِ العَرَضِ، ولَكِنَّ الغِنَىَ غِنَىَ النَّفْسِ)) واتە: دەوڵەمەندی بە زۆری سەروەت و سامان نیە، بەڵکو بە دەوڵەمەندی نەفسی مرۆڤە. صحيح البخاري، كتاب الرقاق، باب الغنى غنى النفس، حديث: ٦٠٩٠، صحيح مسلم، كتاب الزكاة، باب ليس الغنى عن كثرة العرض، حديث: ١٨٠٥. یان دەفەرموێ: ((قَدْ أَفْلَحَ مَن أَسْلَمَ، وَرُزِقَ كَفَافًا، وَقَنَّعَهُ اللَّهُ بِما آتَاهُ)) واتە: بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کەموسڵمان بووەو ئەوەندەی هەیە کەبەشی دەکات، خوایشی ڕازی کردووە بەو بەشەی کە پێی داوە. صحيح مسلم، كتاب الزكاة، باب في الكفاف والقناعة، حديث: ١٨١٠.

ڕێز لە بەخششەکانی خوا بگرە!

﴿٩ فَأَمَّا ٱلۡيَتِيمَ فَلَا تَقۡهَرۡ﴾ جا کەواتە (تۆش ئەی موحەممەد S!) قار لە هەتیو مەگرە، چونکە تۆ خۆیشت هەتیوو بێ باب بوویت ﴿١٠ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ﴾ و هەرگیزیش بە سواڵکەردا هەڵمەشاخێ و مەیتارێنە هەر چۆن بێ، چونکە تۆ خۆیشت نەدارو هەژار بوویت و خوا دەوڵەمەندو بێ نیازی کردیت، وە یان ئەر نەشارەزایەک داوای ڕێنمایی کرد، تۆش ئاسانکاری بۆ بکەو هاریکاریبە، وەکو خۆت ڕێت دەر نەدەکردو خوا ڕێنمایی کردیت. ﴿١١ وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ﴾ وە ئەمما بە چاکەی خواوەندت (واتە: بە پێغەمبەرێتیی و هەر نیعمەتێکی تر)، باس بکە بۆ خەڵک، واتە: سوپاسی خوا بکە لەسەر نیعمەتی پێغەمبەرێتیی و غەیری ئەویش بەسەر خۆتەوە، چونکە باسکردنی نیعمەتی خوا شوکرو سوپاسگوزاریە بۆ خاوەنی نیعمەت بەخش، کە خوایە. بەڵێ.. بەڕاستیی پەیامبەر S لە ماوەی ژیانییدا بەردەوام ئەو سێ قۆناغەی هەر لە یاد بوو، بەڵکو زۆر جاران خۆی بێ شێو سەری دەنایەوەو، ئەیبەخشی بە خەڵکانی هەژارو هەتیوان و لێقەوماوان.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (زوحا).

٩٤- سوورەتی (ئینشراح)ـە.

مەککەییەو (٨) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی قەدرو پلەو ڕێزو حورمەتی پەیامبەر S بەلای خوای گەورەوە دەکات، هەروەها باسی گەلێ نیعمەت و بەهرەکانی خوای بۆ دەکا کە پێی بەخشیبوو، وەک گوشاد کردنی سنگیی، ڕووناککردنەوەی دڵی بە حیکمەت و ناسینی خواو پاکژو خاوێنکردنەوەی لە گوناح و تاوان.. ئەوەش هەموو بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرە، تا چاکتر بتوانێ لە مەڕ ئەزیەت و ئازارو ئەشکەنجەی قوڕەیشدا خۆی ڕا بگرێ، پاشان باسی بەرز ڕاگرتنی پلەو ڕێزی دەکات لە دنیاو لە قیامەتدا، هەروەها چۆن ناوی پیرۆزی ئەو بەرامبەر بە ناوی بەرزو بڵوندی خوای گەورە دانراوە، وەک دەفەرموێ: ﴿ورفعنا لك ذكرك﴾، ئەم دڵدانەوەو باسکردنەی پلەی بەرزی ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو هێمان لە مەککەدا ئەشکەنجەو سزا دەدرا، تا بەو وە بیرهێنانەوە تاڵاوو حاڵەتە تەنگییەکانی لە بیر بباتەوەو، سەرکەوتن و پیرۆزی بدات بە گوێیدا: ﴿فإن مع العسر يسرا، إن مع العسر يسرا﴾، لە کۆتاییشدا یادی پەیامبەر دەخاتەوە کە پاش ئەوەی پەیامەکەتت گەیاند، دەبێ هەر سوپاسگوزاری خوای خۆت بکەیت و لە ئەنجامدانی گش کارێکی خێرو چاکدا نەوەستیت: ﴿فإذا فرغت فانصب، وإلى ربك فارغب﴾.

سینە گوشادی پێغەمبەرو پلەو پایەو ناوو شۆرەتی:

پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆری قورەیش و، ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی پەیامە جوان و شیرینەکەیی و، خەم و خەفەتێکی زۆر لەو پێناوەدا، خوای میهرەبان دڵی دەداتەوەو ماندو نەبوونی دەکاو پێیدەفەرموێ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ¹ أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ﴾ ئەی پێغەمبەر! S ئایا سینگمان بۆت گوشاد نەکردیت بە هیدایەتکردنت بۆ ئیسلام؟، وەک خوا لە سوورەتی (ئەنعام)دا دەفەرموێ: ﴿فمن يرد الله أن يهديه يشرح صدره للإسلام﴾ ١٢٥/٦. ﴿²وَوَضَعۡنَا عَنكَ وِزۡرَكَ ³ ٱلَّذِيٓ أَنقَضَ ظَهۡرَكَ﴾ وە ئەوەی پشتتی قورسکردبوو، ئایا دامان نەگرت، لە کۆڵی ئازارو خەمەکەت؟ پەیامبەر S زۆر خەفەتبارو دڵگران بوو، بەڵام خوای گەورە دڵی فەرەح و گوشاد کرد، تا لە بەرامبەر گەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزەیەوە ئارام بگرێ، سەرەنجامیش هەر پیرۆز بوو و ناوی لە هەموو جیهاندا دەرکرد، وەک دەفەرموێ: ﴿⁴ وَرَفَعۡنَا لَكَ ذِكۡرَكَ﴾ وە ناومان بۆ بەرز نەکردیتەوە لە ناو جیهانەکاندا؟، جا دەبێ چ ناوێک لەوە بەرزتر بێت کە هیچ کەسێ بە موسڵمان دانەنرێ، هەتا پاش شایەتیدان بە خودی خوا، گەواهیش بە پەیامبەرێتی ئەو بدات و بگوترێ: ((..أَشْهَدُ أَنّ محَمَّداً رَسُولُ اللهِ..)) صحيح مسلم، كتاب الصلاة، باب صفة الأذان، حديث: ٥٩٨. ﴿⁵ فَإِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا﴾ جا بەڕاستیی لەگەڵ تەنگانەدا خۆشیی و ئاسانیەک هەیە، کەوابوو لە ئاییندەیەکی نزیکدا دڵتەنگیی و بێزارییت دەبێتە گوشادیی و فەرەح و سەرکەوتنت ﴿⁶ إِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا﴾ بەراستی لەگەڵ تەنگانەدا دیسانەوە بۆت دووپات دەکەمەوە: کە خۆشیی و ئاسانکاریەک هەیە، کەوابوو دڵقاییم و پشت ئەستووربە کە خوای گەورە بە زوویی دەرووی خێرت لیدەکاتەوەو سەرت دەخات، بەڵێ سووننەت و باوی خوایە هەر گەلێک، یان هەرکەسێک باری ژیانی دنیای لەسەر تەنگ بووبێ و بزووتبێ و هەوڵی خۆ ڕزگارکردنی دابێت، ئەوا خوای گەورەیش سەری خستووەو دەرووی خێری لێکردۆتەوە. ﴿⁷ فَإِذَا فَرَغۡتَ فَٱنصَبۡ﴾ جا کاتێ لە کارێک بوویتەوە (ئەی موحەممەد S)، ڕاستەوەبە بۆ ئەنجامدانی کارێکیتر، چونکە پلەکانی سەرکەوتن و مەردایەتی لە دونیاو لە قیامەتدا بێ ژمارەو بێ سنوورن، بۆیە پێویستە مرۆڤ هەرکاتێ لە کارێکی خێرو چاک بوویەوە، زوو بە زوو دەست بداتە کارێکی ترو، بێ وچان لە خزمەتی دینی ئیسلامدا تەکان بدات، بە تایبەتی پێغەمبەران و پەیڕەوانیان. ﴿⁸ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرۡغَب﴾ وە هەمیشە لە پەروەردگارت بلاڵێوە، چونکە هەر ئەوە وەڵامی داخوازیەکان دەداتەوە، (ئیبن کەسیر) دەڵێت: هەرگا لە کاروباری دونیات بوویتەوە، بە چالاکانە هەستەو پەلامار بدە بۆ خواپەرستیی و هیچ ئەندێشەیەکی دنیات لەلا نەمێنێ، بۆ پشتگیری لەو مەبەستە ئەم فەرموودەیەی هێناوە: ((لاَ صَلاَةَ بحَضْرَةِ الطّعَامِ، ولَا هُوَ يُدَافِعُهُ الأخْبَثَانِ)) واتە: باشتر وایە نوێژەکانتان دوا بخەن لەکاتی ئامادەبوونی خواردن، وە لە کاتی پێویستی چوونە سەر ئاو. صحيح مسلم، كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب كراهة الصلاة بحضرة الطعام الذي يريد أكله في الحال وكراهة، حديث: ٩٠١. یان دەفەرموێ: ((إذا أُقِيمَتِ الصَّلاةُ وحَضَرَ العَشاءُ، فابْدَؤُوا بالعَشاءِ)) صحيح البخاري، كتاب الأطعمة، باب إذا حضر العشاء فلا يعجل عن عشائ، حديث: ٥١٥٢، صحيح مسلم، كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب كراهة الصلاة بحضرة الطعام الذي يريد أكله في الحال وكراهة، حديث: ٩٠٠. باختلاف يسير. واتە: کاتێ خواردن هاتە پێشێ و نان ئامادەکراو کاتی نوێژیش بوو، بچۆ نانەکەت بخۆو ئەوجار بە دڵێکی ساف و خاڵی لە هەر خەیاڵێک ڕوو لە خوا بکە.

کۆتایی سوورەتی (ئینشیراح).

٩٥- سوورەتی (تین)ـە.

مەککەییەو (٨) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی دوو شتی زۆر گرنگ دەکات: یەکەم: ڕێزلێنانی خوای میهرەبان لە ئادەمزاد. دووەم: بڕوا هێنان بە ڕۆژی حیساب و تۆڵە، وە لە سەرەتاوە سوێند دەخوات بە ڕێ و شوێنە پیرۆزەکان، ئەوانەی جێگای نیگاو وەحی بوون، وەک (بەیتولمەقدیس)، کێوی طور، شاری مەککە، سوێند دەخوا کە خوا ڕێزی لە بەرەی ئادەمیی ناوەو، لە جوانترین شێوە قەدو بەژن و باڵای دروستکردووە، کەواتە دەبێ سوپاسی ئەویش بکات، ئەگینا پەست و ڕیسواو زەلیل دەبێ، پاشان لۆمەی بێ بڕواکان دەکات لەسەر ئەوە کە بڕوا ناهێنن بە زیندووبوونەوە.. لە کۆتاییشدا باسی دادگەریی و دادپەروەری خوا دەکات بە پاداشدانەوەی موسڵمانان و، تۆڵەدانی بێ بڕوایان، دیارە هەر کەسە بە پێی شیاوی خۆی.

مرۆڤ لە ڕێکترین شێوەدا بەدیهێنراوە:

بەم شێوەیەش دەست پێدەکا: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ[١]﴾ سوێند بە داری هەنجیرو زەیتوون، یان بەو جێگایەی کە هەنجیرو زەیتوونی تیا سەوز دەبێ، واتە: شاری قودسی پیرۆز جێگای لە دایکبوونی عیسا u. ﴿وَطُورِ سِينِينَ[٢]﴾ وە بەو کێوە پیرۆزە کە خوا لەوێ لەگەڵ موسادا وتووێژی کرد (لە دەشتی سینا) ﴿وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ[٣]﴾ وە سوێند بەم شارە هێمن و ئاسوودەیە، واتە: شاری مەککە کە کابەی پیرۆزی تێدایە ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ[٤]﴾ سوێند بە هەموو ئەمانە، بێ شک ئێمە ئادەم و نەوەیمان دروستکرد ﴿فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ﴾ لە جوانترین ڕێکی قەدو باڵاو شێوەدا ﴿ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ[٥]﴾ پاشان کە باوەڕی نەهێنا گێڕامانەوە بۆ نزمترین پلەی ئاژەڵانێ کە لە خواری خوارەوەن لە پلەو نرخدا، واتە: لەبەر ئەوە کە سوپاسی خوای نەکردو یاخیبوو، بەوە خۆی بردە ڕیزی ئەوانەوە بە سروشت ژیرنین، دەرەنجامیش چووە دۆزەخەوە. ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ[٦]﴾ غەیرەز ئەوانەی بڕوایان هێنا ﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و چاکەکانیان کرد ﴿فَلَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ﴾ جا ئەوانە پاداشتێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە، وە بە پەست و نزم دانانرێن و دەچنە بەهەشتەوە ﴿فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعۡدُ بِٱلدِّينِ[٧]﴾ جا ئیتر چ شتێک وات لێدەکات - ئەی ئینسان! پاش ئەو بەڵگەو نیشانانە لەسەر تواناو قودرەتی خوا لەسەر زیندووبوونەوە باوەڕ بە حیساب نەکەیت و بە درۆی بزانی؟ ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ[٨]﴾ ئایا خوا لە هەموو داوەرەکان داوەرتر نیە؟! بەڵێ لە هەموو داوەرێک داوەرترو دادپەروەر ترە، چونکە ئادەمزاد بۆ ئەوە دروستکراوە ژیریی خۆی بخاتە گەڕ بۆ دۆزینەوەی خوا، جا کاتێ ئەو خۆی گێل و کوێر کرد، ئەوا ئیتر ڕەوایە پەسترین پلەی بدرێتێ و ببرێتە ریزی پەسترین گیاندارەکانیشەوەو بشنێردرێ بۆ دۆزەخ. لە گەورەیی و فەزیلەتی سوورەتی (تین)ـە کە: (بەڕای کوڕی عازیب) دەڵێ: پێغەمبەر S لە ڕکاتێکی نوێژی سەفەردا، سوورەتی (تین)ی دەخوێند. صحيح مسلم، كتاب الصلاة، باب القراءة في العشاء، حديث: ٧٣٥. ئیمامی (ترمزیی)- لە ئەبو هورەیرەوە- دەگێڕێتەوەو دەڵێ: هەرکەسێ سوورەتی: ﴿والتين والزيتون﴾ی خوێندو گەیشتە کۆتا ئایەتی: ﴿أَلَيْسَ اللهُ

بِأَحْكَمِ الحَاكِمِيْنِ﴾ دەبێ بڵێ: ((بَلَى، وَأَنَا عَلَى ذَلِكَ مِنَ الشَّاهِدِين)). سنن الترمذي الجامع الصحيح، الذبائح، أبواب تفسير القرآن عن رسول الله، باب ومن سورة التين، حديث: ٣٣٥٦، وقال: هذا حديث إنما يروى بهذا الإسناد عن هذا الأعرابي عن أبي هريرة ولا يسمى، وقال الارنأووط: إسناده ضعيف لجهالة الراوي عن أبي هريرة، و ضعفه الألباني في سنن الترمذي، برقم: ٣٣٤٧.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی(تین)، لەگەڵ
سوپاس و حورمەتدا بۆ خوای میهرەبان.

٩٦- سوورەتی (عەلەق)ـە.

مەککەییەو (١٩) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سورەتە بە کورتە لە چەند شتێک دەدوێ: <u>یەکەم</u>: سەرەتای هاتنی وەحی بۆ پەیامبەر S. <u>دووەم</u>: یاخیبوونی ئادەمزاد بە هۆی ماڵ و دارایییەوە. <u>سێیەم</u>: داستانی بەدبەختەکەی قوڕەیش (ئەبو جەهل)و ئەزیەت و ئازارەکەی بۆ پەیامبەر S بەو شێوەیە کە پێشەوا (موسلیم) لە (صەحیح)ـەکەیدا دەیهێنێ (صحيح مسلم، كتاب صفة القيامة والجنة والنار، باب قوله: إن الإنسان ليطغى أن رآه استغنى، حديث: ٥١١١). جا بۆ یەکەمجار باسی بەهرەو میهرەبانیەکانی خوا دەکات بەرامبەر بە پەیامبەر کە چۆن بەو شێوە ناوازەیە قورئانی بۆ ناردووەتە خوارەوە، لە کاتێکا کە ئەو هێمان، لە ئەشکەوتی (حراء)دا لە خەڵوەتا بوو، بەڵێ.. ئەو چۆڵ ویستییەو خەڵوەکێشانە شتێک بووە، خوای گەورە بەئیلهام خستوویەتییە دڵی پەیامبەرەوە، ئەوەبوو لە پێش پەیامبەرێتیدا دەچووە ئەو جێگایە بۆ بیرکردنەوە لە دەسەڵاتی خوای گەورەو، چۆنیەتی چاککردنی ئەو گەلە سەر لێشێواوو پیاو کوژو بێ وێڵە، تا ئەوەبوو لەوێ خوای گەورە خەڵاتی پەیامبەرێتی کردو قورئانی بۆ نارد.

سەرەتای پێغەمبەریتی موحەممەد s

بەم ئایەتانە دەستی پێکرد:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ * ١ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ ئەی موحەممەد! s بخوێنە، ئەوەی وەحیت بۆ دەکرێ بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە، کە هەموو شتێکی دروستکرد. سەرنج بدە! ئەم دینە چەندە ئایینێکی بەرزوو ڕوو لە پێشکەوتن و شارستانیەتە، یەکەم نیگا فەرمان بە خوێندن دەداو هانی مەردوم بۆ خوێندنەوە دەدا. ﴿٢ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ﴾ خەڵقی نەوەکانی ئادەمی کرد لە خوێنێکی وەستاوی هەڵواسراوی شێوە زەروو، جا خوایەکی بە دەسەڵاتی ئاوا، چۆن ناتوانێ پەیامبەرێ فێری خوێندن بکاو هەرچی پێ بڵێ پێی لەبەر بکات ﴿٣ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ﴾ بخوێنە، وە پەروەردگاری تۆ لە هەموو کەسێک بەخشندە ترەو خاوەن ڕێزێکی بێ سنوورەو هیچ کەسێکی ناگاتێ؟!

شەرەف و مەزنیی مرۆڤ بە زانستەوەیە:

﴿٤ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ﴾ ئەو خوایەی کە بەهۆی قەڵەمەوە ئادەمیی فێری زانست و نووسین کرد ﴿٥ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ ئادەمیی فێری ئەو شتانە کرد کە نەیدەزانی، واتە: فێری هەر شتێکی کرد کە لە ناو منداڵدانی دایکیدا نەیدەزانی، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو بەخششانەدا، هێشتا هەر یاخی دەبێ. **سەرنجێك:** ئەم سوورەتە لە ﴿كلا إن الإنسان..﴾ـەوە تا کۆتاییەکەی لە بارەی (ئەبوجەهل)ـەوە هاتووە، چونکە کاتێ پێغەمبەر s هەردەم کە لە پاڵ کەعبەدا نوێژی دەکرد ئەو ڕێی لێدەگرت!!.

مرۆڤ هەر کە دارایی دیت سەر بزێوی دەکات:

﴿٦ كَلَّا﴾ ئاگاداربە! ﴿إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى﴾ بەڕاستیی ئینسان (واتە: ئەبوجەهل)و هاوشێوەی، یاخی دەبێ و ستەم دەکات ﴿٧ أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى﴾ لەبەر ئەوەی کە خۆی بێ نیازو دەوڵەمەند دەبیت ﴿٨ إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى﴾ دە بەراستی ئەی پێغەمبەر s! گەڕانەوەی هەموان هەر بۆلای پەروەردگارتە.

ئەوانەی ڕێگە لە نوێژو خواپەرستیی دەگرن:

﴿٩ أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى ١٠ عَبْدًا إِذَا صَلَّى﴾ ئایا دیتت ئەو (طاغیە)ی ڕێگری کرد لە بەندەیەکی خوا (موحەممەد s) کاتێ نوێژ دەکرد بۆ خوا، ئای ئەو جۆرە کەسانە چ مرۆڤێکی یاخیی و دڵرەق و بێ ویژدان و بێ ویڵن! ﴿١١ أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَى﴾ پێم بڵێ: ئەگەر - ئەو بەندە نوێژ خوێنە- لەسەر ڕێی ڕاست و هەقیش بێت ﴿١٢ أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى﴾ یان فەرمان بە پارێزکاریی و تەقوا بدا، ئایا پیاوێکی ئاوا، هەقە ڕێی لێ بیگیرێ و ئەشکەنجە بدرێ و نەهێڵرێ نوێژەکانی بکات؟! ﴿١٣ أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّى﴾ پێم بڵێ: ئایا ئەو کابرایە ئەگەر بڕوای بە قورئان نەهێناو پشتی لێ هەڵکرد، ناترسێت لەوە کە خوا قەهری لێ بگرێت؟ ﴿١٤ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ اللَّهَ

﴿يَرَىٰ﴾ ئایا (ئەبوجەهل) نەیزانیوە کە بەڕاستی خوا دەیبینێ و ئاگای لێیەتی؟ جا ئەگەر ئەو بۆخۆی ئەو هەستەی بووبا ئەوەندە لاسار نە دەبوو ﴿[15] كَلَّا﴾ دەبا ئەوەندە یاخیی و سەرکەش نەبێ ﴿لَئِن لَّمْ يَنتَهِ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر لەوکارە بەدانەی خۆی دەست هەڵنەگرێ و کۆڵ نەدات ﴿لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ﴾ بە پێشە سەری دەیگرین و بۆ دۆزەخی ڕادەکێشین ﴿[16] نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ﴾ پێشە سەرێکی درۆزنی خەتا کار، واتە: ئەوەندە درۆزن و هەڵەکارە لە کارەکانیدا، بە ناو چاویەوە دیار بووەو، بۆتە سیفەتی هەمیشەو هەتا هەتایی ﴿[17] فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ﴾ جا با ئەوکاتە هاوەڵ و هاوڕێ و هاو دانیشتووەکانی بانگ بکاو هاواریان بۆ ببات، بەڵکو نەهێڵن، (ئیبن عەباس) دەڵێ: ئەگەر هاواری بۆ بردبان، دەستبەجێ فریشتەی سزا دەیگرت و تیا دەچوو. پێشەوا ئەحمەد/٣٢٩. ﴿[18] سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ﴾ بە تەئکید ئێمەش دەرگاوانەکانی دۆزەخی بۆ بانگ دەکەین تا بیگرن، کە بەڕاستیی کۆمەڵێکی زەبر بەدەستن.

هەرگیز پەیڕەویی لە پیاوی خراپ مەکە:

﴿[19] كَلَّا﴾ با کاری وا نەکات جارێکی تر ئەو سەر سەختە لە خوا نەترسە، واتە: با لەو ئیشانەی دەست هەڵبگرێ پێش دووچار بوونی ﴿لَا تُطِعْهُ﴾ تۆیش ئەی موحەممەد! ﷺ، قەت بە قسەی مەکە ﴿وَاسْجُدْ وَاقْتَرِب ۩﴾ وە بەردەوامبە لەسەر کڕنووش و نوێژی خۆت، وە خۆت بەوە نزیک بکەوە لە خوا، چونکە باشترین کات بۆ لە خوا نزیکبوونەوە کاتی سوژدەیە. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((أَقْرَبُ ما يَكونُ العَبْدُ مِن رَبِّهِ، وَهُوَ سَاجِدٌ، فأكْثِرُوا الدُّعاءَ)) صحيح مسلم، كتاب الصلاة، باب ما يقال في الركوع والسجود، حديث: ٧٧٣. واتە: نزیکترین کاتی نزیکبوونەوەی بەندە بە پەروەردگاریەوە، ئەو دەمەیە کە نێوچاوان و تەوێڵی لە سوژدەدا بێ بۆی، کەوابوو دۆعاو لاڵەی زۆر بکەن لە خواوەندی پەروەردگارتان. وە هەرکات پێغەمبەر ﷺ سوورەتی (عەلەق)ی دەخوێندەوەو سوژدەی (تیلاوەت)ی دەبرد. موسلیم:٤٠٦/١.

کۆتایی سوورەتی (عەلەق)،
لەگەڵ سوپاسی بێپایان بۆ خوای کارزان.

٩٧- سوورەتی (قەدر)ـە.

مەککەییەو (٥) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە لە بارەی دیاریکردنی سەرەتای هاتنە خوارەوەی قورئانەوە قسە دەکات، وە لە پلەو گەورەیی ئەو شەوە پیرۆزە دەدوێ کە قورئانی تیا هات، خۆ حورمەت و ڕێزی ئەو شەوەش لە تەواوی ڕۆژو مانگەکانی ساڵ زیاترە، چونکە

قورئانی تیا هاتووه، شیاوی باسه له چوار جێگای قورئاندا باسی هاتنه خوارەوەی قورئانی پیرۆزکراوه. یەکەم: ئەم سوورەتی (قەدر)ـه، ئایەتی: (١-٥). دووەم: (دوخان/٣): ﴿إنا أنزلناه في ليلة مباركة إنا كنا منذرين﴾. سێیەم:(بەقەره/١٨٥): ﴿شهر رمضان الذي أنزل فيه القرآن..﴾. چوارەم: (ئەنفال/٤١): ﴿..إن كنتم آمنتم بالله وما أنزلنا على عبدنا يوم الفرقان يوم التقى الجمعان..﴾. هەموو ئەمانەش ئەو ڕاستیە دووپات دەکەنەوە کە قورئان لە شەوی (قەدر)ی مانگی ڕەمەزاندا هاتووە.

گەورەیی و مەزنیی شەوی قەدر:

خوای گەورە بۆ پتر شیرینکردنی قورئان لای موسڵمانانی جیهان، بەم چەند ئایەتە کورتانە پلەو مەنزیلەیەکی بێ وێنە دەبەخشێ بەو کاتە ئەوی تێدا هاتووە، جا دەبێ خۆی چەندە گەورەو مەزن بێت، بۆیە دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * [١] إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ﴾ بەڕاستیی ئێمە لە شەوێکی زۆر پیرۆزو بەڕێزدا قورئانمان دابەزاند. بەڵێ بەڕاستیی ئەو شەوە زۆر بەڕێزە، چونکە قورئانی تێدا هاتووە، جا دەبێ چ پلەیەک لەوە گەورەتر بێ کە خوای گەورە بەو شەوەی بەخشیوە؟ ﴿[٢] وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ﴾ تۆ چووزانیت شەوی بە فەڕ چیەو چەندە بە بەرەکەتە؟ ﴿[٣] لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ﴾ شەوی قەدر لە هەزار مانگ چاکترە، واتە: فەڕو بەرەکەتی ئەو شەوە زۆر زیاترە لەو شەوانەی قەدریان تیا نەبێ، دیاریکردنی ژمارەی هەزار مانگ پێدەچێ لای عەرەبەکان باو بووبێ و وترابێ: فڵانە ئیش لە ئیشی هەزار مانگ چاکترە، واتە: لەوە دەچێ مەبەست دیارییکردنی لای سەرووی ژمارە نەبێ، چونکە ئەو شەوە نەک لە هەزار مانگ، بەڵکو بە بۆنەی هاتنی ئەم قورئانەوە لە تەواوی ڕۆژەکانی تری گێتی چاکترە.

فریشتەکان شەوی قەدر هەموو کارێ جێبەجێ دەکەن:

بەڵێ.. بۆ زیاتر قەدرو حورمەتنان لەو شەوە بە فەڕە، خوای گەورە گش کارو ڕووداوەکانی ساڵی ئاییندەی تێدا بە فریشتە ئەنجام دەدا، وەک دەفەرموێ: ﴿[٤] تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم﴾ لەو شەوەدا فریشتەکان کە جبریلیان لە گەڵدایە بە فەرمانی پەروەردگاریان دادەبەزنە خوارێ بۆ پیادەکردنی ئەو کارانەی کە بۆیان دیارییکراوەو بەرنامەی بۆ دانراوە لەلایەن خواوە ﴿مِّن كُلِّ أَمْرٍ﴾ لەبەر هەر کارێک کە بڕیار دەدرێ لەو ساڵەدا ﴿[٥] سَلَامٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ الْفَجْرِ﴾ شەوێ نەک هەر ئەوەندە گەورەو خاوەن ڕێز بێت، بەڵکو هەر لە سەرەتایەوە هەتا هەڵاتنی شەبەق، ئاشتیی و سەلام و دروودو ڕەحمەتە، وە خوای گەورە جگە لە خۆشیی و کامەرانیی شتێکی تری تێدا نانووسێت لەبەر پیرۆزیی و ڕێزی قورئان. بۆیە پێغەمبەر S لە بارەی حورمەت و پیرۆزییەوە دەفەرمووێ: هەر کەسێک شەوی قەدر بە عیبادەت و خواپەرستیی بباتە سەر، وە بە ئیمان و باوەڕی بتەوو بەهێزەوە بەتەمای ڕەحمەت و میهرەبانی خوای گەورە بێت، ئەوا خوای گەورەش لە هەموو تاوان و گوناهانی ڕابوردووی خۆش دەبێت. (صحيح البخاري، كتاب الإيمان، باب: تطوع قيام رمضان من الإيمان، حديث: ٣٧، صحيح مسلم، كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب الترغيب في قيام رمضان، حديث: ١٣٠٦). وە ئەو شەوە لە دە شەوەکانی ئاخری مانگدایەو لە شەوەوە تاکەکانیشدایە، وەک لە فەرموودەی ئیمامی (موسلیم و ئەحمەد) هاتووەو ڕیوایەتی دەکەن و دەڵێن: ((..وَأَنَّهَا فِي الْعَشْرِ الأَوَاخِرِ..)). (صحيح مسلم، كتاب الصيام، باب فضل ليلة القدر، حديث: ٢٠٧٣). یان: ((..فَالْتَمِسُوهَا فِي الْعَشْرِ الْبَوَاقِي فِي الْوِتْرِ مِنْهَا)). واتە: لە شەوە تاکەکانی شەوانی ڕەمەزان بەدووی بگەڕێن. (ومسند أحمد بن حنبل، ومن مسند بني هاشم، مسند عبد الله بن عمر،

حديث: ٤٣٨٨، قال الأرنأووط: إسناده صحيح على شرط الشيخين). **نیشانەكانی:** شەوێكی پاكژو ساف و خاوێنە، مانگێكی ڕوون و ئاشكرای هەیە، نە ساردە نە گەرم، پزیسكی ئەستێرەی تیا فڕێ نادرێت، خۆرەكەی زۆر بە خاوێنیی و جوان هەڵدێ و هەرگیز شەیتانی لە تەک نابێت. (صحيح مسلم، كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب الترغيب في قيام رمضان، حديث: ١٣١٢) و (مسند أحمد بن حنبل، مسند الأنصار، حديث زر بن حبيش، حديث: ٢٠٦٦٢، قال الأنأووط: حديث صحيح، وهذا إسناد حسن، وصححه الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٣٧٥٤.(شعب الإيمان للبيهقي، التماس ليلة القدر في الوتر من العشر الأواخر من شهر رمضان، حديث: ٣٥٢٥، وصححه الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٥٤٧٥).

كۆتایی سوورەتی قەدر. والحمدلله رب العالمين.

٩٨- سوورەتی (بەیینە)یە.

مەدەنییەو (٨) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باس دەكات لە: یەكەم: هەڵوێستی خاوەننامەكان بەرامبەر پەیامەكەی پەیامبەر ﷺ . دووەم: یەكلاكردنەوەی ئاییندارىی تەنها بۆ خوا. سێیەم: پاشە ڕۆژی بەختیاران و بەدبەختان لە پاشە ڕۆژدا. جا لە سەرەتاوە هەڵوێستی (جوولەكەو گاور)ـەكان باس دەكات سەبارەت بە بانگەوازەكەی پەیامبەر ﷺ، پاش ئەوە كە ڕاستییان بۆ دەركەوت، هەر وەک دەست دەخاتە سەر ئەوانەی پیشەیان هەر تاوان و خراپە كارییە، وەک خاوەننامە بێ باوەڕەكان و هاوەڵدانەران و مانەوەیان لە دۆزەخدا بە هەتا هەتایی، دەستیش دەخاتە سەر پاشە ڕۆژی موسڵمانان، ئەوانەی خێرو چاكە بۆتە پیشەیان، بۆ دواییش دیارییكردنی بەهەشت لەگەڵ پەیامبەران و صدیقین و شەهیدەكان و صاڵحاندا بۆیان.

ئەهلی كتێب بەڵگەی ڕوونیان بۆ هات و لە دین دەرچوون:

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ لَمۡ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ مُنفَكِّينَ﴾ بێ باوەڕەكان لە خاوەننامەو هاوبەشدانەران، دەست بەرداریان نەبوون لە كوفریان ﴿حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ﴾ تا بەڵگەو نیشانەی ڕوونیان بۆ هات ﴿٢ رَسُولٞ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ ئەویش پەیامبەرێكە لە لایەن خواوە ﴿يَتۡلُواْ صُحُفٗا مُّطَهَّرَةٗ﴾ و كۆ پەڕەیەكی نووسراوی پاككراوەیان بەسەردا دەخوێنێتەوە ﴿٣ فِيهَا كُتُبٞ قَيِّمَةٞ﴾ كە لە ناویاندا هەیە چەند نووسراوێكی ڕاست، بەڵێ لە پاش هاتنی پەیامبەر ﷺ خاوەننامەكان وەزعیان گۆڕا، ئەوانەیان سروشتێكی پاكیان بوو بڕوایان هێنا، هەندێكیشیان هەر لەسەر حاڵەتی خۆیان مانەوە، وەک دەفەرموێ: ﴿٤ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ﴾ خاوەننامەكان لە پێغەمبەرێتی (مەحەممەد) جیاوازییان تێنەكەوت و دەستە دەستە نەبوون، دوای ئەوە نەبێ كە بەڵگەی ڕوونیان بۆ هات دەربارەی پێغەمبەر، ئیتر ئەوكاتە لەبەر حەسادەت و دڵپیسی خۆیان بوونە دوو دەستەوە، هەندێكیان بڕوایان هێنا، هەندێكیشیان وەک خۆیان مانەوە، ئینجا لەسەر بڕوا

نەهێنانیان سەر زەنشتیان دەکا، وەک دەفەرموێ: ﴿٥ وَمَآ أُمِرُوٓاْ﴾ لە هەمان کاتا لە (تەورات و ئینجیل)دا فرمانیان پێ نەدرابوو ﴿إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ بەوە نەبێ کە بە تەواوی هەموو خوا بپەرستن و سەر بۆ ئەو دانەوێنن و ئایینی خالیس هەر بۆ ئەو دابنێن ﴿حُنَفَآءَ﴾ و لە هەموو ئایینێکی هیچ و پوچ لابدەن ﴿وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ و بە تێرو تەسەل نوێژەکانیان بکەن ﴿وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ﴾ و لە ماڵ و سامانیان زەکات بدەن بەو شێوەیەی بۆیان ڕوونکراوەتەوە ﴿وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ﴾ وە هەر ئەو خواپەرستیی و یەکلابوونەوەیەو نوێژو زەکات دانەیە، ئایینی پایەدارو ڕاست، ئاوا فرمانیان پێکرابوو، کەچی ئەوان جیابوونەوەو بوونە چەند دەستەیەک، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((..وسَتَفْتَرِقُ هَذِهِ الأُمَّةُ على ثَلَاثٍ وسَبْعِينَ فِرْقَةً كُلُّهَا فِي النَّارِ إلا واحِدةً، قِيْلَ: مَنْ هِيَ يا رَسُولَ اللهِ؟ فَقَالَ ﷺ: مَنْ كَانَ عَلَى مِثْلِ مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي..)) واتە: ئەم ئوممەتە دەبێتە (٧٣) دەستەوە، هەمووی لە ئاگردان، تەنها یەک تاقمیان نەبێت، ئەویش ئەوانەیانن کە لەسەر هاوشێوەی ڕێبازو بەرنامەی من و هاوەڵانمن. سنن الترمذي الجامع الصحيح، الذبائح، أبواب الإيمان عن رسول الله، ما جاء في افتراق هذه الأمة، حديث: ٢٦٣٢، ورواه الحاكم وقال: صحيح على شرط مسلم. وحسنه الألباني في سنن الترمذي برقم: (٢٦٤١)، ورجاله ثقات معروفون غير عباد بن يوسف وهو الكندي الحمصي، وقد ذكره إبن حبان في الثقات و وثقه غيره، و روى عنه جمع، وللحديث شواهد.

لە هەموو کەس خراپتر خاوەننامە لە دین دەرچووەکانن:

﴿٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی بێ برواو کافربوون ﴿مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ لە خاوەننامەو بتپەرستەکان ﴿فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآۚ﴾ دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە بە هەتا هەتایی تێیدا قەتیس دەبن ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ شَرُّ ٱلۡبَرِيَّةِ﴾ ئا ئەوانە خراپترینی دروستکراوەکانن، چونکە پاش دۆزینەوەی ڕێی ڕاست لایاندا.

لە هەموو کەس چاکتر ئیمانداره ئاکار چاکەکانن:

﴿٧ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ بەڕاستی ئەوانەش وا ئیمان و بروایان هێنا ﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کارە چاکەکانیان ئەنجامدا ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ خَيۡرُ ٱلۡبَرِيَّةِ﴾ ئا ئەوانە چاکترینی هەموو دروستکراوەکانی سەر زەویین ﴿٨ جَزَآؤُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ﴾ پاداشیان لەلای پەروەردگاریان: ﴿جَنَّٰتُ عَدۡنٖ﴾ چەند باخاتێکی هەمیشەیی بەهەشتە ﴿تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ لە بن درەختەکانیەوە چەندین جۆگە ئاوو ڕوبار دەڕوات ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ﴾ و بە ئێجگاری تێیدا دەمێننەوەو ژیان دەبەنە سەر ﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ﴾ و خوا لێیان ڕازیی و خۆشنوودە بە هۆی کارە چاکەکانیانەوە ﴿وَرَضُواْ عَنۡهُۚ﴾ و ئەوانیش لەو ڕازیی و، خۆشنوودن سەبارەت بەو هەموو بەخششەی پێیداون ﴿ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ رَبَّهُۥ﴾ ئەو ڕێزو پاداشە گەورەیە بۆ هەر کەسێکە کە بەڕاستی لە پەروەردگاری خۆی ترسابێ و فرمانەکانی جێبەجێ کردبێ. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((باشترینی دروستکراوەکانی سەر زەوییتان پێ بڵێم؟: وتیان: بەڵێ، فەرمووی: پیاوێکە هەمیشە خۆی ئامادە کردووە بۆ غەزاو جیهاد، جڵەوی ئەسپەکەی بە دەستەوەیەتی، هەر شتێک ڕوویدا بە خێرایی خۆی فڕێدەداتە سەری، لە خوارووی ئەویشەوە کەسێکە لە ناو مەڕەکانیدا دەژی، نوێژ دەخوێنێ و زەکات دەدات، خراپترینی گشت خەڵکیش ئەو کەسەیە: کە داوای شتێکیان لێدەکرێ کەچی هێمان نایاندەن))

صحيح ابن حبان، كتاب السير، باب فضل الجهاد، ذكر وصف المجاهد الذي يكون أفضل من العابد المتجرد لله، حديث: ٤٦٧٠، قال الأرناووط: إسناده حسن، أسامة بن زيد: هو أبو زيد المدني، روى له البخاري تعليقاً ومسلم في الشواهد، وهو صدوق يهم، وباقي السند رجاله ثقات رجال الشيخين.

كۆتایی تەفسیری سوورەتی (بينة).

٩٩- سوورەتی (زەلزەلە)ــە.

مەدەنییەو (٨) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە هەر چەند بە شێوازو ئوسلوب لە سوورەتە مەککییەکان دەچێت، چونکە باسی قیامەت و حاڵەتە دژوارەکانی ئەو رۆژە دەکات، وە بەم شێوەیەش دەست پێ دەکات: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * [١] إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا﴾ کاتێ کە زەوی بە توندی تەکانیداو کەوتە لەرزە لەرزو جووڵە جووڵ، بە هەر هۆیەکەوە بێت، (ئیبن عەباس) دەڵێ: ئەوە لە (نەفخە)ی یەکەمدایە، بە جۆرە لەرزەیەکی وا کە شایستەی ئەو بێت، جا ئەبێ ئەو حاڵەتە چ رووداوێکی گەورە بێت ﴿[٢] وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا﴾ و زەوی هەرچی باری گران و قورسی هەبوو فڕێی دایە دەرەوە: (مردووان، نەوت و، ئاوو، خەزنەو، هەزاران هەزار شتی تر)، پێغەمبەر S دەفەرموێ: ((تَقِيءُ الأَرْضُ أفْلاذَ كَبِدِها، أمْثالَ الأُسْطُوانِ مِنَ الذَّهَبِ والْفِضَّةِ، فَيَجِيءُ القاتِلُ فيَقولُ: في هذا قَتَلْتُ، ويَجِيءُ القاطِعُ فيَقولُ: في هذا قَطَعْتُ رَحِمِي، ويَجِيءُ السَّارِقُ فيَقولُ: فِي هَذاَ قُطِعَتْ يَدِي، ثُمَّ يَدَعُونَهُ فلا يَأْخُذُونَ منه شيئًا)) صحيح مسلم، كتاب الزكاة، باب الترغيب في الصدقة قبل أن لا يوجد من يقبلها، حديث: ١٧٤٥. واتە: زەوی پارچەکانی جەرگی خۆی بەوێنەی ستونی ئاڵتون و زیو دەخاتە دەرەوە، پیاو کوژ دێت و دەڵێت: لەسەر ئەمە کوشتارم کردووە، خزمی خراپ دێت و دەڵێت: لەسەر ئەمە خزمایەتیم پچڕاندووە، دز دێت و دەڵێت: لەسەر ئەمە دەستم بڕاوە، ئەوسا هەمویان وازی لێ دەهێنن و هیچی لێ نابەن. مەبەست ئەوەیە کە هەرچی زێرو زیوو و نەختینە هەیە لەو ڕۆژەدا بە فەرمانی خوا هەڵی دەداتە دەرێ، ئیتر خەڵکان دەڵێن: بەهۆی ئەمەوە بوو گوناح و تاوانمان دەکرد!.

قیامەت هات زەمین بوومەلەرزە لێیدەداو، مرۆڤ دەڵێ چی قەوماوە؟:

﴿[٣] وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا﴾ ئەو کاتە ئادەمی کافر بەسەر سوڕمانێکەوە دەڵێ: زەوی چییەتی وا دەکات.؟ ﴿[٤] يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا﴾ لەو ڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی چاک و خراپ ڕادەگەیەنێت و، مەردوم تێ دەگات کە ئەو زەمین لەرزەیە سەرەتای ڕۆژێکی سەخت و وێران بوونی دونیایە ﴿[٥] بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا﴾ ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە پەروەردگارت وەحیی و فرمانی پێ کردووە بەو زەلزەلەیە، واتە: لە خۆیەوە ناتوانێ هیچ بکات و هەردەم لە ژێر دەسەڵاتی خوادایە

﴿يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا﴾ لەو ڕۆژەدا خەڵکی بە پەرش و بڵاوی لە گۆڕەکانیان دەردەچن بۆ شوێنی حیساب ﴿لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ﴾ بۆ ئەوەی پاداش و تۆڵەی کاروکردەوەکانیان نیشان بدرێت.

تۆزقاڵەیە (خێرو شەڕ) ون نابێ:

﴿٧ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ﴾ ئینجا هەرکەسێک کێشی وردیلەیەک چاکەی ئەنجامدابێت، پاداشەکەی دەبینێتەوە ﴿٨ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ﴾ و کەسێکیش کێشی وردیلەیەک شەڕو خراپەی کردبێت، تۆڵەکەی دەبینێتەوە، مەگەر خوا قەڵەمی عەفوو بێنی بە سەریا، کەوابوو با هەموومان هۆشیارو زیرەک و وریابین، بزانین ڕۆژانە چی دەکەین و لە خوا بترسین. لە گەورەیی و فەزیلەتی ئەم سورەتەیە کە ئیمامی (تیرمیزی) لە (ئەنەس)ـەوە دەگێڕێتەوە کە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((مَنْ قرَأَ: إِذَا زُلْزِلَتْ، عُدِلَتْ له بِنِصْفِ الْقُرْآنِ وَمَنْ قَرأَ: قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ، عُدِلَتْ لَهُ بِرُبْعِ الْقُرْآنِ، وَمَنْ قَرأَ: قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ، عُدِلَتْ لهُ بِثُلُثِ الْقُرْآنِ)). واتە: ئەو کەسەی کە سوورەتی (زەلزەلە) دەخوێنێتەوە، بەلای خواوە پاداشتی نیوەی قورئانی بۆ هەیە، وە ئەوەش کە سوورەتی ﴿قُل ياأيّها الكَافِرون﴾ دەخوێنێ، ئەوا پاداشتی چوار یەکێکی قورئانی بۆ دەنووسرێت، ئەوەش کە سوورەتی ﴿قُل هوالله أحد﴾ دەخوێنێتەوە، پاداشتی سێیەکی قورئانی بۆ هەیە. (سنن الترمذي الجامع الصحيح، الذبائح، أبواب فضائل القرآن عن رسول الله، باب ما جاء في إذا زلزلت، حديث: ٢٨٩٣، وقال: هذا حديث غريب لا نعرفه إلا من حديث هذا الشيخ الحسن بن سلم، وقال الأرنأووط: إسناده ضعيف لضعف سلمة بن وردان، وحسنه الألباني في سنن الترمذي دون فضل زلزلت، برقم: ٢٨٩٣).

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (زەلزەلە).

١٠٠- سوورەی (عادیات)ـە.

مەککەییەو (١١) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی وڵاخ و ئەسپی موجاهیدان و سوارچاکانی کاتی خۆی دەکا، کە چۆن شەبەیخونیان دەبردە سەر دوژمن، گومان نییە کە ئەوەیش نرخ و گرنگی وڵاخ و سواریی نیشان دەدات تا ڕۆژی دوایی، وە هەتا دونیا دونیا بێ، نرخیان کەم نابێتەوە، جا خوا سوێند دەخوات بە وڵاخی هاوەڵان کە: مرۆڤ بەرامبەر بە بەهرەکانی خوای خۆی زۆر سپڵەیە، هەر وەک ئەو ڕاستییە دەچەسپێنێ کە ئادەمیی ماڵی دونیای زۆر خۆش دەوێ، بە شێوەیەک کە گەلێ جار کەسایەتی خۆی لە کیس دەدا بۆی! وە بەم شێوەیەش دەست پێدەکات:

خوا سوێند بە چارەوێی جەنگ دەخوا کە مرۆڤ پێ نەزانێ:

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا﴾ سوێند بەو ئەسپانەی بە تاو غار دەدەن لە گۆڕەپانی جیهاددا بە پرماندن
و بە پەلە تەپ دەدەنە سەر دوژمن ﴿٢ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا﴾ ئینجا بەو ئەسپانەی کە لەکاتی پڕتاودا ناڵ و بزماری ژێر سمیان
بەتوندی لە بەرد دەداو ئاگر هەڵدەستێنێ ﴿٣ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا﴾ ئینجا بەو ئەسپانەی کە لە بەرەبەیاندا هەڵمەت دەبەنە سەر
دوژمن ﴿٤ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا﴾ بەو زوو هەڵمەت بردنەی بەیانیانەیان تەپ و تۆز هەڵدەسێنن و بە هەموولایەکدا بڵاو
دەبێتەوە ﴿٥ فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا﴾ جا بەو زووە خۆیان دەکوتنە ناو جەرگەی کۆمەڵێ دوژمنەوە ﴿٦ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ﴾
سوێند بەوانە هەموو، بێگومان ئادەمیی سەبارەت بە پەروەردگاری خۆی زۆر سپڵەو ناسوپاسە ﴿٧ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ﴾ وە
بەڕاستی ئادەمیی خۆیشی لەسەر ئەو ناسوپاسییە ئاگادارەو کاروکردەوەیی و جموجوڵەکانی بەڵگەن بۆ ئەوە.

مرۆڤ لە ماڵی دنیا چکوس و ڕژدە:

﴿٨ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ﴾ وە بێگومان زۆر حەزی لە ماڵ و سامانە ﴿٩ ۞ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِى ٱلْقُبُورِ﴾ جا کە وا دەکات، ئایا
نازانێ کاتێ لە گۆڕەکان هێنرایە دەرێ و زیندووکرایەوە ﴿١٠ وَحُصِّلَ مَا فِى ٱلصُّدُورِ﴾ وە هەرچی لە سینەو دڵەکاندایە هەر
هەمووی کۆ کرایەوەو خرایە ڕوو ﴿١١ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌۢ﴾ بەڕاستی لەو ڕۆژەدا پەروەردگاریان بە هەموو کاروکردارو
گوفتاریان ئاگادارە، کەواتە: چۆن ئەوێرێ سەرپێچیی و تاوان بکات، لە کاتێکا ئەمرێ و زیندوو دەکرێتەوەو ڕازیی دڵی
دەر ئەخرێ.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (عادیات).

١٠١- سوورەتی (قاریعە)یە.

مەککەییەو (١١) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی پلەکانی ڕۆژی (قیامەت) دەکات، ئەو شتانەی کە لەو ڕۆژەدا ڕوو دەدەن: دەرچوونی ئادەمیی لە گۆڕدا، بڵاوەکردنیی و، سەرگەردان بوونیی وەک پەپولەی پرش و بڵاو، گۆڕینی کێوەکان وەک خوری شیکراوە کە بە بایەکی سووک بڵاوبێتەوە.. پاشان دەرەنجامی قورسیی و سوکی کرداری خەڵکیی و شوێنیان دیاری دەکات و، بەم شێوەیە دەست پێدەکات: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ ٱلۡقَارِعَةُ﴾ ڕاچڵەکێنەر ﴿٢ مَا ٱلۡقَارِعَةُ﴾ ڕاچڵەکێنەر چییە؟ ﴿٣ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡقَارِعَةُ﴾ تۆ چوزانیت داچڵەکێنەر چییە؟.

قیامەت هات مرۆڤ وەك پەپوولەی پرژاو دەبن:

﴿٤ يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ﴾ ڕۆژێکە گشت مەردوم وەکو پەپوولەی پرش و بڵاوی لێدێ ﴿٥ وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ﴾ کێوەکانیش وەک خوری شییکراوەیان لێ دێت و بە هەوادا دەڕۆن.

پاداش و تۆڵە بەپێی تای تەرازووە:

﴿٦ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ ئینجا ئەو کەسە کە لەو ڕۆژەدا تای کێشانەی کردەوەکانی قورس بوو ﴿٧ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ﴾ ئەوە لە نێو گوزەران و خۆشییەکی وادا دەبێت، خۆی پێی ڕازییە ﴿٨ وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ بەڵام ئەو کەسەش کە تای کێشانەی کردەوەکانی سووک بوو ﴿٩ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ﴾ ئەوە دایکی ئەو دۆزەخەو باوەشی بۆ گرتۆتەوە ﴿١٠ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ﴾ جا تۆ چوزانیت (هاویە) چییە؟ ﴿١١ نَارٌ حَامِيَةُۢ﴾ ئاگرێکی زۆر گەرمە. ئیمامی (بوخاریی) لە (ئەبو هورەیرە)وە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر S فەرمویەتی: ((نَارُكُمْ جُزْءٌ مِن سَبْعِينَ جُزْءًا مِن نَارِ جَهَنَّمَ، قيلَ يا رَسولَ اللَّهِ إنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً قالَ: فُضِّلَتْ عليهنَّ بتِسْعَةٍ وسِتِّينَ جُزْءًا كُلُّهُنَّ مِثْلُ حَرِّهَا)). واتە: ئەو ئاگرەی ئێوە بەشێکە لە هەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ، وترا ئەی پێغەمبەری خودا S ئەو ئاگرەی دونیا بەس نیە بۆ سزای تاوانباران لە قیامەت؟ فەرمووی: ئاگری دۆزەخ پێشترە بەسەر ئاگری دونیادا بە (٦٩) بەش، کە تین و بڵێسەی هەر بەشێک لەو بەشانە، وەکو تین و بڵێسەی ئاگری دونیا وایە. صحيح البخاري، كتاب بدء الخلق، باب صفة النار، حديث: ٣١٠٨. وە هەروەها دەربارەی قورسیی و نارەحەتی ئەو ئاگرەیە کە پێغەمبەر S دەفەرموێ: ((..إذَا اشْتَدَّ الحَرُّ فأبْرِدُوا عَنِ الصَّلَاةِ، فإنَّ شِدَّةَ الحَرِّ مِن فَيْحِ جَهَنَّمَ)). صحيح البخاري، كتاب مواقيت الصلاة، باب الإبراد بالظهر في شدة الحر، حديث: ٥١٩، صحيح مسلم، كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب استحباب الإبراد بالظهر في شدة الحر لمن يمضي إلى جماعة، حديث: ١٠٠٤. واتە: هەرکە گەرمای نیوەڕۆ تینی سەند، ئێوەش نوێژ دوابخەن بۆ کاتێ فێنک دەکا، نزیک بە وەختی نوێژی عەسر، هەتا نارەحەت و ماندوو نەبن، چون گڕەی گەرما لە هەناسەی دۆزەخە.

کۆتایی سوورەتی (قاریعە)، لەگەڵ سوپاسێکی زۆردا بۆ خوای گەورە.

١٠٢- سوورەتی (تەکاثور)ـە.

مەککەییەو (٨) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی سەر گەرمیی و سەرقاڵبوونی ئادەمیی دەکات بە هۆکانی خۆشویستنی دونیاوە، وە بە شانازی کردن بە ماڵ و منالی زۆرەوە، دیارە ئەوە هۆیەکی خراپە، مرۆڤ لە خواناسین لا دەدا، هەر بۆیەش چەند جارێک هۆشیارییان دەداتێ و ئاگاداریان دەکاتەوە کە واز لەو خووە ناپەسەندو ناجوامێرانە بێنن، دواییش باسی ئەو حاڵەتە سەخت و ناڕەحەتە دەکات کە لە قیامەتدا ڕوو بە روویان دەبێتەوە.

دنیا ویستی، قیامەت لە بیر دەبا:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * ١ أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ﴾ خەڵکینە خۆ هەڵکێشانتان بە زۆریی سامان و منال، بێ ئاگای کردوون، پێغەمبەر S دەفەرموێ: ((يقولُ العَبْدُ: مالِي، مالِي، إنَّما له مِن مالِهِ ثَلاثٌ: ما أكَلَ فأفْنَى، أوْ لَبِسَ فأبْلَى، أوْ أعْطَى فاقْتَنَى، وما سِوَى ذلكَ فَهو ذاهِبٌ، وتارِكُهُ لِلنَّاسِ)) صحيح مسلم، كتاب الزهد والرقائق، حديث: ٥٣٧٠. واتە: هەمیشە بەندە دەڵێت: ماڵەکەم، ماڵەکەم، کەچی ماڵی ئەو تەنها سێ جۆرە: ئەوەی خواردوویەتیی و تیاچووە، یان ئەوەی لەبەری کردووەو کۆنی کردووەو نەماوە، یان ئەوەی بەخشیویەتی و تێپەڕیوە، ئیتر بێ لەوە هەموو دەڕواو بە جێی دێڵێ بۆ خەڵک. ﴿٢ حَتَّىٰ زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ﴾ تا ئەو کاتەی دەمرن و دەنێژرێن لە گۆڕستانەکاندا، بیرکردنەوە لە (گۆڕ) دڵانی خەوتوو وە خەبەر دێنێ، ڕۆژی ئەولا وە بیر دێنێ، دونیا کەم دەنرخێنێ، بۆیە پێغەمبەر S فەرمووی: ((..ألاَ وَإِنِّي كُنْتُ نَهَيْتُكُم عَنْ زِيارَةِ القُبورِ فزُورُوهاَ فإنَّها تُزهِّدُ في الدُّنيا وتُرغِّبُ في الآخرةِ)). (صحيح ابن حبان، كتاب الرقائق، باب الأدعية، ذكر ما يستحب للمرء أن يترك الاستغفار لقرابته المشركين أصلا، حديث: ٩٨٥، وقال الأرنأووط: إسناده ضعيف، وضعفه أيضاً الألباني في ضعيف الجامع ٤٢٧٩). واتە: من کاتی خۆی لە سەردانی گۆڕستان ڕێگریم کردن، بەڵام ئێستا بچن بۆ سەردانی گۆڕستان، چونکە واتان لێدەکات دووربن لە دونیاو دونیاشتان لا کەم نرخ دەکا، وە ئەو ڕۆژەکەشتان وە بیـر دێنێ. ﴿٣ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ وا نابێ ئێوە دەتانەوێ، لە مەولا چاک دەزانن و تێ دەگەن کە ئێوە بە هەڵەدا چوون و چیتان بەسەر دێ ﴿٤ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ دیسان وانابێ ئێوە دەتانەوێ، لە ئاییندەدا چاک دەزانن و تێ دەگەن، پاشە ڕۆژتان چۆن دەبێ ﴿٥ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ﴾ نا.. ئەگەر دەتان زانی بەزانینی یەقین، وازتان لە خۆ هەڵکێشان بە زۆری ماڵ و منال دەهێنا.

دۆزەخ دەبینن و، لە خۆشیەکانی دنیا بەرپرسیارن:

﴿٦ لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ﴾ سوێند بە خوا بە چاوی خۆتان دۆزەخ دەبینن ﴿٧ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ﴾ دیسانەوە بێگومان بە چاوی یەقین دۆزەخ دەبینن ﴿٨ ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ﴾ پاشان باوەڕتان هەبێت لەو ڕۆژەدا پرسیاری هەموو بەهرەیەکتان لێدەکرێ: تەندروستیی، ماڵ و سامان، خێڵ و هۆز، هەر بەهرەیەکی تر کە خوا پێی دابن، چۆنتان دەست

کەوتووە؟ لە ڕێی شەرعەوە، یا لە ڕێگاکانی ترەوە؟ وە چۆنتان بەخت کرد..؟ پێشەوا (موسلیم) لە (ئەبو هورەیرە)وە دەڵێ: ڕۆژێ یا شەوێ پێغەمبەر S لە ماڵ دەرچووو، دیتی وا (ئەبوبەکر)و (عومەریش) هاتوونەتە دەرێ! فەرمووی: ((ما أَخْرَجَكُما مِن بُيُوتِكُما هذِهِ السَّاعَةَ.؟)) چ شتێ ئێوەی لەم ناوەختەدا لە ماڵ وە دەرناوە؟! وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا برسێتیی، فەرمووی: ((وَأَنَا، وَالَذِي نَفْسِي بيَدِهِ، لأَخْرَجَنِي الذي أَخْرَجَكُمَا)) صحيح مسلم، كتاب الأشربة، باب جواز استتباعه غيره إلى دار من يثق برضاه بذلك، حديث: ٣٨٩٢. واتە: منیش سوێندم بەو زاتەی کە گیانی منی بەدەستە، هەر ئەو شتە وەدەری ناوم، کە ئێوەی وەدەرناوە!.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (تەکاثر).

١٠٣- سوورەتی (عەصر)ـە.

مەککەییەو (٣) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم کورتە سوورەتە، بە پەلە باسی هۆکانی بەختیاریی و سەرفرازیی ئادەمزاد دەکات، هاوڕێ لەگەڵ هۆکانی سەرکەوتنیی و بەختەوەرییدا، سوێند دەخوات بەوکاتەی کە تەمەنی مرۆڤ تێیدا تەواو دەبێ و، لاپەڕەی ژیانی تێیدا دەپێچرێتەوە، وە بەو هەموو شتانە بە درێژی ڕۆژگار تێیدا ڕوو دەدەن، کە هەر هەمووی پەندوو ئامۆژگارییە بۆ ئەوانەی وا بە ورد بیر دەکەنەوە، سوێند دەخوات بە (عەصر) کە هەموو ئادەمیی لە ناو زەرەرو زیاندایە، مەگەر کەسێک ئەم چوار پەسن و سیفەتانەی تێدا بێت: بڕوای کامڵ، ئاکاری باش و چاک، باسکردنی هەق و ڕاستیی بۆ یەکتر، بە ئارامبوون و خۆ ڕاگرتن. بەڕاستیی ئەم سوورەتە بناغەی ئایین و هەموو سەرکەوتنێکە، بۆیە پێشەوا (شافیعیی) (خوا لێیخۆش بێت) دەڵێ: ئەگەر خوا تەنها ئەم سوورەتەی ناردبا بۆ بەرنامەی ژیانی ئادەمیزاد بەس دەبوو. ئیمامی (تەبەریی)ش لە (عوبەیدوڵڵای کوڕی حەفس)ـەوە دەڵێ: هەرکە دووکەسی هاوەڵان بە یەکتر گەیشتبان، تا سوورەتی (عەسر)یان بۆ یەکتر نەخوێندبا، لێک جیا نەدەبوونەوە. پێشەوا (شافیعیی) دەڵێ: ئەگەر خەڵک بە وردیی لەم سوورەتە تێفکرابان بە درێژایی ڕۆژگار بەسیان دەبوو.

مرۆ (بێ لەم چوار پەسنە) گش زیانبارە:

ئەم سوورەتە لەبەر ئەوە کە لە مەککەدا دابەزیوە، زۆر پێ لەسەر ئیمان و پەسنەکانی ئیمان دادەگرێت، بۆیە خوای دلۆڤان دەفەرموێ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ وَٱلۡعَصۡرِ﴾ سوێند بە کات و رۆژگار کە چەندە گرنگ و بە نرخە، هەر لەبەر ئەمەیشە خوای گەورە سوێندی پێ دەخوات، چونکە (کات) بۆ مرۆڤە زیرەک و وریاکان مایەی بەختیاریی و سەرفرازییان بووە، هەوڵیان تیا داوە بۆ ئازادیی و، سەربەستیی خۆیان، هیچ پشوویان تیا نەداوە.. بەڵام بۆ گەلانی تەمەڵ و نەزان بۆتە مایەی ژێر دەستەیی و بەدبەختیان، ئای چۆن چەندان ساڵ دێت و دەڕوات، گەلانی ژێردەستە هەر دەناڵێنن؟ دەسا بۆ ڕاست نابنەوەو، لە «عەصر» سود وەرگرن، وەک پەیامبەر S ڕاپەڕیی و، سوودی لێوەرگرت و دەرەنجام گەلەکەی خستە سەر فرازییەوە ﴿٢ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ﴾ کە بەڕاستیی هەرچی ئادەمیزاد هەیە بە تایبەت ئەوانەیان کە تەکلیفیان لەسەرە لە زیانێکی گەورەدایە ﴿٣ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ جگە ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کارە چاکەکانیان کردووە، واتە: هەرچی خێرو چاکە بۆ دین و وڵاتیان هەوڵی بۆ دەدەن و دەیکەن ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ﴾ وە وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بە هەق، کە هەمیشە پابەندی هەق بن و ماخۆلانی ڕاستی بن ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ﴾ وە وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بە صەبرو خۆڕاگریی لەسەر هەق و ئایینی خوا، واتە: مرۆڤی موسڵمان دەبێ هیچ کات ماندوو نەبێ و، نەپسێ بەرامبەر بە ئەرکەکانی سەرشانی.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (عەسر).

١٠٤- سوورەتی (هومەزە)یە.

مەککەییەو (٩) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی ئەوکەسانە دەکات کە هەردەم ناوی خەڵک بە خراپە دەبەن و، توانج و تەشەریان لێدەدەن و، هەوڵ دەدەن خراپیان بکەن و گاڵتەوگەپیان پێدەکەن، هەر وەک هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی ماڵ و سامان کۆ دەکەنەوەو خەریکی ژماردنییە و، وا دەزانن کە ماڵەکەیان هەرگیز ناهێڵێ بمرن..! کۆتاییشی بە باسێکی کورتی پاشە رۆژو جێگای بەدبەختەکان دێت، کە بە ئێجگاری دەڕۆنە ناو دۆزەخەوە ئاگرێکی تێکشکێنەر هروژم دەباتە سەر دڵیان.

هاوار بۆ مرۆی تەشەر دەرو حوسپکەرو فرەکەری ماڵی دنیا:

خەڵکانێ هەبوون بێ حیساب و ئەژمار لە رێی ناهەقەوە ماڵ و سامانیان کۆ دەکردەوەو، ئەم و ئەویان بە کەم سەیر دەکردو، توانج و تەشەر پیشەیان بوو، جا بۆ ترساندن و سەر زەنشتی ئەوانە خوا فەرمووی: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ﴾ سزای سەخت بۆ هەموو توانج گرێکی عەیبگر، واتە: ئەوکەسە ناوی خەڵک بە خراپە دەباو بە شوێن کەم و کوڕیی و نەنگدا دەگەڕێ ﴿٢ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ﴾ ئەو کەسەی کە ماڵێکی زۆری کۆ کردەوەو هەر خەریکی

ژماردنی بوو، ئیتر بێ لێکدانەوەی حەڵاڵ و حەرام. واتە: ئەوانە کە ناوی مەردوم دەبەن ئەو دەوڵەمەندانەن بە هۆی سامانەکانیانەوە خۆ بە گەورە دەگرن و بەسووک سەیری خەڵکی دەکەن ﴿٣يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ﴾ وا خەریکە بە دنیاوە! پێی وایە کە ماڵ و سامانەکەی بە ئێجگاری لە دنیادا دەیهێڵێتەوەو هەرگیز نامرێ، بۆیە ڕەفتاری وا دەکات ﴿٤ كَلَّاۖ﴾ با وا نەزانێت ﴿لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ﴾ سوێند بەخوا بە سووکیی و ڕیسوایی فڕێ دەدرێتە ناو تێکشکێنەرە (حوتەمە)وە ﴿٥وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ﴾ جا تۆ چوزانیت ئەو تێشکێنەرەیە چیە، ئەگەر خوا بۆت باس نەکات ﴿٦نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ﴾ ئاگرێکی هەڵکراوی بڵێسەداری خوایە، واتە: بە فەرمانی ئەوەو فریشتەی ئەوی لەسەرە ﴿٧ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ﴾ ئەو ئاگرێکی وایە ڕوو دەکاتە بنۆکەی دڵەکان و، پەڕەی دڵەکان دەسووتێنێ کە سەرچاوەی کوفر بوون ﴿٨إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ﴾ بەڕاستی ئەو (ئاگرە) دەورەی داون و لەسەریان داخراوەو داپۆشیون، نە هەوای تێدەچێ و، نە هەوای لێدەڕواتە دەرەوە ﴿٩ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ﴾ ئەوان بەسراونەوە لە ناو چەند کۆڵەکەیەکی درێژ کراوەدا. واتە: دژبانیی و کۆنترۆڵیان لێبەستراوەو بە هیچ شێوەیەک ڕێگای دەرچوونیان نیەو هەرگیز قوتار نابن.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (هومەزە).

١٠٥- سوورەتی (فیل)ـە

مەککەییەو (٥) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی داستانی خاوەن فیلەکان (أصحاب الفيل) دەکات، ئەو کاتە کە هاتن بۆ وێرانکردنی (کعبة الله)، بەڵام خوای گەورە دای بە پۆزەیانداو، پاشەو پاش سەری خەجاڵەتی پێداخستن و، بە لاوازترین لەشکری خۆی (واتە: بە کۆمەڵێ باڵندە) تەفرو تونای کردن و، ماڵەکەی خۆی پاراست، کە بەراستیی ئەمەیش تا دونیا دونیا بێت بە چیرۆک و داستان باس دەکرێت.

سەرگوزشتەی فیل سوارەکان:

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١ أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ﴾ ئایا ئەو دەنگ و باسەت پێ نەگەیی و، نەتدی کە خوای پەروەردگاری تۆ بە خاوەن فیلەکان چی کرد.؟ ئەوانەی هاتن بۆ وێرانکردنی کابەی شەریف ﴿٢ أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ فِي تَضۡلِيلٖ﴾ ئەرێ مەگەر سەری لێ نەشێواندن و فرت و فێڵەکەیانی پوچەڵ نەکردەوە.؟! ﴿٣وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ﴾ کۆمەڵێکی زۆرو پۆل پۆل باڵندەی نەناردە سەریان؟ ﴿٤ تَرۡمِيهِم بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ﴾ تا بە بەردی

گڵمتی ڕەق، بەردە بارانیان بکەن ﴿فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ﴾ دەرەنجام وەک کای خوراوی لێکردن و ڕیزە بەڕیزە بوون و چوونە زبڵگای مێژووەوەو بوونە وانەو چیرۆک بۆ هەر کەسێک بیەوێ شەڕە شۆخ لەگەڵ ئیسلامدا بکا، کە دەرەنجام هەر سەری خۆیشی پان دەبێتەوە، وەک سوپاکەی (ئەبرەهە). **تێبینی:** پێغەمبەر S هەر لەو ساڵەدا (عام الفيل) لە دایکبوو، وەک ئین عەباس دەفەرموێ: ((وُلِدَ النَّبـيُّ S عامَ الفيلِ)) . المستدرك على الصحيحين للحاكم، كتاب تواريخ المتقدمين من الأنبياء والمرسلين، ذكر أخبار سيد المرسلين وخاتم النبيين، حديث: ٤١٢٠، وقال: هذا حديث صحيح على شرط الشيخين. وقال الذهبي: على شرط مسلم.

شیاوی باسە ئەو ڕووداوە لە مانگی (موحەرەم)دا، پێش لە دایکبوونی پێغەمبەر S بە پەنجا ساڵ و پێنج ڕۆژێ، بەرامبەر بە مارسی (٥٧١) زایینی ڕوویدا، هۆی ڕوودانی ئەو ڕووداوەش - وەک ئین هیشام دەڵێ- ئەبرەهەی جێگری گشتیی (نەجاشیی) لە وڵاتی (یەمەن) دیتی عەرەبەکان ئا بەو جۆرە دەڕۆنە (کەعبە)، ئەویش لە (سەنعا)دا کەنیشتەیەکی گەورەی کردەوە، بەو مەبەستە کە عەرەبان لەوێوە وەرگێڕێتەوە بۆلای کەنیشتەکەی خۆی، ئەوجا پیاوێک ئەوەی بیست و لە ڕقان چوو و (....) ی تێکرد، ئەویش (ئەبرەهە) بۆ تۆڵەکردنەوە سوپایەکی (٦٠) هەزار کەسی ڕێکخست بۆ ڕوخاندنی (کەعبە)! کە نزیکەی (٩ تا ١٣) فیل سواریی تێدابوو، سەرەڕای فیلە گەورەکەی خۆی، جا کاتێ گەیشتە دۆڵی (مەحسەر- نێوان (موزدەلیفە)و (مونا)، فیلەکەی خۆی چۆکی داداو هەر چەندە هەوڵیدا نەڕۆیشت..!! جا لەو نێوانەدا خوای کار جوان ئەو پەلەوەرانەی ناردە سەریان و تەفروتونای کردن. ئەمە کورتەیەکی ئەو ڕووداوە بوو. (عەبدولموتتەلیب)یش پاش ئەوەی کە داواکەیان ڕەتکردەوە بۆ ئازادکردنی وشترەکانی، دەستی بەئەڵقەکەی کەعبەوە گرت و گوتی:

يَا رَبِّ لاَ أَرْجُو لَهُمْ سِواكَا   يا رَبِّ فامَنَعْ مِنْهُمْ حِماكَا

إنّ عَدُوَّ البَيْـتِ مَـنْ عادَاكَا   إنّــهُمْ لَـنْ يَقْهَـرُوا قِـواكَا

لاَهُـــمَّ إنّ الـــعَبْـدَ يَمْـ   نَـعُ رَحْلَهُ * فامْنَعْ رِحَالَك

لاَ يَغْــلِبَـــنَّ صَـلِيبُهُـمْ   وَمِحَــالــهُمْ غَدْواً مِحاَلَك

إنْ يَــدْخُلُوا البَلَـدَ الحَراَ   مَ فـــأْمُـــرْ مـــاَبَـداَ لَك

واتە: ئەی خودا بێ لەتۆ بۆ لەناوبردنی ئەوان لە کەس داوا ناکەم، خوایە ڕێگری بکە لەوان بۆ پاراستنی ئەو شوێنەی کە دەبێ پارێزراو بێت، بەڕاستی دوژمنی کابە ئەو کەسەیە کە دوژمنایەتی تۆی کردووە، خوایە ئەوانە زاڵ نابن بەسەر تواناو دەسەڵاتی تۆدا، خودایە هەموو کەس چواردەورو پێداویستیەکانی خۆی دەپارێزێ، تۆش بیپارێزە، خودایە خاچ و توانایی ئەوان سەرناکەوێ بەسەر توانایی تۆدا، گەر ئەوان چوونە ناو کابەی پیرۆزیشەوە، ئەوکات تۆ بەچی فەرمان دەدەی بیدە.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (فیل).

١٠٦- سوورەتی (قورەیش)ـە.

مەککەییەو (٤) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە هەندێ لە نیعمەت و بەهرەکانی خوا یادی قورەیش دەخاتەوە، ئەوە بوو زۆر بە ئاسوودەیی و، بێ ترس لە هیچ کەسێک، هاتوچۆی زستانەو هاوینەیان دەکرد بۆ بازرگانی، هات و چۆی (یەمەن)و (شام)یان دەکرد لەو پەڕی خۆشیی و ئارامییدا، وە هیچ کەسێک نەبوو دەست بێنێتە ڕێگەیان.

قورەیش هەقە خاوەنی کابە بپەرستن:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ * ١ لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ﴾ لەبەر هۆگریی و یەکگرتنی قورەیش ﴿٢ إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ﴾ هۆگریان بە هاتووچۆی زستانەو هاوینەوە (زستان بۆ یەمەن و، هاوینیش بۆ شام) ﴿٣ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ﴾ جا لەبەر ئەو بەهرە گەورەیەی خوایە بەسەریانەوە، دەبا هەر خاوەنی ئەم خانەیە (كعبة الله) بپەرستن و هەموو هەر بۆ ئەو سەر دانوێنن، چونکە لە ژێر سێبەری ئەمن و ئاساییشی کابەدا ئەوان ئەو هات و چۆیە ئەنجام دەدەن، وەک خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ ٩١/٢٧.

﴿٤ الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ﴾ ئەو خوایەی بەو هۆیەوە قوتاری کردن لە برسێتیی و هێوریشی کردنەوە لە ترس، واتە: ترسیان لە هیچ دزو درۆزنێک نەما بێتە ڕێگەیان و ڕێیان پێ بگرێ، ئەویش بەهۆی حورمەت و ڕێزی کابەوە بوو، کە لە باوو باپیرانیانەوە بۆیان مابووەوە ڕێزنان لە کابە، جا ئایا لە بەرامبەر هەر بەهرەیەکی خواییەوە سوپاسێک پێویست ناکات..؟ ئای ئادەمیی چەند سپڵەیت..؟!

کۆتایی سوورەتی (قورەیش).

١٠٧- سوورەتی (ماعون)ـە.

مەککەییەو (٧) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە بە کورتیی باس لە دوو دەستەو تاقم دەکات: یەکەم: بێباوەڕێکی دڵڕەقی سپڵەو نکووڵیکەری ڕۆژی دوایی و بەرێ. دووەم: دووڕوویەکی ڕیا بازو ڕووپامایيکار لە کاروکردەوەکانیا. یەکەمیان: بە پیشە سووکایەتی بە هەتیوان دەکەن و پیایاندا هەڵ دەشاخێن و، پێی بڵێیت چاکە ناکەن و هەوڵیشی بۆ نادەن، وەک (عاصی کوڕی وائیل)و هەرکەسێکی تر وەک ئەو. دووەمیان: ئەو دوو ڕازییانەن کە نوێژەکانیان تەنها بۆ ڕوو پامایی دەکەن، بۆیە زۆر بە سووک

گرتوویانەو زۆر کەم ڕێک بکەوێت کە لە کاتی خۆیدا بیانکەن، وە یان لە کاتی کردنەکەیدا بێدارو هۆشیاربن، جا خوای گەورە لە هەردوو لایان هەڕەشە دەکات.

ئەو مرۆڤە ڕۆژی جەزای لا درۆیە!:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * ١ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ﴾ ئاخۆ دیتت ئەو کەسەی کە چۆن ڕۆژی جەزا بە درۆ دەخاتەوە، ئەزانی ئەو کەسە کێیەو صیفەتەکانی چیین.؟ ﴿٢ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ﴾ جا ئەو کەسە بێ بڕوایەکی وایە زۆر بە توندی پاڵ بە هەتیوەوە دەنێ و پیا هەڵدەشاخێ، لە باتی ئەوە دڵ نەوایی بکات ﴿٣ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ﴾ هەر وەک خۆیشی ئاوایە، دنەو هانی کەسیش نادات لەسەر بەخشین و خواردەمەنی دان بە هەژاران و بێ نەواو نەداران ﴿٤ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ﴾ ئینجا سزای سەخت بۆ نوێژ خوێنەکان ﴿٥ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾ ئەوانەی لە نوێژەکانیاندا غافڵ و بێ ئاگان، واتە: بە دڵ نوێژەکانیان ناکەن و لە ماناو مەبەستەکەی بیر ناکەنەوە، لە پێش چاو خەڵکەوە دەیکەن، بەڵام ئەر هەر خۆیانبن نایکەن، ناشزانن فەلسەفەی نوێژکردن چیە. ﴿٦ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ﴾ ئەوانەی لە نوێژەکانیاندا ڕووپامایی دەکەن، واتە: لەبەر ئەوە نوێژ دەکەن پێیان بڵێن نوێژ خوێنن! ئەڵبەت مەبەستێکی تریشیان هەیە، پێغەمبەر S دەفەرموێ: ((..تِلْكَ صَلَاةُ المُنَافِقِ، يَجْلِسُ يَرْقُبُ الشَّمْسَ حتَّى إذَا كَانَتْ بيْنَ قَرْنَيِ الشَّيْطَانِ، قَامَ فَنَقَرَهَا أَرْبَعًا، لا يَذْكُرُ اللَّهَ فِيهَا إلَّا قَلِيلاً)) صحيح مسلم، كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب استحباب التبكير بالعصر، حديث: ١٠٢١. واتە: ئەوە نوێژی مونافیقە، ئەوە نوێژی مونافقە، ئەوە نوێژی مونافقە! دەبینی هەمیشە کاڵ و کرچەو لە جێی خۆیدا نایکاو زۆر بە قورس و ناڕەحەتیی و ناچاریی ئەنجامی دەدات، دادەنیشێ و، چاوەنۆڕی خۆر دەکات، جا کە دیتی ئەوا لە نێوان دوو شاخەکانی شەیتانەوە خۆر دەرکەوت، هەڵدەسێ چوار دەنووک لە زەمین دەدات، زۆر بە کەمیش ئاگای لە خوایە!. ﴿٧ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ﴾ وە هەموو جۆرە یارمەتییەکیش لە خەڵکی دەگرنەوەو کۆتایی و دریغی دەکەن. بەڵێ.. مرۆڤ وا دروستکراوە کە بە تەنها خۆی ناتوانێ پێداویستییەکانی ژیانی خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە پێویستیی بە دراوسێ و ئەم و ئەو هەیە، ئەویش دەبێ داوای هەرچی لێکرد بە خواستن، بیداتێ و، دەستی لێ نەقوچێنێ، لە دەرزییەکەوە، هەتا پەرداخێک، تەورێک، پاچێک... هتد. مرۆڤی نوێژ خوێنی ڕاستەقینە ئاوایە، بەڵام مرۆی دوو ڕوو، ڕیا بازو دەست قووچاوو و بێ خزمەتە.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (ماعوون).

١٠٨- سوورەتی (کەوثەر)ـە.

مەککەییەو (٣) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی بەهرە گرنگەکانی خوا دەکات بۆ پەیامبەر ‏ﷺ، بە تایبەتی ئەو بەهرە گەورەیە کە لە دنیاو لە قیامەتدا پێیبەخشیوە، ئەی دەبێ چ بەهرەیەک لەوە گەورەتر بێت کە هەتا هەتایە ناوو شۆرەت و ئایینەکەی هەر دەمێنێ و ناکوژێتەوە..؟ ئەوان کە بە پێغەمبەریان دەگوت بێ کوڕو وەجاخ کوێرەو زوو ناوی دەکوژێتەوە، خۆیان بنەبڕ بوون و ناویان چوویە مەزبەلەی مێژووەوە، خۆیان و دین و ڕێبازیان پێچرایەوەو کۆتایی هات، بێگومانیشم هەر کەسێکی تر بیرو بۆچوونی وەک (ئەبوجەهل)و شوێنکەوتوانی ئەوبێ، وەک ئەوی لێدێ و سەری خۆی پان ئەبێتەوە. لە فەزڵ و گەورەیی سوورەتی (کەوسەر)دا (ئەنەس) دەڵێ: پێغەمبەر ‏ﷺ لە مزگەوتدا لە نێوانماندا بوو، کتوپڕ کەمێ خەوی لێکەوت، پاشان بەڕوویەکی خۆش و گەش و لێو بە زەردەخەنەوە سەری بەرزەوە کرد، جا ئێمەش وتمان: هۆی ئەو زەردەخەنەیەت چیبوو ئەی پێغەمبەر؟! فەرمووی: هەر ئێستا ئەم سوورەتەم بۆ هات و خوێندیەوەو فەرمووی: ﴿بسم الله الرحمن الرحيم. إنا أعطيناك الكوثر. فصل لربك وانحر. إن شانئك هوالأبتر﴾ پاشان فەرمووی: دەزانن (کەوسەر) چیە؟ کەوسەر: چۆم و تاڤگەو ڕووبارێکە لە بەهەشتدا، بەرەکەتێکی ئێجگار زۆری هەیە، حەوزو گۆلاوێکە پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم، کە لە قیامەتدا ئوممەتەکەم بێنە سەریی، وە بە ئەندازەی ئەستێرەکانی ئاسمان لێوان و پەرداخ و سوراحی تێدایە، هەندێ کەس لێی بێبەش دەبێ، منیش دەڵێم: ئەی پەروەردگاری من! خۆ ئەوانە لە ئوممەتی منن، خوا ئەفەرموێ: تۆ نازانی پاش تۆ ئەوانە چیان کرد؟! صحيح مسلم، كتاب الصلاة، باب حجة من قال: البسملة آية من أول كل سورة، حديث: ٦٣٥.

خوا گش خێرو بێرێکی ئەملاو ئەولای بەپێغەمبەر دا:

دوا بە دوای ئەو قسە ناخۆش و نالەبارانەی قوڕەیشە، خوای گەورە بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەر، ئەم سوورەتە کورتەیە بۆ دابەزاندو فەرمووی: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * ١ إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ﴾ بەڕاستیی ئێمە چاکەو خۆشیی و خێرێکی زۆر گەورەمان بە تۆ بەخشی کە مایەی سەر بەرزیی دنیاو قیامەتتە، یەکێ لەوانە ڕووبارێکی تایبەتە لە بەهەشتدا، وەک ئیمامی (بوخاریی) دەڵێ. ﴿٢ فَصَلِّ لِرَبِّكَ﴾ جا نوێژ بکە بۆ پەروەردگارت ﴿وَٱنْحَرْ﴾ وە لە سوپاسی ئەو هەموو چاکەدا، هەر بۆ ئەو قوربانی سەر ببڕە، واتە: وەک قورەیش مەبە، کە حەیوانیان هەم بۆ خواو، هەم بۆ بتەکان سەر دەبڕی، نەخێر، دەشێ تۆ تەنها بۆ خوای گەورە قوربانی بکەیت. وەک لە جێگایەکی تردا دەفەرموێ: ﴿قل إن صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين لاشريك له وبذلك أمرت وأنا أول المسلمين﴾ ١٦٢/٦+١٦٣. ئیبن عەباس دەڵێ: ﴿وانحر﴾ بە واتای قوربانی کردنە، هەندێکیش دەڵێن: مەبەست ئەوەیە کە لە کاتی نوێژدا دەستی ڕاستت لە بان دەستی چەپت دابنێی لە ژێر گەردنا. ئیمامی (تەبەریی)و (ئیبن کەسیر) دەڵێن: قسەی ئەو کەسە ڕاستە کە وتوویەتی مەبەست قوربانی کردنە، چونکە پێغەمبەر ‏ﷺ نوێژی جەژنی دەکردو، پاشان قوربانیەکەی خۆی سەر دەبڕیی و دەیفەرموو: ((مَن صَلَّى صَلَاتَنَا، ونَسَكَ نُسُكَنَا، فقَدْ أصَابَ النُّسُكَ، ومَن نَسَكَ قَبْلَ الصَّلَاةِ، فإنَّه قَبْلَ الصَّلَاةِ ولَا نُسُكَ لَهُ)) واتە: هەرکەس نوێژی ئێمەی کردو وەک ئێمەش قوربانی کرد، ئەوە بەندایەتی و سەربڕینەکەی تەواوە، وە هەرکەس پێش نوێژی جەژن قوربانییەکەی کرد ئەوە درووست نیە. صحيح البخاري، كتاب الجمعة، أبواب العيدين، باب الأكل يوم النحر، حديث: ٩٢٦، صحيح مسلم، كتاب الأضاحي، باب وقتها، حديث: ٣٧٢٠. باختلاف يسير.

ناحەزانی دین وەجاخ کوێرن:

﴿٣ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ﴾ بەڕاستیی هەر دژو ناحەزەکەت (عاسی کوڕی وائیل) کە بە تۆی دەگوت: وەجاق کوێرە، دوا بڕاوو بێ ناوو نیشانەو لە هەموو خێرێک بێ بەشە، نەک تۆ.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (کەوسەر).

١٠٩- سوورەتی (کافیرون)ـە.

مەککەییەو (٦) ئایەتە.

بەناوی خوای دەهندەو دلۆڤان

سوورەتی (کافیرون) باسی یەکخواپەرستیی و یەکلابوونەوەو یەخە هەڵتەکاندن لە گش کوفرو (شیرک)ێک دەکات، بێ بڕوایان «ئەوەندە نەزان و کەم ئاوەز بوون» لە پەیامبەریان ﷺ داوا کرد کە ئەو ساڵێک خواکانی ئەمان بپەرستێ و، ئەوانیش ساڵێک خواکەی ئەم! ئینجا بۆ ڕەتی ئەوانەو دەمکوتییان ئەم سوورەتە زۆر گرنگە هاتە خوارەوەو، بە هەموو شێوەیەک لەوە بێ هیواو مەیووسی کردن و، لەمپەرو بەر بەستێکی لە نێوان هەردوو لادا داناو پێی گوتن: کە هیچ کاتێک نە ئێستا، نە ئایندە بە تەمای شتی وا مەبن.

بەڕائەت لە شیرك:

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ ئەی موحەممەد! ﷺ بڵێ: ئەی هۆزی کافرو بێ باوەڕان! دارو بەرد پەرستان! خوا نەناسان! ﴿٢ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ﴾ ئەوەی ئێوە دەیپەرستن من ناپەرستم، من چی لە دارو بەرد بکەم؟ ﴿٣ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ﴾ وە ئەوەش من دەیپەرستم ئێوە ناپەرستن، چونکە من خوایەکی هەق و ڕاست دەپەرستم، ئێوەیش دارو بەردو ئەندێشە، دیارە ئەم دوانەش فەرق و جیاوازییان زۆر زۆرە ﴿٤ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ﴾ وە منیش پەرەسندەی ئەوە نیم کە ئێوە پەرستووتانەو دەیپەرستن ﴿٥ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ﴾ ئێوەیش پەرەسندەی ئەو زاتە نین کە من دەیپەرستم. بەکورتی: لە هیچ کاتێکدا ئێوە بەتەمای ئەوە مەبن کە من بت و خواکانتان بپەرستم، ئەگەرچی ئێوەش حەقتانە خواکەی من بپەرستن، چونکە خواکەی من هەقەو ڕاستە، بەڵام خواکانی ئێوە ناهەقەو ناڕاست ﴿٦ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ﴾ جا کەوابوو دین و ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و، منیش دین و ئایینی خۆم بۆ خۆم. بەڵێ دەبێ هەموو کات موشریکان و بێ بڕوایان لەوە نائومێدو بێ هیوا بکرێن کە تەنها بۆ ساتێکیش بێت، موسڵمانان خواکانی ئەوان ناپەرستن، وە دەبێ هەمیشە بەر بەستێکی پۆڵایین لە نێوان پەرچەمی (لا إله إلا الله)و، پەرچەمی کوفرو بێ بڕواییدا هەبێت، کە ئیتر بەهیچ شێوەیەک کاروباری ئوسرەی (لا إله إلا الله) تێکەڵی بڕیارو عادەت و باوو خووی ئەو نەبێت. هەندێ دەڵێن: ئەم ئایەتە بە ئایەتی:

سەیف، واتە: ﴿فاقتلوا المشركين كافة﴾ نەسخ بۆتەوە، هەندێ دیکەش دەڵێن: سوورەتەکە هەمووی نەسخە، تاقمێ تر دەڵێن: هیچ بەشێکی لێ هەڵنەوەشاوەتەوە، لەوە دەچێ ئەمەیان ڕاست بێت. خوای گەورە خۆیشی باشتر دەزانێت. لە گەورەیی و مەزنیی ئەم سوورەتەدا هاتووە کە (ئیبن حیبان) دەڵێ: پیاوێ وتی ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ ئامۆژگارییەکم بکە، ئەویش فەرمووی: ((..اقْرَأْ: قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ، ثُمَّ نَمْ عَلَى خَاتِمَتِهَا، فَإِنَّهَا بَرَاءَةٌ مِنَ الشِّرْكِ)) واتە: لە کاتی خەودا سوورەتی: (کافیرون) بخوێنە، چونکە بەرائەت و ئینکاریی و ململانێیە لەگەڵ هەموو جۆرە شیرکێک. صحيح ابن حبان، كتاب الرقائق، باب قراءة القرآن، ذكر العلة التي من أجلها أمر بهذا الفعل، حديث: ٧٩٠، قال الأرنأووط: إسناده صحيح، وأخرجه الحاكم ٥٣٨/٢، من طرق عن زهير بن معاوية، به، وصححه الحاكم، ووافقه الذهبي. (ئیبن عەباس)یش دەڵێ: لە قورئاندا لەم سوورەتە سەختتر نیە بۆ شەیتان و شوێنکەوتووەکانی، چونکە دووپاتکردنەوەو چەسپاندنی بناغەی (تەوحید)ـە، لەولاشەوە (بەرائەت)و بێزارییە لە هەموو جۆرە شیرک و کوفرێک. پێغەمبەر ﷺ لە دوو ڕکاتی نوێژی (تەواف)ی ماڵی خوادا، ئەم سوورەتەو سوورەتی: ﴿قل هوالله أحد﴾ی دەخوێند. صحيح مسلم، كتاب الحج، باب حجة النبي، حديث: ٢٢١٢. هەروەک لە دوو ڕکاتەکەی نوێژی بەیانیشدا دەیخوێند. صحيح مسلم، كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب استحباب ركعتي سنة الفجر، حديث: ١٢٣٠.

کۆتایی سوورەتی (کافیرون).

١١٠- سوورەتی (نەصر)ـە.

مەدەنییەو (٣) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی ئازادکردنی شاری (مەککە) لە بت و بتپەرستیی دەکا، کە بەڕاستیی موسڵمانان بەو ئازاد کردنەیە سەریان گەیشتە لووتکەی سەر بڵندیی و، هەر بەوەش لە دوای ئەوە لە نیوە دوورگەی عەرەبییدا ئیسلام زۆر بە پەلە پەخشبوو، بۆ دوا جاریش شیرک و بێ بڕوایی، نینۆکی کراو بێ دەست و پێ کەوت، ئینجا خەڵکی لە هەموو لایەکەوە پۆلپۆل موسوڵمان بوون و پەرچەمی (لا إله إلا الله) سەد ئەوەندەی تر بەرز بوویەوە. (ئیبن عەباس) - وەک ئیمامی (موسلیم) هێناویەتی- دەڵێ: ئەمە تەنها سوورەتێکە کە هەمووی پێکەوە بە جارێ هاتبێ. وە لەبەر گەورەیی و مەزنیی فەزیڵەتی بە چواریەکی قورئان دانراوە، هەر وەک بە ئاخر سوورەتی قورئانی پیرۆزی دادەنێت. نەسایی: ٥٢٥/٦. ریوایەتی دەکات. هەر وەک بە هێمای کۆچی دوایی پێغەمبەریشی دانا ﷺ، وەکو ئیمامی بوخاریی لە: فتح الباری: ٦٠٦/٨ هێناویەتی.

لە لووتکەی دەسەڵاتدا تاریف و شوکری خوا بکە:

ئادەمزاد هەرکە کەمێ بەرەو سەرکەوتن چوو، بە پێی سروشت قابیلە چەواشە ببێ و، خۆی لێبگۆڕێ، جا بۆ ئەوە شتی وا ڕوو نەدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * ١ إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ﴾ هەرکە کۆمەکی خوا هات

و، دەرگای سەرکەوتن و زاڵبوون کرایەوە، واتە: مەککەت لە بت و بتپەرستیی ئازاد کردو زاڵبوویت بەسەر دوژمنانی دین و گەل و وڵاتدا ﴿[2] وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِى دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا﴾ و دیتت خەڵکی پۆل پۆل دێنە ناو دین و ئایینی خواوە، بە تایبەتی عەرەبەکان، پاش ئەو خۆگرتن و ململانێیە ﴿[3] فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ﴾ ئەوسا تۆیش زۆر بە دڵنیاییەوە پەروەردگاری خۆت بە پاک و بێخەوش راگرە، واتە: لەسەر ئەو نازو نیعمەت و بەهرە گەورەیە پێی بەخشیویت هەمیشە سوپاسی بکە ﴿وَٱسْتَغْفِرْهُ﴾ و لە بەرامبەر هەندێ حاڵەت و بارودۆخ، کە بەسەر خۆت و هاوەڵانتدا دێت، داوای لێبوردنی لێبکە، وەیان نەوەک بەهۆی ئازادکردنی شاری مەککەوە خۆبایی بوون سەر هەڵبدا، واتە: ئەگەرچی تۆ هەرگیز لە خۆبایی نابیت، چونکە تۆ پەروەردە کراوی دەستی خوایت، بەڵام با هاوەڵانیشت دەرس لە تۆوە وەرگرن. ﴿إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابًا﴾ بەڕاستیی ئەو خوایە زۆر تەوبە وەرگرو چاوپۆشیکارە، بەڵێ مرۆڤ دەبێ رووی پەشیمانی هەر بۆ دەرگای خوا بەرێ، بۆیە پەیامبەران پاش هیجرەت و جیهادێکی زۆرو بێ وچان، زیاتر سەری بەندایەتییان دا نواندووەو داوای لێبوردنیان لە خوا کردووە. ئەوەتە پێغەمبەر ﷺ لە سووژدەو ڕکووعی نوێژەکانیدا بەردەوام دەیگوت: ((..سُبْحَانَكَ اللّهُمَّ رَبَّنَا وبِحَمْدِكَ اللّهُمَّ اغْفِرْ لِي)) صحيح البخاري، كتاب الأذان، أبواب صفة الصلاة، باب الدعاء في الركوع، حديث: ٧٧٣. سا خوای بەخشندە بە بەزەیی و میهرەبانی خۆی لە ئێمەش خۆش ببێ و، کارە چاکەکانمان لێوەرگرێ و، قەڵەمی بەخشینیش بەسەر تاوانەکانماندا بێنێ.

کۆتایی سوورەتی (نەصر).

١١١- سوورەتی (مەسەد)ـە.

مەککەییەو (٥) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی دوژمنایەتیی و تیا چوونەکەی (ئەبولەهەب)ـی مامی پێغەمبەر ﷺ دەکات، ئەوەبوو زۆر بە قورسیی و سەختیی دوژمنایەتی پەیامبەری ﷺ دەکردو ماڵەو ماڵ بە دووی دەگەڕا، تا بەڵکو کارەکانی لێ تێک بداو، بە حیسابی خۆی بە درۆی بخاتەوە، مەبەستیشی لەوەدا هەر ئەوە بوو کە مەردوم موسڵمان نەبن، جا بەو بۆنەوە ئەم سورەتە هات تا ئەو رووداوە پڕ بە پڕ بگێڕێتەوە، وە وەک ئیمامی (بوخاریی) دەڵێ: ئەو سوورەتە بەڵێنی ئاگرێکی بڵێسە داروو هەڵگیرساوی شایستە بە (ئەبی لەهەب) دەدات، هاوڕێ لەگەڵ خێزانەکەیشیدا، بە شێوەیەک کە خەجاڵەت و ڕیسوایی لێوە دەردەکەوێ. وە هەروەها لە (ئیبن عەباس)ـەوە ڕیوایەت دەکات: کاتێ ئایەتی: ﴿وانذر عشيرتك الأقربين﴾ هاتە خوارێ، پێغەمبەر ﷺ چووە سەر گردۆڵکەی (سەفا)و بە دەنگێکی بەرز فەرمووی: ((..يا بَنِي فُلانٍ، يا بَنِي فُلانٍ، يا بَنِي فُلانٍ، يا بَنِي عبدِ مَنافٍ، يا بَنِي عبدِ المُطَّلِبِ..)) ئەگەر پێتان ڕا بگەیەنم و بڵێم لەسەر ئەو کێوەوە سوارێکی زۆرتان بۆ دێت، ئایا بڕوام پێ دەکەن؟ وتیان: تا ئێستا درۆمان لێ نەبیستوویت، ئەویش فەرمووی: ((..فإِنِّي نَذِيرٌ لَكُمْ بيْنَ يَدَيْ عَذابٍ شَدِيدٍ..)). ئەبو

لەهەبیش وتی: یاخوا بەخێر نەیێت و تیابچیت، هەر بۆ ئەمە کۆت کردوینەوە؟ پاشان بۆ مجرۆ بوونی ئەوو ژنەکەی ئەم سوورەتە هات. صحيح البخاري، كتاب تفسير القرآن، سورة البقرة، باب قوله: إن هو إلا نذير لكم بين يدي عذاب، حديث: ٤٥٢٧، صحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب في قوله تعالى: وأنذر عشيرتك الأقربين، حديث: ٣٣٣. باختلاف يسير.

کەللە ڕەقی ئەبوو لەهەب و جەزای خۆیی و هاوسەرەکەی:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * [١] تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ﴾ یاخوا هەر دوو دەستەکانی (أبولهب) بە بڕین چن و تیابچن ﴿وَتَبَّ﴾ خۆ تیاشچوو ﴿[٢] مَا أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ﴾ ماڵ و سامانیی و، ئەوەی کە کردی لە دوژمنایەتی کردنی پەیامبەر ، سوودی پێ نەدا ﴿[٣] سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ﴾ لەمەو پاش دەچێتە ناو ئاگرێکی بڵێسە دارەوەو دەسوتێ ﴿[٤] وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ﴾ هاوڕێ لەگەڵ هاوسەرەکەیشیدا، هەڵگری کۆڵەداری فیتنەو، تێکدانی نێوان پەیامبەرو مەردم، چونکە ئەویش ماڵەو ماڵ ئەگەڕاو، ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد کە نەچنە سەر قسەی موحەممەد، سەرەڕای ئەوەش کۆڵە چیلکەی دڕکاویی دەهێناو لەسەر ڕێی پەیامبەر دایدەنا، بۆ ئەوەی ئازار بچێژێ ﴿[٥] فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ﴾ لە گەردنیایەتی لە دۆزەخدا گوریسێکی چنراو لە پووشی خورما (پاش ئەوەی کە گەردنبەندی زێڕ لە گەردنیابوو).. بەڵێ، ئەوانەی وا ئەزیەت و ئازاری موسڵمانان دەدەن، وە پارەو پوڵ بەخت دەکەن لە پێناوی لاوازکردن و فەوتاندنیاندا، ئەوە بۆ خۆیان پەنجەی حەسرەت و پەشیمانی دەگەزن و پەشیمان دەبنەوەو خەجاڵەت و ڕیسواو زەلیل دەبن لە قیامەتدا، وە هەر دەبێ بە دواى (أبولهب)دا بنێردرێن.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (مەسەد).

١١٢- سوورەتی (ئیخلاص)ـە.

مەککەییەو (٤) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە باسی تەوحیدو هەندێ لە سیفەتە پیرۆزەکانی خوای کارزان دەکات، باسی تاک و تەنیایی و، جێگەی تاکە ئومێدو هیوای ڕازو نیازی گش خەڵکان دەکات، باسی بێ نیازیی و بێ ئاتاجیی و بێ هاوبەشیی و بێ هاوتایی خوا دەکات، ڕەتی ئەوانە دەداتەوە کە دەڵێن: خوا لە سێ (ئوقنوم) پێکهاتووە، دەمکوتی ئەوانە دەکات دەڵێن: فریشتەو جنییەکان منداڵی خوان!. هۆی هاتنی ئەم سوورەتە: وەک (ئوبەی کوڕی کەعب) دەڵێ: هاوبەشدانەرەکان بە پێغەمبەریان گوت: ڕشتەو نەسەبی خوامان بۆ باس بکە! جا خوای بە دەسەڵات لە وەڵامدا ئەم سوورەتی: ﴿قل هو الله أحد..﴾ی نارد. (المستدرك على الصحيحين للحاكم، كتاب التفسير، قد ذكرت فضائل هذه السورة في فضائل القرآن، حديث: ٣٩٢١، وقال: هذا حديث

صحيح الإسناد، و وافقه الذهبي). وه له فه‌زڵ و گه‌وره‌یی ئه‌م سووره‌ته‌دا: ئیمامی (بوخاریی) له (ئه‌بو سه‌عید)ـه‌وه ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمووی: ((أَيَعجِزُ أحَدُكم أنْ يقرَأَ ثُلُثَ القُرآنِ في ليلةٍ؟)). ئایا ئێوه ناتوانن له ته‌نها شه‌وێكدا سێیه‌كی قورئان بخوێنن؟ هاوه‌ڵان ئه‌وه‌یان لا گران و قوورس بوو، بۆیه ئینكاری ئه‌وه‌یان كردو وتیان: جا كێ ده‌توانێ كاری وا بكات؟ پێغه‌مبه‌ریش ﷺ فه‌رموی: ((اللهُ الواحِدُ الصَّمَدُ، ثُلُثُ القُرْآنِ)). واته: سووره‌تی (صه‌مه‌د - ئیخلاص) سێیه‌كی قورئانه. صحيح البخاري، كتاب فضائل القرآن، باب فضل قل هو الله أحد، حديث: ٤٧٣٠.

ئاوا خوا بناسه!:

ئه‌و ده‌مه بتپه‌رسته‌كان داوای نه‌سه‌بی خوایان له پێغه‌مبه‌ر ﷺ كرد، خوای گه‌وره بۆ ئه‌و وه‌ڵامه، كورت و پوخت وه‌ڵامی دانه‌وه‌و فه‌رمووی: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ١﴾ ئه‌ی موحه‌مه‌ده‌د! ﷺ بڵێ: ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی كه من ده‌یپه‌رستم، تاك و ته‌نیایه‌و، هاوه‌ڵ و هاوبه‌شی نیه ﴿اللَّهُ الصَّمَدُ ٢﴾ ئه‌و خوایه كه ناوی (الله)یه، جێگای هیواو ئومێده‌و، بێ نیازیشه، هیچ كه‌سێكیش - بێ له‌و- شیاوی ئه‌وه نییه گیروگرفته‌كان ببرێنه لای بۆ چاره‌سه‌ر، هه‌ر ئه‌و زاته گه‌وره‌یه‌شه، كه ده‌بێ هه‌ر بۆلای ئه‌و بگه‌ڕێینه‌وه ﴿لَمْ يَلِدْ ٣﴾ كه‌سی لێ نه‌بووه‌و، هیچ ڕۆڵه‌یه‌كی نیه – وه‌ك جوله‌كه‌و گاورو بتپه‌رسته‌كان ده‌ڵێن -، چونكه خوا زۆر بڵوندو پاك و بێخه‌وش و دووره له‌و جۆره بیرو بۆچوونانه ﴿وَلَمْ يُولَدْ﴾ و له كه‌سیش نه‌بووه‌و بێ دایك و بابه، چونكه هه‌موو شتێكی له داییك بوو تازه‌و نوێیه‌و، سه‌ره‌تایه‌كی هه‌یه، خۆ خوایش بێ سه‌ره‌تاو (ئه‌زه‌ل)ییه ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ٤﴾ و هه‌رگیز هیچ كه‌سێك هاوشێوه‌و هاوتای نیه‌و، كه‌سێ ناتوانێ به‌ر هه‌ڵستی بكات. به‌ڵێ زۆر كه‌س له دۆزینه‌وه‌و دیارییكردنی خاوه‌نی ئه‌م بوونه‌وه‌ره‌دا به هه‌ڵه‌چوو و نه‌گه‌ڕایه‌وه بۆ هه‌ق، گومانیش له‌وه‌دا نیه كه ده‌بێ هه‌موو دروستكراوێك – گه‌وره‌و بچووك، وه‌كو ئه‌م بوونه‌وه‌ره - خاوه‌نێكی هه‌بێ، به‌ڵام ئایا كێیه‌و صیفه‌ته‌كانی چین و، ده‌بێ چۆن بێ؟ به‌ڵێ.. له دۆزینه‌وه‌ی ئه‌م ڕاستیه خه‌ڵكێك له كۆن و تازه‌وه لێیان تێكچووه‌و به هه‌ڵه‌چوون و، هه‌ر یه‌كه‌یان به شیوو دۆڵێكا ملیان ناوه، به‌ڵام ئه‌گه‌ر بیرێكی ورد له شێوه‌و شێوازی دروستبوونی ئه‌م بوونه‌وه‌ره:(عاسمان و زه‌مین و شیوو دۆڵ و كێوو چیاو به‌رزیی و نزمیی و شه‌وو ڕۆژو خۆرو هه‌یڤ و هه‌ساره‌كان و باوو بۆران و تۆفان و گه‌رده‌لوول و سه‌رماو گه‌رماو باران و به‌فرو ته‌رزه‌و ده‌ریاو زه‌ریاو هات و چۆی گه‌میه‌كان به‌ناویاندا- كێو ئاسایی- و ئافه‌راندنی مرۆڤ خۆی، ئه‌مانه‌و صه‌د ئه‌وه‌نده‌ی تریش له‌م بوونه‌وه‌ردا) زۆر به ئاسانی په‌نجه ده‌خرێته سه‌ر ڕاستییه‌كان و ڕاڤه‌ی ئه‌و هه‌قیقه‌ته ده‌كرێت، بۆیه ئێمه‌ش زۆر به‌دڵنیاییه‌وه ملكه‌چین و سه‌ری به‌ندایه‌تیمان بۆ دانواند. هه‌زار ره‌حمه‌ت له (حافیزی حه‌كه‌میی- ١٣٤٢ – ١٣٧٧ ه). كه له باره‌ی ئاقیده‌و بیروباوه‌ڕی موسڵمانانه‌وه سه‌باره‌ت به ناسینی زاتی عه‌لییه‌ی خوا، چه‌نده جوان ده‌ڵێت:

أوّلُ واَجِبٍ عـلـىَ العَـبِـيْـدِ
مَـعْـرِفَـةُ الـرّحْـمَـنِ بِـالـتَّوْحِيدِ
إذْ هُـوَ مِـنْ كُلِّ الأوامِرِ أعْـظَـمُ
وَهُـــوَ نَـوْعَـانِ أيـاً مَـــنْ يَـفْـهَـمُ
إثْـبَـاتُ ذَاَتِ الـرّبِ جَـلّ وعَــلاَ

أَسْـمَـائِـهِ الحُسْنَـىَ صِـفَـاتِـهِ الـعُـلَـىَ

وأنّهُ الــرَّبُ الجَـلِـيْـلُ الأَكْـبَـرُ

الـخَـالِـقُ الـبَـارِيءُ والــمُـصَـوِّرُ

بـاري الـبَـرَايَـا مُـنْـشِـيءِ الخَلاَئِـقِ

مُـبْـدِعُــهُـمْ بِـلاَ مِـثَـالٍ سَـابِـقِ

الأوَّلُ الــمُـبْـدِي بِـلاَ إبْـتِـداءِ

والآخِـرُ البَاقِــي بِــلاَ إنْــتِـهَـاءِ

الأَحَـدُ الـفَـرْدُ الـقَدِيْرُ الأزَلِي

الـصَّمَـدُ البَـرّ الـمُـهَـيْـمِنُ الـعـلـي

عُـلُـوَّ قَـهْـرِ وَعُـلُـوّالـشَـأْنِ

جَـلّ عَــنِ الأَضْــدادِ والأعْــوَانِ.

واتە: یەکەم کارێک واجب بێت لەسەر بەندە، زانینی یەکتاناسینی خودای ڕەحمانە، چوون زانینی ئەو لە هەموو کاروکردارێک گەورەترە، بۆ هەرکەس بیەوێ تێبگات ئەو ناسین و زانینە، دوو بەشە، سەلماندنی زاتی خوای پەروەردگار (جل جلاله)، وە هەروەها ناوە جوان و بەرزەکانی، وە ئەو خوایەکی بەرزو بڵندە، درووستکارو بەخشەری ژیان و بێ عەیب و عارە، وە نەخشەو نیگارکێشی درووستکراوەکانییەتی، درووستکەرو بەدیهێنەری سەرجەم درووستکراوەکانە، وە داهێنەری بێ وێنەیە، هەر ئەوە یەکەمی دەستپێکەر، کە هیچ شتێک یەکەمی نەبووە پێش ئەو، وە هەر ئەوە کۆتایی و ماوەوە و بێ کۆتا، خوای تاک و ئەزەلی و خاوەن توانای بێ وێنە، هەموو بوونەوەر موحتاجی ئەون، چاکەکار و، بەتواناو خاوەن شکۆیە، بەرزو بڵندە، زاڵ و بەدەسەڵاتە، بەرزو شکۆیە. دوورە لە هەموو هاو شێوەیی و هاو وێنەیی و هاوکارێک.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (ئیخلاس).

١١٣- سوورەتی (فەلەق)ـە.

مەککەییەو (٥) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەم سوورەتە بەندە ڕاستەکانی خوا فێر دەکات کە: هەموو کات خۆیان بدەنە دەستی خواو پەنا هەر بەو بەرن لە تەواوی شەڕو خراپەی خراپەکاران، بە تایبەتی لە زیانی تاریکە شەو کە پەردە بەسەر ڕووناکییەکاندا دەکێشێ، لە زیانی درۆزنان و دووڕووان، لە خراپەی جادو بازان و ساحیران، لە زیانی ئەوانەی کە چاویان هەر لە ماڵی مەردمە.

پەنا هەر بەخوایە لە گێچەڵی گێچەڵگێڕان:

مرۆ چەندە بە تواناو بەهێز بێت، هێمان هەر پێویستی بە پاڵپشتێکی وەک خوا هەیە، کە لە زیان و زەرەری گشت زیاندەرێ دڵنیای بکاو ئۆقرە بە گیانی بدات، بۆیە دەفەرموێ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * ١ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ﴾ ئەی موحەممەد! ﷺ بڵێ: پەنا دەبەمە بەر پەروەردگاری سپیایی بەرەبەیان، ئەو خوایەی کە پەردەی نەبوونی لەت کردوو بوونەوەری لێدەرهێنا ﴿٢ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ﴾ لە شەڕو خراپەی هەرچی کە دروستی کردووە، هەر شتێ خراپەی لێبووەشێتەوە ﴿٣ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ﴾ وە لە شەڕو خراپەو زیانی تاریکی شەو، کە دادێت و هەموو شتێک دادەپۆشێ بە ژێریشیەوەو تروسکایی لێ دەبڕێ و دەبێتە شەوە زەنگ ﴿٤ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ﴾ وە لە شەڕو خراپەو زیانی ئەو کەسانەی جادوو دەکەن و فوو دەکەن بە گرێکاندا، چاو بەستکردنی موسڵمانان و، فێڵ و تەڵەکە کردن لێیان، ئێجگار کارێکی دزێوو نا لەبارو بەدو خراپە، دەبێ هەمووکات پەنا بەخوا ببرێ و، هەوڵیش بدرێ تا خەڵکی زاڵ نەبن بە سەریاندا. جا بۆ پتر ئاگادار بوون لە (سیحر)و جادوو، بگەڕێوە بۆ سوورەتی: (بەقەرە) ئایەتی: ١٠٢. ﴿٥ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾ وە لە شەڕو خراپەو زیانی هەر حەسودێک کاتێ حەسوودیی و ئیرەیی دەباو، هەمیشەش هەر خەریکی زیان گەیاندنە بە موسڵمانان. بەڵێ پێغەمبەر ﷺ ناساغیەکی تووش بوو، لەو کاتەدا فریشتە (جبریل) هات و گوتی: (دەڵێی ناساغییت؟ فەرمووی: بەڵێ، جبریلیش ئەم دۆعایەی بە سەرا خوێندەوەو فەرمووی: ((..باسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ، مِن كُلِّ شيءٍ يُؤْذِيكَ، مِن شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ، أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ، اللَّهُ يَشْفِيكَ باسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ)). صحيح مسلم، كتاب السلام، باب الطب والمرض والرقى، حديث: ٤١٥٠. واتە: بەناوی خواوە نوشتەت بۆ دەخوێنم، لەهەموو شتێک کە ئازارت بدات، لەشەڕی هەموو دەرون نەخۆشێک، لە هەموو چاوێکی پیسیش، خوا شیفات بدات، بەناوی خواوە نوشتەو دوعات بۆ دەخوێنم. بەڵێ: مرۆڤ هەر چەندە دەسەڵاتدار بێت، ناتوانێ هەر کون و قوژبنێک زیانی پێ دەگەیەنێت، لە خۆی بگرێ، بۆیە دەبێ هەموو کات پەنا هەر پەنای خوای باڵادەست بێت.

کۆتایی تەفسیری سوورەتی (فەلەق)،

(والحمدلله رب العالمين).

١١٤- سوورەتی (ناس)ـە.

مەککەییەو (٦) ئایەتە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوورەتی (ناس) مرۆڤ فێری ئەوە دەکات کە هەموو کات هەر بەخوای گەورە پەنا بەرێ، لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ لە صیفاتیشی بۆ باس دەکاو دەڵێ: خوا (الله) پەروەردگاری هەموو خەڵکانە، پاشای تەواوی مرۆڤەکانە، تاکە (مەعبوود)و پەرستراوی بە هەقی بەندەکانە، مرۆڤ فێر دەکا کە پەنا بە خوا بگرێ لە زیانی (ئیبلیس)و مرۆڤە لادەرەکان و شاگردەکانیان، ئەوانەی کە هەردەم لە چەواشە کردن و فریودانی ئادەمزادان.

پەنا هەر هی خوایە لە دەس جنۆکەو مەردمی بەد فەڕ:

بەڵێ خوای باڵا دەس بڕێ لە پەسن و صیفاتی پیرۆزی خۆی لەم سوورەتەدا باس دەکا، بۆ ئەوە مرۆڤ باشتر پشتی پێ ببەستێ و، لە خراپەی ئینس و جنیی بەد کردار بپارێزێ و لێیان نەترسێت، بۆیە دەفەرموێ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

* [1] قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ ئەی موحەممەدا! S (ئەی موسڵمان!) بڵێ: پەنا دەبەمە بەر پەروەردگاری خەڵک ﴿[2] مَلِكِ ٱلنَّاسِ﴾ پاشای خەڵک ﴿[3] إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ﴾ پەرستراوی خەڵک، ئەم سێ سیفەتە پیرۆزەی خوایە: (رەب، مەلیک، ئیلاە) لە سەرەتای سوورەتی (فاتیحە)شەوە هاتووە: ﴿الحمد لله رب العالمين، الرحمن الرحيم، مالك يوم الدين﴾، یان ﴿مَلِكِ يوم الدين﴾، هەروەک لە سەرەتای سوورەتی (بەقەرە)شەوە دەفەرموێ: ﴿يا أيها الناس اعبدوا ربكم الذي خلقكم والذين من قبلكم لعلكم تتقون، الذى جعل لكم الأرض فراشا والسماء بناء وأنزل من السماء ماء فأخرج به من الثمرات رزقا لكم فلا تجعلوا لله أندادا﴾، جا کاتێ کە تۆ قاییل بوویت بە (ڕبووبییەت)ی خوای گەورە، ئیتر دەبێ هەر ئەویش بە (إلــه) بزانیی و بیپەرستیی، وەکو دەفەرموێ: ﴿فليعبدوا رب هذا البيت..﴾، جا (ربوبيەت)و پەروەردگاریەتیشی لە گەلێ سوورەتی تردا دووپاتکراوەتەوە، وەک دەفەرموێ: ﴿الحمدلله رب العالمين﴾ (٢/١). ﴿قل أغيرالله أبغي ربا وهو رب كل شئ﴾ (١٦٤/٦). ﴿قل من رب السموات والأرض قل الله﴾ (١٦/١٣). ﴿رب المشرق والمغرب لا إله إلا هو فاتخذه وكيلا﴾ (٩/٧٣). ﴿فليعبدوا رب هذا البيت..﴾، ﴿إنما أمرت أن أعبد رب هذه البلدة﴾ ٩١/٢٧. ﴿رب العرش الكريم﴾ ١١٦/٢٣). جا دوای باسی (ربوبيەت)ی خوا، باسی پاشایەتیی دێت و دەفەرموێ: ﴿ملك الناس﴾ تا مرۆ بزانێ کە ئەو خوایە، هەر وەک (رەب)ـە بۆ هەموو جیهانەکان، خاوەن و پاشایشیانە، کەوابوو زاتێکی زۆر گەورەو بە دەسەڵاتەو، شیاوی پشت پێبەستنە لە کاتی خۆشیی و ناخۆشییدا، وەک دەفەرموێ: ﴿..اعبدوا ربكم الذي خلقكم والذين من قبلكم لعلكم تتقون﴾ (٢١/٢)، پاشان دەبێ تەنها بە (ئولوهیەت)و حاکمیەتی ئەویشدا بنرێ و، هەر فەرمانی ئەویش بەڕێوە ببرێت، بۆیە دەفەرموێ: ﴿إله الناس﴾، یان دەفەرموێ: ﴿وما خلقت الجن والإنس إلا ليعبدون﴾ (٥٦/٥١). یان ﴿قل اللهم مالك الملك..﴾ ٢٣/٣). یان دەفەرموێ: ﴿له الملك وله الحمد﴾ (١/٦٤)، یان ﴿له ملك السموات والأرض..﴾ ١٠٧/٢. یان ﴿الملك القدوس﴾ (٢٣/٥٩)، ئەم هەموو ئایەتانەو دەیان ئایەتی دی، هەر هەموو داوا دەکەن و بە مرۆڤ دەڵێن کە: دەبێ تەنها خوا بپەرسترێ و، هەر لەویش گوێ رایەڵیی و بەر فەرمانی بکرێ، دەبێ لە ماناو مەبەستی ڕاستەقینەی (رەب، مەلیک، ئیلاە) وا تێبگەین. ﴿[4] مِن

﴿شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ﴾ له شەڕو خراپەو زیانی دەغدەغە دروستکەرو وەسوەسە کار ﴿ٱلۡخَنَّاسِ﴾ کە هەر ناوی خوا براو یادی کرا، ئەو خۆی پەنهان دەکات، زانایانی تەفسیر دەڵێن: شەیتان تەپ دەکوتێتە سەر دڵی مرۆڤ و دەیکا بە خانەو لانەی خۆی، هەتا یادو زیکری خوا نەکا بە جێی ناهێڵێ. پێغەمبەریش S دەفەرمویَ: هەموو مرۆیەک شەیتانێکی هاوڕێی هەیەو، لەگەڵیا هەڵدەسووڕێ و، هانی دەدا بۆ کاری خراپ، تەنانەتی منیش، بەڵام خوا منی زاڵکردووە بەسەر هاوڕێ شەیتانەکەمداو، ناتوانێ کاری خراپم پێبکات. موسلیم. ﴿ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ﴾ ئەوەی وەسوەسە دەخاتە ناو سینەو دڵی مەردمەوە ﴿مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ﴾ لە جنۆکەو لە ئادەمیی، (ئەوانەیان شەیتان ڕەفتارن) وەک دەفەرمویَ: ﴿وكذلك جعلنا لكل نبـي عدوا شياطين الإنس والجن يوحي بعضهم إلى بعض زخرف القول غرورا﴾، پێشەوا (ئەحمەد)یش ئەم فەرموودەیەی هێناوە: کە ئەبوو زەر دەڵێ: جارێک چومە مزگەوت، دەبینم پێغەمبەر S لەوێیە، پاشان دانیشتم و، فەرمووی: ((يَا أَبَا ذَرٍّ، هَلْ صَلَّيْتَ؟)) واتە: ئەبازەر! نوێژت کردووە؟ وتم: نا، فەرمووی: ((..قُمْ فَصَلِّ..)) واتە: هەر ئێستا هەستەو نوێژەکەت بکە، منیش نوێژم کردو پاشان فەرمووی: ((..تعَوَّذْ باللهِ مِن شَرِّ شَياطينِ الإنسِ والجِنِّ..)) لە شەڕی شەیاتینی ئادەمیی و جیننی پەنا بەرە بەر خوا، (ئەبوزەر) دەڵێ: گوتم: باشە! شەیاتینی ئادەمیش هەیە؟! فەرمووی هەیە. (مسند أحمد بن حنبل، مسند الأنصار، حديث أبي ذر الغفاري، حديث: ٢٠٩٨٨، قال الأرنأووط: إسناده ضعيف جداً لجهالة عبيد بن الخشخاش، ولضعف أبي عمر الدمشقي). بەڵێ.. ئەم سوورەتە فێری ئەوەمان دەکات کە هەموو کات پەنا بەرینە بەر خوای گەورە لە هەموو ئیش و کارەکاندا، وە خۆمان بپارێزین لەوانەی دەیانەوێ بە قسەی لووس و بێ ناوەڕۆک لە خشتەمان بەرن، بەتایبەت لە ئادەمیە شەیتان و شەیتانکارەکان، خۆ بێگومانە کە گەلێ کەس هەیە لە دێو (عیفریت)و جنۆکەکان، زۆر خراپترەو زیانی گەورە ترە، شەیتانیش بە شا ڕەگە خوێنبەرەکاندا دێت و دەچێ و، بەشی خۆیشی دەسەڵاتی دراوەتێ، بۆیە پێویستە مرۆڤ هەمیشە وریابێ و ئاگای لە خۆی بێ و شەیتان فریوی نەدات. سا خوایا بەمیهرەبانی خۆت مان پارێزە لە پیلانی جنۆکەو مرۆڤە دووڕوو و خراپەکارەکان و زمان لووسەکان مانپارێزەو لەسەر ئایینەکەی خۆت دامەزراوەمان بکەو هێزو پێزمان بۆ زیاد بکە، تا باشتر بتوانین خزمەتی ئیسلام و دینەکەت بکەین. پەیامبەر S هەموو شەوێ - کە دەچووە جێگای خەو بۆ نووستن- سێ جاران سوورەتی: ﴿قل هوالله﴾، ﴿قل أعوذ برب الفلق﴾، ﴿قل أعوذ برب الناس﴾ی دەخوێندو، فووی بە هەردوو دەستیا دەکردوو بە هەموو ئەندامەکانی لاشەیدا دەیهێنا، بە تایبەت دەم و چاوو سەرو هەر جێگایەکی دی کە دەستی پێیدەگەیشت. صحيح البخاري، كتاب الطب، باب النفث في الرقية، حديث: ٥٤٢٣.

تێبینی: لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤١٣)ی کۆچیی، بەرامبەر بە ساڵی (١٩٩٢) زایینی دەستم کرد بەنووسینی ئەم کورتە تەفسیرە، وە لە (٤)ی مانگی سەفەری ساڵی (١٤١٨)ی کۆچیی، بەرامبەر بە (١٩٩٧/٦/٩) زایینی لە هەڵەبجەی شەهید لە (ڕاگەیاندن)ی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستان/ عێراق، لێبوومەوە. بەڵام بەهۆی پیاچوونەوەو زیادکردن و گۆرانکاری لە تەفسیرەکەدا تا کۆتایی ساڵی(١٤٢٦) کۆچیی بەرامبەر بە (٢٠٠٥)ی زایینی هەروا مایەوەو پاشان ئامادەی چاپکردن کرا. داواکارم لە خوای بەبەزەیی و میهرەبان لێمان وەرگرێ و، قەڵەمی بەخشین بێنێت بە سەر هەڵەکانماندا.

تێبینی: سوپاس و منەتبەری خوای تاقانەم کە لە شەوی پێنجشەم، بەرواری ١٣ی جەمادی یەکەمی ١٤٤١ی کـــۆچیی بەرامـــبەر بە ٢٠٢٠/١/٩ ز، لە خوێنـــدنەوەو پیـــاچوونەوەی جـــاری شەشـــەم و لێکۆڵینەوەو ڕێکخستنەوەی سەرجەم فەرمووودەکان بە ژمارەی فەرمی و دانـانی (سـەرو بۆرو ژێـر) بۆیان و وەرگێڕانی سەرجەم فەرموودەو دەقە عەرەبییەکان بۆ زمانی کوردی، لێ بـوومەوە، تەنهـا ئەوەم داوایە خوا بیکاتە توێشووی قیامەتم. ئامین یا رب العالمین.

لە بەرواری ٢٥ / ٩ / ٢٠١٩ دەسـتم پێکـردو مـاوەی ٣ مانـگ زیـاترم پێچـوو بـۆ ئەم خوێنـدنەوەو لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانە.

عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود - سلێمانی.

www.ahmadkaka.org

والحمدلله أولا وآخرا.